# ئیدریس بارزانی

## ئیرادەی رۆژە سەختەکان بۆ رێکخستنەوەی نێومالی کورد

٣٠ سالْ پێش ئێستا و پێش ئەوەی بۆ دواجار مالْئاواییمان لێ بکات، دیاریی ئیدریس بارزانی بۆ شۆڕش و تەواوی خەلْکی کوردستان سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، کە هەر ئەم ئاشتەواییەی نێوان پارتی و یەکێتی بووە بەردی بناخەی بەرەی کوردستانی، ئەو بەرەی کوردستانییەی کە رابەرایەتی راپەرینی کرد و یاسای ژمارە یەك و دووی دەرکرد بۆ هەلْبژاردنەکانی پەرلەمان و رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و پاشانیش لە ئاکامی ئەو هەلْبژاردنە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و بووە چوارچێوەیەك بۆ ئەو کیانە سیاسییەی ئەمرۆ لەژێر رابەرایەتی سەرۆك مسعود بارزانیدا هەنگاو بۆ سەربەخۆیی و سەرفرازیی یەکجارەکی هەلْدەگرێت.

ئەوانەی لەو رۆژانەدا لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، باش دەزانن کۆتاییەکانی سالْی ١٩٨٦ و سەرەتای سالْی ١٩٨٧ ، باشووری کوردستان بەرەو چ چارەنووسێکی نادیار هەنگاوی هەلْدەگرت، حکومەتی بەعس و سەدام بەهۆی بالْادەستبوونی تەواوی لە شەڕی دژی ئێراندا بەتەواوی غرور بووبوون و پلانی ئەوەیان دادەنا کە نەك شۆڕشی کوردستان دابمرکێننەوە و خامۆشی بکەنەوە، بەلْکو وەك بەلْگەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس و سەدام دەیخەنە روو، بەعس و سەدام بە نیازبوون کە گەلی کوردستان هەر هەمووی رابگوێزن و بەسەر ولْاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامیدا دابەشی بکەن، ئا لەو ساتەوەختە مێژووییە هەستیارو چارەنووسسازەدا تێگەیشتن و بڕوابوونی ئیدریس بە ئیرادەی خەلْکی کوردستان لەو ئاستەدا بوو، ئەگەر یەکگرتوو و تەبا بین هیچ هێزێك ناتوانیت بەرامبەر ئیرادەی خۆڕاگریی گەلی کوردستان رابوەستێت.

دوای کۆچی ئیدریسی هەمیشە لە یاد بەعس و سەدام ئەوەی



پێشبینی دەکرا نەك هەر بە زیادیشەوە کردی بەڵکو هاوکات دەستی بە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال کرد و هاوکاتیش بە چەکی کیمیاوی کەوتە قەڵاچۆکردنی پێشمەرگە و ئەو خەڵکانەی لەوناوچانە هاوچارەنووسی پێشمەرگە بوون، تا کار گەیشتە ئەوەی شارێکی گەورەی وەك هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی بۆردومانکردو جیا لەوەی هەر دەستبەجێ زیاتر لە ٥٠٠٠ هاووڵاتی ئەو شارەی شەهید کرد، بە هەزاران کەسیش بریندار بوو و تەواوی خەڵکی هەڵەبجەش ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون، بەڵام لەبەرئەوەی ناوماڵی کوردستان و نێوانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان یەکریز و یەکگرتوو و تەبا بوون، ئەوا ئەو نەخشە رێیەی ئیدریسی هەمیشە لە یاد بۆ ئاشتەوایی نێوان لایەنە سیاسییەکان دایڕشتبوو بووە هۆکاری ئەوەی ئیرادەیەکی ئەوتۆ دروست بێتەوە کە یەکپارچە کورد بکاتەوە بەیەك بەو چەکدارانەشی کە لەبەر هەر هۆیەك بێت لەو کاتە چەکیان بۆ رژێمی بەعس هەڵگرتبوو.

ئەمڕۆ دوای ٣٠ساڵ کە یادی پیاوێکی گەورەی ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی وەك ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، گرنگە ئیرادە و خوێندنەوەی ئەو پیاوە گەورەیە بۆ پێشهات و بەرەنگاربوونەوەی رۆژە سەختەکان، رێگە پیشاندەری ئێستامان بێت و بەهەمان ئیرادە و گیانی کوردایەتی ئیدریس بارزانی لە بایەخ و گرنگی ئاشتەوایی و یەکڕیزی نێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی بۆ ئەم قۆناخە تێبگەین و لەسەر بنەمای دەبێت کورد ئەمجارەش گرەوی ئەم قۆناخە بەرێتەوە، تەبایی و یەکڕیزی بونیاد بنێینەوە، نەك لەسەر روانگەی بەرژەوەندی حزبیانە بەوەی ئایا ئەمە لە بەرژەوەندی کام حزبە و کام حزب نییە.

لە ئێستادا کە بەرەو قۆناخی کۆتایی دەوڵەتێکی تیرۆریستی دڕندەی وەك داعش هەنگاو هەڵدەگرین، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت، ئەگەر جیهان تەنیا یەك دوژمنی هەبێت ناوی داعش بێت، ئەوا کوردستان چەندین دوژمنی هاوشێوەی داعشی هەیە لەژێر ناو دروشمی جیاوازدا، هەر یەکێکیش لەو دوژمنانە بە چاوی داعش سەیری کورد و دەوڵەتی کوردستان دەکات و ئامادەن هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان بکەن بۆ ئەوەی کورد بە ئامانجەکانی خۆی نەگات و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست نەبێت.

گرنگە بزانین کورد سەر بەهەر حزبێکی سیاسی بێت، چەپ بێت یان عەلمانی یان ئیسلامی، کوردستانییەکان کورد بن یان تورکمان یان کلدو ئاشور و سریان، لە چاوی دوژمنانی کوردستاندا، هەموویان کورد و کوردستانین، چۆن رژێمی سەدام حوسێن بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئایینەکان لە یەك کاتدا مزگەوت و کەنیسە و دێری پێکەوە خاپوردەکرد، چۆن کورد و تورکمان و کلدو ئاشوریی پێکەوە کۆمەڵکوژ دەکرد، دوژمنانی ئێستای کوردستانیش هەر هەموویان وەك داعش بەیەك چاو سەیری کورد و کوردستانییەکان دەکەن و ئەوەی لەسەر ئەم خاکە بژی و بڕوای بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەبێت، لای دوژمنانی کوردستان، دوژمنە و دەبێت لەناو بچێت.

ئەم قۆناخە وا دەخوازێت ئێمەش بە هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە هەموومان یەکڕیز و تەبا و یەکگرتوو بین بۆ ئەوەی بەیەك دەست بەیەك ئیرادە رووبەڕووی ئەو دوژمنانە ببێنەوە کە چاویان بە سەرکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان هەڵنایەت.

ئەو کاتەی ئیدریس بارزانی بووە فاکتەری سەرەکی پرۆسەی ئاشتەوایی و رێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد، هەموو ئەگەرێکی خراپ و کارەساتێکی جەرگبڕ دەرگای والا بوو رووبەڕووی شۆڕش و کوردستان بێتەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەی پێشبینی هەڕەشە و تەحەدی دەکرێت بۆ سەر کوردستان، بەڵام ئاسۆیەکی گەشیش چاوەڕێی کوردستان دەکات و سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵگری ئەو مەشخەڵی ئومێدەن کە رێگای ئایندەی هەموو کورد و کوردستانییەك روون دەکاتەوە، بەڵام بە بیرکردنەوەی هاوشێوەی ئیدریسی هەمیشە لەیاد کە بەردی بناخەی هەموو سەرکەوتنێك گرێدەداتەوە بەیەکریزی و تەبایی گەلی کوردستانەوە، ئەوا دەتوانین بەرپەرچی هەڕەشە و تەحدییەکان وەك پێویست بدەینەوە و دەشتوانین ئەو ئایندە گەشەی ئیرادە و قوربانیدانی پێشمەرگە درووستی کردووە وەك خۆی لە ئامێزی بگرین.

# گرنگیی لێکتێگەیشتن و هاوپەیمانیی پارتی و یەکێتی



# بۆ پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی



## • مەترسییەکانی تێکدانی هاوسەنگی و ناسەقامگیری لە پرۆسەی سیاسیدا

پرۆسەی سیاسی ئەو کاتە دووچاری ئاستەنگی گەورە و چەقبەستوویی سیاسی دەبێتەوە کە دیاردەی فرەحزبی خۆی دەبێتە فاکتەری لاوازبوون و سڕبوونی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی جۆرێك لە ناسەقامگیریی حوکمڕانی و ناسەقامگیریی سیاسی لە کۆمەڵگە بێتەئاراوە و نەتوانرێت بڕیاری سیاسی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێت.

پێشتر ئەم پەتا ترسناکە زیاتر ڕووبەڕووی سیستمە دیموکراتییە تازە پێگەیشتوو و ناکامڵەکان دەبووەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو حزبە سیاسییانەی دێنە ناو پرۆسەی سیاسیی سیستمە دیموکراتییەکەوە بەتەواوەتی ناتوانن نوێنەرایەتی بکەن، هەروەها هەست بەبەرپرسیاریەتی دیموکراتی (democratic accountability and representation) ناکەن، یاخود هەردوو چەمکی نوێنەرایەتیکردنی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و بەپرسیاریەتی دیموکراتی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەناو پرۆسەی سیاسیدا دەگۆڕن بۆ بەرژەوەندی حزبی، یان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەمەش بەتەواوی دەبووە هۆکاری ئەوەی حزبی سیاسی خۆی ببێتە هۆکاری کێشەکانی ناو سیستمی دیموکراتی، نەك حزبی سیاسی بەشێك بێت لە چارەسەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی دیموکراتی.

بەڵام گۆڕانکارییە خێراکانی شۆڕشی تەکنەلۆژی و شاڵاوی کۆچبەران لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی و عەرەبییەوە بۆ ڕۆژئاواو پاشانیش سەرقاڵبوونی دەستەبژێری حوکمڕانیی ڕۆژئاوا بە زیاتر سوودوەرگرتن لەجیهانگیری، بووە هۆکاری ئەوەی پەتای ناسەقامگیریی سیاسی لەناو سیستمە دیموکراتییە پێشکەتوو و کامڵەکانیشدا بڵاوببێتەوە و دیاردەی پۆپۆلیستی وەك ڕۆحی سیاسەتی سەردەم لە ناو تەواوی سیستمی دیموکراتی ڕۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە بڵاو ببێتەوە، کە لە ئێستا ئەم پەتایە بۆتە هۆکاری ئەوەی نەك هەر دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی ڕۆژئاوا توانای وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك و ئەو واقیعە سیاسییەی نییە، بەڵکو مەترسیی سەرهەڵدانی لە ڕادەبەدەری دیاردەی پۆپۆلیستی بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو بنەماکانی لیبراڵیزم لەبەر یەك هەڵبوەشێنێت و سەرچاوەی ئەم گرفتە سەرەکییەش ئەوەیە کە حزبە پۆپۆلیستیەکانی ڕۆژئاوا بە هەمان شێوەی حزبەکانی ناو دیموکراتییە تازە پێگەیشتووەکان، نە هیچ باکیان بە نوێنەرایەتیکردنی حزبی سیاسی هەیە، نە بڕواشیان بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی هەیە.

بۆیە لەم ڕاستەوە دەکرێت لە ڕووی دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییەی ڕووبەڕووی دیموکراتییە تازە پێگەیشتووەکان و دیموکراتییە پێگەیشتووەکان دەبێتەوە، جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە لەهەردوو حاڵەتی دیموکراتیی تازە پێگەیشتوو و دیموکراتیی پێشکەوتوودا، نەخۆشییەکە هەر یەك نەخۆشییەو بریتییە لە شکستخواردنی حزبە سیاسییەکان لە هەردوو پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لە دیموکراتیەتی تازە پێگەیشتوو، ئەم پەتایە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سیستمە سیاسییەکە لەپرۆسەی وەرچەرخان لە تۆتالیتارییەوە بۆ دیموکراتی، جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ تۆتالیتاری، بەڵام لە دیموکراتییە پێشکەوتووەکاندا سیستمە دیموکراتییەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت وەك سەردەمی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی نموونەیەکی سەرکەوتوو و جوان پێشکەشی جیهان بکات، بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دیکەی جیهان لاسایی هەمان سیستەم بکەنەوە، لەم حاڵەتەشدا سیستمە دیموکراتییەکە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی حوکمڕانیی ڕۆژئاوا و لەبەشەکانی دیکەی جیهانیش بەرەو شێوازێکی دیکەی حوکمڕانی هەنگاو دەنێن.

لێرەوە ئەگەر سیستمی حوکمڕانیی کوردستان وەك سیستمێکی دیموکراتی لە وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو وەربگرین و ئەو پرسیارە بورووژێنن، ئایا لەناو سیستمی دیموکراتیی کوردستاندا هەمان پەتای ناسەقامگیریی سیاسی و کێشەی نوێنەرایەتیکردن و هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی لەناو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیەو بۆتە هۆکاری ئەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت لاوازبن وەك ئەوەی پێویستە هەڵنەسووڕێن؟ بێگومان واقیعی سیاسیی کوردستان وەك

■

**بەرهەمێکی دیکەی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی، ئەوەیە کاراکتەرەکانی ناو پرۆسەی بڕیاردروستکردن ناسنامەیان ئاشکرا دەبێت، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش کاراکتەرە سیاسییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەوکات ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی دروستکردنی پرۆسەی سیاسیش ناسنامەیان بە تەواوەتی ئاشکرا دەبێت و کاتێک بیانەوێت ژینگەی سەقامگیر و هاوسەنگی پرۆسەکە بۆ مەبەستی حزبییانەی خۆیان بۆ ئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیری بگۆڕن، خەڵکی کوردستان بەرچاوی ڕوون دەبێتەوە، ئەو حزبانە بۆ چ مەبەستێک ئەو کارانە دەکەن و لە ئاستیدا بێدەنگ نابن**

■

**هیچ پرۆسەیەکی چاکسازی، یان قەڵاچۆکردنی گەندەڵی مانای نابێت، ئەگەر سەرەتا گەندەڵی سیاسی لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا سنوورێکی تەواوی بۆ دانەنرێت**

شاهیدێك لەسەر ئەو بارودۆخە راشكاوانە ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەكات، كە حزبە سیاسییەكانی كوردستان نەك هەر لە پرۆسەی نوێنەرایەتیكردن شكستیان هێناوە، بەڵكو پرۆسەی نوێنەرایەتی حزبی سیاسییان لەناو سیستمی سیاسیدا لەمانای خۆی داماڵیوەو مانایەكی دیكەیان بەبەردا كردووە، كە ئەویش نوێنەرایەتیكردنی ئایدیۆلۆژیەتێكی رادیكاڵییانەی حزبییە، نەك نوێنەرایەتیكردنی بەرژەوەندییەكانی خەڵك، لەهەمانكاتدا هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی دیموكراتی وەك هاوسەنگییەك لەناو پرۆسەی سیاسی و سیستمە دیموكراتییەكە نەك هەر لای هەندێك حزب بایەخی نییە، بەڵكو چەمكی هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی دیموكراتی گۆڕاوە بۆ چەمكی گۆڕینی هاوسەنگیی هێز و گۆڕینی سەقامگیری بۆ ئاژاوە.

هەر بۆیە ئەگەر لەناو ئەو واقیعە سیاسییەی كە ئێستا لە كوردستاندا بوونی هەیە، ئەدای ئەو دیاردەیە راڤەبكەین كە پێیان دەگوت (كۆبوونەوەی پێنج قۆڵی)، یان بچووككردنەوەی پرۆسە سیاسییەكە لەنێوان تەنیا پێنج حزبدا، ئەوا ئەزموونی چەند ساڵی پرۆسەی سیاسیی كوردستان بەدەست ئەو پێنج حزبەوە نەك نەبووە هۆكاری ئەوەی كە هەنگاوێك بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی كوردستان و هەڵسووڕانی دامەزراوە دەوڵەتییەكان هەڵبگرن، بەڵكو خودی پرۆسەی سیاسیی كوردستان بەدەست ئەو پێنج حزبەوە دووچاری كێشەو چەقبەستووییەكی سیاسیی ئەوتۆ بۆتەوە، ئەگەر لەسەر هەمان پرۆسەی سیاسی (پێنج حزبەكە) بەردەوامی هەبێت، بەو نیازەی كێشە سیاسییەكان چارەسەر بكرێن، ئەوا نەك هەر كێشەكان چارەسەر ناكرێن، بەڵكو بەردەوامیی كۆبوونەوەی پێنج حزبە سیاسییەكە بە ئاستێك كوردستان رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەكاتەوە، كە هیچ دوور نییە پرۆسە سیاسیەكە دووچاری شكست و فاشیلبوون بكاتەوە.

بۆ رێگرتن لەم كارەساتەو هەوڵدان بۆ راستكردنەوەی پرۆسەی سیاسی، دۆزینەوەی میكانیزمێكە بۆ چۆنیەتی مانادانەوە بە نوێنەرایەتیكردنی حزبی سیاسی لەناو پرۆسەی سیاسی و سیستمە دیموكراتییەكە، هەروەها مانادانەوەیە بە هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی دیموكراتی بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی و سەقامگیری بگەڕێتەوە ناو پرۆسەكەو زەمینەیەك دروست بێت، بۆ ئەوەی دامەزراوەكانی دەوڵەت بكەونەكارو وەك پێویست هەڵبسووڕێن. ئەم كارەش تەنیا بەو حزبە سیاسییانە دەكرێت كە ئەزموونی حوكمڕانییان هەیە، یان لەناو پرۆسەی سیاسیدا هەست بەبەرپرسیاریەتی حوكمڕانی دەكەن.

لە كوردستان و لەناو تەواوی حزبە سیاسییەكانی كوردستاندا، تەنیا دوو حزبی سیاسی كە خاوەنی ئەزموونی حوكمڕانی بن لەناو پرۆسەی سیاسیی سیستمی دیموكراتیدا، (پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان) ـن، تەواوی حزبە سیاسییەكانی دیكە بە سێ حزبەكەی دیكەی ناو پێنج حزبەكە كە بریتین لە گۆڕان و كۆمەڵ و یەكگرتوو) نە خۆیان دەیانەوێت وەك حزبی حوكمڕان ببنە خاوەن ئەزموون و وەك حزبی حوكمڕان رەفتار بكەن، نە بڕواشیان بە چەمكی نوێنەرایەتیكردنی حزب لە سیستمی دیموكراتی و بەرپرسیاریەتی دیموكراتی هەیە. راشكاوانەتر كاتێك سەیری راگەیاندن و دروشم و گوتاری ئەو حزبە سیاسییانە دەكەین، دەسەڵاتی سیاسی لەناو پارتی و یەكێتی بچووك دەكەنەوە و پێیان دەڵێن: (هەردوو حزبەكەی دەسەڵات) ئەمەش مانای ئەوەیە خۆیان ئەو شاهیدییە دەدەن كە ئەوان وەك حزبی سیاسی نایانەوێت وەك حزبی حوكمڕان لەناو پرۆسەی سیاسیدا رەفتار بكەن، یان بەشداری پرۆسە سیاسییەكە بن.

ئەم واقیعە لەسەر پارتی و یەكێتی فەرزدەكات، وەك دوو حزبی حوكمڕان، تێگەیشتنێكی هاوبەش لەنێوانیاندا لەسەر هەردوو چەمكی نوێنەرایەتیكردنی خەڵكی كوردستان و هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی دیموكراتی دروست بكەنەوەو چوارچێوەیەكی تازە بۆ پرۆسەی سیاسی دابڕێژن، بۆ ئەوەی پێكەوە بتوانن بڕیاری سیاسیی راست دروست بكەن و خۆشیان بەرپرسیاریەتی جێبەجێكردنی ئەو بڕیارانە بگرنەئەستۆ. ئەم ئاراستەیە بەمانای پشتگوێخستن، یان دوورخستنەوەی حزبە سیاسییەكانی دیكە نییە لەناو پرۆسەی سیاسیی كوردستان، بەڵكو پۆلێنكردنەوەیەكی راست و دروستی پرۆسەی سیاسییە لەناو سیستمی دیموكراتیدا، ئەمەش بەو مانایەی ئەو حزبانەی دەبنە بەرەی حزبی حوكمڕان، دەبێت لەو چوارچێوەیەدا بێنە ناو پرۆسەی سیاسییەوە

**ئەگەر پارتی و یەكێتی دووبارە رێكبكەون و هاوپەیمانیی تازە گرێبدەن، ئەوا ئەو حزبانەی كارو كاسبییان لەسەر ئاژاوەو ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی كوردستان بووە، ئەوا دەبێت بە خۆیاندا بچنەوە، یان لەناو ژینگەی سەقامگیری پرۆسەی سیاسی كوردستاندا دەپووكێنەوە**

**لەو كاتەوەی كە قسە لەسەر بایەخی رێككەوتنی پارتی و یەكێتی دەكرێت، دەنگە دژ و نەیارەكان بۆ گێڕانەوەی ناسەقامگیری گەیشتۆتە ئاستێك كە نەك هەر ناتوانن بە ئەقڵێكی سیاسییانە خوێندنەوە بۆ گرنگی و بایەخی ئەم هاوپەیمانییەی نێوان پارتی و یەكێتی بكەن، بەڵكو گەیشتوونەتە ئەو ئاستە كۆنترۆڵی خۆیان لەدەست داوە و لەبری ئەوەی دیالۆگی سیاسی بكەن، دەستیان كردۆتەوە بە شەڕەجنێو و سووكایەتی بەم و بەو**

**ئایا خەڵکی کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی بە راستی دەیانەوێت بەشێک بن لە عێراق و بەشێک نەبن لە کوردستان؟ ئایا بەرپرسیاریەتی دیموکراتییانەی حزبێکی سیاسی وەک گۆڕان ئەوەندەیە کە کوردستان دابەش بکات، یان ئەوەیە دەبێت پارێزگاری لەسەروەری و یەکگرتوویی کوردستان بکات؟**

**وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو ژینگە ناتەندروستەی ناوچەکانی سلێمانی دەیداتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان تیایدا باڵادەستە کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو مانگرتنی مامۆستایان بگۆڕێت بۆ جیاکردنەوەی سلێمانی لەکوردستان و گێڕانەوەی بۆ سەر بەغدا، بزووتنەوەی گۆڕان نەک هەر حاشا لەم راستییانە ناکات، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکات**

کە پارتی و یەکێتی بەرپرسیاریەتییەکەی دەگرنەئەستۆ و ئەوانەشی دەیانەوێت لەناو پرۆسەی حوکمڕانی نەبن و خۆیان وەك حزبی ئۆپۆزسیۆن لەناو پرۆسە سیاسییەکە بهێڵنەوە، لەم حاڵەتەدا بەرەی حزبی حوکمڕان هەموو بەرپرسیاریەتیەکی دەکەوێتە ئەستۆ و بەرەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن شان نادەنە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییە، بەمەش جۆرێك لە هاوسەنگی بۆ پرۆسە سیاسییەکە دەگەڕێتەوەو ئەو گەڕەلاوژەی سیاسییە کۆتایی دێت کە ئێستا نەك هەر پرۆسەی سیاسی، بەڵکو پرۆسەی بڕیاردروستکردنیشی دووچاری شکست کردۆتەوە.

### ● بۆچی راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی پێویستی بە هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی هەیە؟

گرنگیی لێکتێگەیشتن و هاوپەیمانیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەر لەبەر ئەوە نییە کە ئەم دوو حزبە پێکەوە ریژەی ( ٥٠+١٪) پێکدەهێنن، بەڵکو گرنگییەکەی لەوەدایە تەنیا ئەم دوو حزبە خۆیان بە دوو حزبی حوکمڕان دەزانن و خۆیان بە بەرپرسیاری حوکمڕانیی کوردستان دەزانن و پێکەوەش هەست بە بەرپرسیاریەتی حوکمڕانیی کوردستان دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا کاتێك دەگوترێت: ( بەبێ پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا حوکمڕانی ناکرێت)، مانای ئەوەیە تەنیا پارتی و یەکێتی پێکەوە دەتوانن لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا بڕیار دروست بکەن و خۆشیان بەرپرسیاریەتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە بگرنەئەستۆی خۆیان و دەشتوانن پێکەوە پرۆسەی سیاسی راست بکەنەوە و سەقامگیری و هاوسەنگیی سیاسی بگێڕنەوە بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە.

کەواتە گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە، بەو مانایەیە کە لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا هەردوو بەرەی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆن ئاشکرابن، بەدیویکی دیکە مانای ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەمانای نوێنەرایەتیکردنی حزبی سیاسی لەناو پرۆسەی سیاسی تێبگەن، بزانن ئایا نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکەن، یان نوێنەرایەتی حوکمڕانی، ئەگەر نوینەرایەتیی حوکمڕانی دەکەن و دەیانەوێت لەچوارچێوەی حکومەتێکی هاوپەیمانیدا هاوبەش بن، ئەوە دەبێت ئەوە نەشارنەوە و پێیان شەرم نەبێت خۆیان وەك حزبی حوکمڕان لەبەردەم جەماوەر وێنا بکەن و دەبێت شان بدەنە بەر بەرپرسیاریەتیی حوکمڕانی و تەواوی سەرکەوتنەکانی بەرنامەی حکومەت بەسەرکەوتنی خۆیان بزانن و تەواوی شکست، یان کەموکورتییەکانی بەرنامەی حکومەتیش بە شکست، یان کەموکورتی خۆیان بزانن، بۆیە مانادانەوە بە چەمکی نوێنەرایەتیکردنی حزبی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی سیستمی دیموکراتیدا دەبێتە هۆکاری ئەوەی حزبە سیاسییەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی بکەن، بەرپرسیاریەتی دیموکراتیش مانای ئەوەیە حزبی سیاسی لەبەرەی هاوپەیمانی حوکمڕاندا بێت، یان لەبەرەی هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆندا بێت، دەبێت هەستکردنی بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی لەو ئاستەدا بێت کە ئامانجی دروستکردنی هاوسەنگی و پاراستنی سەقامگیری پرۆسە سیاسییەکە بێت.

لەم بازنەیەدا کاتێك راشکاوانە سەیری شلۆقیی پرۆسەی سیاسی، یان لاوازیی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دەکەین، ئەگەر بەوردی لێی وردببینەوە و دەست بخەینە سەر کرۆکیی کێشەکان و بەدوای خودی ئەو نەخۆشییەدا بگەڕێین کە شلۆقی و لاوازی لە پرۆسەی سیاسی و دامەزراوەکاندا دروست کردووە، دەبینین سەرچاوەی ئەو نەخۆشییە ئەدای حزبە سیاسییەکانەو حزبە سیاسییەکان خۆیان ساخنەکردۆتەوە ئایا کاتێك پێناسەی نوێنەرایەتیکردنی خۆیان دەکەن و دەیانەوێت هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی پیشانی خەڵکی بدەن، لەناو ژینگەی تەمومژاوی و تێکەڵی نێوان حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆن بووندا هەم سەریان لە خۆیان و هەم سەریشیان لەخەڵکی شێواندووە.

لەلایەکی دیکەوە حزبە سیاسییەکانی کوردستان کاتێك باسی دەسەڵات و حزبی حوکمڕان دەکەن، هەموویان بێ جیاوازی پێناسەیەکی زۆر ناشیرینی دەسەڵات دەکەن و تەواو تەواو بەمانای (السلطة) لەزمانی عەرەبی بەکاری دەهێنن، نەك دابەشکردنی دەسەڵات (power shearing) وەك لەسیستمی دیموکراتی ئاماژەی پێکراوە،

بەڵکو بەکارهێنانی دەسەڵات و حزبی دەسەڵات بۆ سیستمی دیموکراتی کوردستان بەو مانا عەرەبییەیە کە لە کوردستاندا یەك دەسەڵات هەیەو دوو حزب هەن کە دەسەڵاتیان قۆرخکردووە، ئەمە لەکاتێکدا کاتێك دەسەڵات لە سیستمی دیموکراتی دابەش دەکرێت بۆ (دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری) ئەوا هەر لایەك لەم سێ دەسەڵاتە بەشداری بکات، بیەوێت، یان نەیەوێت دەبێت خۆی بە بەشێك لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بزانێت و بەرپرسیار بێت بەرامبەری، بەڵام بەکارهێنانی دەسەڵات بەمانای (السلطة)ی عەرەبی لەلایەن حزبە سیاسییەکانی کوردستان جۆرێکە لەچەواشەکردنی سیستمی سیاسیی دیموکراتی و گۆڕینی سەقامگیریی سیاسییە بۆ گەڕەلاوژەو ئاژاوەی سیاسی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تەنیا شوێنێك لەم جیهانەدا نامۆ بێت بە سیستمی دیموکراتی و پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتی وڵاتانی عەرەبییە، لەناو وڵاتانی عەرەبی ئەسڵەن حزبی سیاسیی دیموکراتی بەهێز بوونی نییە هەتا بتوانێت جۆرێك لە رۆشنبیری دیموکراتییانە بڵاوبکاتەوەو خەڵکەکەی بە چەمکەکانی دیموکراتی ئاشنا بکات.

ئەگەر ئەمە واقیع و شێوازی کارکردنی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بێت کە بیانەوێت دابەشکردنی دەسەڵات وەك دەسەڵات (السلطة)ی عەرەبی و حزبی حوکمڕان وەك حزبی سوڵتە لەناو رای گشتی کوردستاندا پێناسە بکەن، ئەوا نە مانای نوێنەرایەتیکردنی حزبی سیاسی لە پرۆسەی بوونی دەبێت و نە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی دیموکراتی بوونی دەبێت، بۆیە ئەگەر هەوڵنەدرێت چەمکی نوێنەرایەتیکردن و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی دیموکراتی بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان، کە ئەم کارە تەنیا بەپارتی و یەکێتی دەکرێت، ئەوا چەند هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی لەمیانەی کۆبوونەوەی حزبە سیاسییەکانەوە چارەسەرێك بۆ کێشەو قەیرانەکان بدۆزرێتەوە، ئەوا هەر ئەو کۆبوونەوەی حزبانە خۆی دەبێتە سەرچاوە بۆ کێشەو قەیرانی تازە لە کۆمەڵگەدا.

## ● بەرپرسیاریەتی دیموکراتی و نوێنەرایەتیکردنی حزبە سیاسییەکان لە پرۆسەی سیاسیدا

کاتێك حزبی سیاسی لەنێوان هەردوو بەرەی حوکمڕانی و ئۆپۆزسیۆندا خۆی ساخ نەکاتەوەو نەتوانێت بە خەڵك و جەماوەرەکەی بڵێت من وەك حزبێکی سیاسی لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنم، یان بەرەی حوکمڕانی، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو حزبە سیاسییە ئەوجا هەر حزبێکی سیاسی بێت، نە لەمانای نوێنەرایەتیکردنی لە پرۆسەی سیاسی تێدەگات، نە هەستیش بە بە بەرپرسیاریەتیی دیموکراتی دەکات.

ئەوجا لە هەر سیستمێکی دیموکراتی حزبی سیاسی نەتوانێت خۆی ساخ بکاتەوە، یان بەئەنقەست نەیەوێت خۆی ساخ بکاتەوە، ئەوا ئەو ناهاوسەنگییەی لەناو پرۆسە دیموکراتییەکە دروست دەبێت، دەبێتە هۆکاری جۆرێك لە گەندەڵیی سیاسیی ئەتۆ کە هەموو شێوازەکانی دیکەی گەندەڵی و نەهەماتی و ناسەقامگیری بۆ کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ژینگەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆ دروست دەبێت کە سیستمە سیاسییەکە نەتوانێت هیچ بڕیارێك بدات و نەشتوانێت هەنگاو بۆ چاکسازی هەڵبگرێت.

بەپێی ئەو دیراسەت و توێژینەوانەی لەسەر حوکمڕانی بەگشتی و حوکمڕانیی دیموکراتی بەتایبەتی ئەنجامدراون، سەرچاوەی هەموو کێشە و گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە گەندەڵی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت، گەندەڵیی سیاسیش لە سیستمی دیموکراتیدا لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە حزبە سیاسییەکان نەزانن، یان نەیانەوێت بزانن مانای نوێنەرایەتیکردنی حزبی سیاسی لە پرۆسەی دیموکراتیدا چییە، هەروەها هەست بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی نەکەن کە دەبێت حزبی سیاسی ئەوجا ( ئۆپۆزسیۆن بێت، یان حوکمڕان) ئەرکی سەرەکی ئەوەیە هاوسەنگی و سەقامگیری پرۆسە سیاسییەکە بپارێزێت.

ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، ئەم هاوسەنگییەی کە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی دیموکراتی لەناو پرۆسەی سیاسیدا دروستی دەکات، بوونی نییە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر پرۆسەی سیاسیی ئێستای کوردستان و دۆزینەوەی میکانیزمێك بکەین بۆ ئەوەی لە رێگەی حزبە سیاسییەکانەوە چارەسەرێك بۆ کێشە ناوخۆییەکان و قەیرانی ئابووری و دارایی بدۆزینەوە، ئەوا دەبێت خۆمان هەڵنەخەڵەتێنن و لەگەڵ خوێنەری خۆمان راستگۆ بین و دووپاتی

**لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و لاوازبوونی ئەو خاڵە هاوبەشانە لەنێوان هەردوو حزبی دیموکراتی و کۆماری، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا بووە سۆپەرپاوەری جیهان و بانگەشەی بۆ سەرکردایەتی جیهان دەکرد، ئەوا نەک هەر نەیتوانی سەرکردایەتی جیهان بکات، بەڵکو کۆمەڵێک شەڕی لۆکاڵ (نەک جیهانی) دۆڕاند کە دیارترینیان شەڕی عێراق و ئەفغانستان بوو**

**هاوسەنگی و سەقامگیری لەناو پرۆسەی سیاسی واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) لە دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) ئەمەش واتە کاروبارەکانی پەرلەمان کە بریتییە لەیاسادانان، ئەمە پێویستی بە دیالۆگ و وتووێژ و ململانێ و کێشمەکێشمی نێوان پەرلەمانتاران هەیەو کاری پەرلەمانی بەو میتۆدە بەڕێوەدەچێت، بەڵام حکومەت کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بە فەرمان و بیرۆکراتییەت بەڕێوەدەچێت**

**هاوسەنگی و سەقامگیری پرۆسەی سیاسی واتە دەبێت راشکاوانە ئاشکرا بێت کام حزبی سیاسی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنە و کام حزبی سیاسی لەبەرەی حوکمڕانە، کە ئەم خاڵە ئاشکرا بوو، ئیدی ئاراستەو شێوازی کارکردن و گوتار و لێدوانی ئەندام و هەڵسووڕاوانی ئەو حزبە لای خەڵک ئاشکرا دەبێت و خەڵک دووچاری سەرلێتێکچوون و چەواشەکاری نابێت، لە هەمانکاتدا لای خەڵکیش روون دەبێت، ئایا ئەو حزبە سیاسییە نوێنەرایەتی حوکمڕانی دەکات، یان نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات**

**حزبی سیاسی لەبەرەی هاوپەیمانی حوکمڕاندا بێت، یان لەبەرەی هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆندا بێت، دەبێت هەستکردنی بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی لەو ئاستەدا بێت کە ئامانجی دروستکردنی هاوسەنگی و پاراستنی سەقامگیری پرۆسە سیاسییەکە بێت**

بکەینەوە کە هەتا هاوسەنگی و سەقامگیری نەگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە، ئەوا هەر هەوڵێك بدرێت بۆ چارەسەکردنی کێشەکان بێجگە لەچەواشەکاری و بێ ئومێدکردنی خەڵك هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا راگرتنی هاوسەنگی و سەقامگیریی پرۆسە سیاسییەکە بە چ مانایەك؟ لێرەدا بە چەند خاڵێك وەڵامی دەدەینەوە:

١- هاوسەنگی و سەقامگیری پرۆسەی سیاسی واتە دەبێت راشکاوانە ئاشکرا بێت کام حزبی سیاسی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنە و کام حزبی سیاسی لەبەرەی حوکمڕانە، کە ئەم خاڵە ئاشکرا بوو، ئیدی ئاراستەو شێوازی کارکردن و گوتار و لێدوانی ئەندام و هەڵسووڕاوانی ئەو حزبە لای خەڵك ئاشکرا دەبێت و خەڵك دووچاری سەرلێتێکچوون و چەواشەکاری نابێت، لە هەمانکاتدا لای خەڵکیش روون دەبێت، ئایا ئەو حزبە سیاسییە نوێنەرایەتی حوکمڕانی دەکات، یان نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات.

٢- هاوسەنگی و سەقامگیری پرۆسەی سیاسی واتە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی، ئەمەش واتە لێکجیاکردنەوەی گوتاری پەرلەمانتار لەناو هۆڵ و لیژنەکانی پەرلەمان لەگەڵ لێدوانی پەرلەمانتار بۆ هۆیەکانی راگەیاندن، ئەمەش واتە پەرلەمانتار پارێزبەندیی هەیە بۆ بەدواداچوون لەسەر راستییەکان و چاودێریکردنی حکومەت، بەڵام کاتێك هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی بوونی نەبێت، پارێزبەندیی پەرلەمان دەگۆڕێت بۆ سیخوڕی بەسەر حکومەتەوە و دروستکردنی ئاژاوەو ناسەقامگیری لە ناو کۆمەڵگەدا، ئەم دیاردەیە کە یەکێکە لە نەخۆشییە سەختەکانی سیستمی دیموکراتی و بەداخەوە لە کوردستاندا نەك هەر بوونی هەیە، بەڵکو گەیشتۆتە ئاستێك کە سیستمە سیاسییەکەی تووشی ئیفلیجبوونێکی ئەوتۆ کردووە، کە نە دامەزراوەکان وەك پێویست هەڵدەسووڕێن، نە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش توانای دروستکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی بڕیاری هەیە.

٣- هاوسەنگی و سەقامگیری لەناو پرۆسەی سیاسی واتە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) لە دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) ئەمەش واتە کاروبارەکانی پەرلەمان کە بریتییە لە یاسادانان، ئەمە پێویستی بە دیالۆگ و وتووێژ و ململانێ و کێشمەکێشمی نێوان پەرلەمانتاران هەیەو کاری پەرلەمانی بەو میتۆدە بەڕێوەدەچێت، بەڵام حکومەت کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بە فەرمان و بیرۆکراتییەت بەڕێوەدەچێت، ئەوجا وەزیرێك لەوەزارەت هەر پابەندبوونێکی حزبی هەبێت، کە هاتە ناو وەزارەتەکەی خۆی ئەو فەرمان دەردەکات و لەچوارچێوەی بیرۆکراتیدا کارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات، لەم چوارچێوەیەدا تەنیا لیژنەکانی پەرلەمان ئەو مافەیان هەیە بەشێوەیەکی فەرمی لێپێچینەوە بۆ ئەدای وەزارەتەکان بکەن، ئەویش لەچوارچێوەی پەرلەماندا، بەڵام لە کوردستاندا بەدواچوون و لێپێچینەوە بۆتە موزایەدەی سیاسی ناو هۆیەکانی راگەیاندن، هەر بۆ نموونە هەرگیز پەرلەمانتاریکی گۆڕان قسەیەکی لەسەر وەزارەتەکانی (ئەوقاف، پێشمەرگە، دارایی) نەبووە، هەروەها پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی هەرگیز قسەیەکی لەسەر (وەزارەتی کشتوکاڵ) نەبووە، ئەمە بەهەمان شێوە پەرلەمانتارانی حزبەکانی دیکەش، ئەمەش مانای ئەوەیە پەرلەمانتار نەبۆتە پەرلەمانتار بۆ ئەوەی چاودێری حکومەت بکات، بەڵکو بۆتە پەرلەمانتار بۆ ئەوەی بیانوو بەو وەزارەتانە بگرێت کە بەدەست حزبەکەی بەرامبەریەتی، ئەمەش جۆرێك لە تێکدانی هاوسەنگی و سەقامگیری نەك هەر لەناو پرۆسەی سیاسی، بەڵکو لەنیوان پەرلەمان و حکومەتیش دروست دەکات، کە هاوسەنگی نێوان حکومەت و پەرلەمان ئاراستەی سیستمی حوکمڕانی دەستنیشان دەکات.

ئەگەر لە سۆنگەی ئەم خاڵانەوە بگەڕێینەوە سەر ئەو قسە باوەی کە بۆتە قسەی سەرزاری هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان و هەموویان بازاڕگەرمی بە پرۆسەی چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکەن، ئەوا ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات، ئەوەیە کە لەناو پرۆسەیەکی سیاسیدا کە هەردوو فاکتەری هاوسەنگی و سەقامگیری سیاسی ونکردووە، چۆن دەکرێت باسی پرۆسەی چاکسازی و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەزموونی سیستمە دیموکراتییەکانی جیهان دەیدەنەوە، کە پێمان دەڵێت: هیچ پرۆسەیەکی چاکسازی، یان قەڵاچۆکردنی گەندەڵی مانای نابێت، ئەگەر سەرەتا گەندەڵی

سیاسی لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا سنوورێکی تەواوی بۆ دانەنرێت، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە چۆن سنوورێکی تەواو بۆ گەندەڵیی سیاسی لەناو پرۆسەی سیاسی دادەنرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش دیسان ئەزموونی وڵاتانی دیموکراتی دەیداتەوە کە پێویستی بە بڕیاردانی قورس و بەهێزە، نەك بە درێژەدان بە هەندێك کۆبوونەوەو وتووێژی نێوان حزبە سیاسییەکان کە هێندەی دیکە ژینگەی سیاسی ناو پرۆسە سیاسییەکە دەشێوێنێت.

**● لە دروستکردن و وەرگرتنی بڕیاری قورس و بوێرانەدا، دەبێت ئیرادەی سیاسی بەرگەی نەیارانی بگرێت**

ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لەمیانەی تەنیا یەك هەفتەی دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا دەیبینین، هیچ گومانی تێدا نییە کۆمەڵێك بڕیاری قورس و بوێرانەیە کە ئیدارەی تازەی ئەمریکا بۆ دووبارە گێڕانەوەی هاوسەنگی و سەقامگیری لە سیستمی سیاسیی ئەمریکا دەیگرێتەبەر، سەرچاوەی سەرەکیی ئەو ناهەوسەنگی و ناسەقامگیرییەش کە لە سیستمی سیاسیی ئەمریکا دروست بوو، ئەدای خراپی هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی بووە.

ئەوانەی دیراسەت و توێژینەوەیان لەسەر سیستمی سیاسیی ئەمریکا کردووە، ئاماژە بەوە دەکەن بە درێژای ساڵانی سەدەی بیستەم هەتا رووخانی دیواری بەرلین، هۆکاری سەقامگیری لە سیستمی سیاسیی ئەمریکا دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی لەگەڵ ئەوەی دووحزبی جیاواز بوون، کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش پێکەوە کۆی دەکردنەوە کە راگرتنی هاوسەنگی و سەقامگیری سیستمی سیاسیی ئەمریکا بووە، ئەوکات ئەمریکا کە سەرکردایەتی جیهانی رۆژئاوای بەتەنیا دەکرد، توانی بەبێ شەڕ یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بڕووخێنێت، بەڵام لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و لاوازبوونی ئەو خاڵە هاوبەشانە لەنێوان هەردوو حزبی دیموکراتی و کۆماری، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا بووە سۆپەرپاوەری جیهان و بانگەشەی بۆ سەرکردایەتی جیهان دەکرد، ئەوا نەك هەر نەیتوانی سەرکردایەتیی جیهان بکات، بەڵکو کۆمەڵێك شەڕی لۆکاڵ (نەك جیهانی) دۆڕاند کە دیارترینیان شەڕی عێراق و ئەفغانستان بوو.

ئەم نموونە زیندووەی ئەمریکا پێمان دەڵێت، کاتێك حزبە سیاسییەکان نەیانتوانی وەك پێویست لە سیستمە سیاسییەکە سیاسەت بکەن و ئاراستەی سیاسەتکردنیان گۆڕی بۆ شێوازێك لە جەمسەرگیری حزبی، ئەوا ئەو وڵاتە با ئەمریکاش بێت، بەڵام ناتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات. هەر بۆیە دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا بۆ بنبڕکردنی ئەم نەخۆشییە بە جۆرێك بڕیار دەدات کە ئیرادەی سیاسی لە ئاستێکدایە دەتوانێت بەرگەی نەیارانی بگرێت. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا دۆناڵد ترەمپ لەسەر چ بنەمایەك بڕیاری بوێرانەو قورس دەدات بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە ئەمریکا؟ بێگومان وەك لە گوتاری دەستبەکاربوونی راشکاوانە ئاماژەی پێکرد بە (گواستنەوەی دەسەڵات، نەك لە نێوان پارتی کۆماری و پارتی دیموکراتی، بەڵکو بە گواستنەوەی دەسەڵات لە واشنتۆنەوە بۆ گەلی ئەمریکا)، ئەمەش مانای ئەوەیە هەنگاوی یەکەمی ترەمپ ئەوەیە کە پرۆسەی سیاسیی ئەمریکا لەو ململانێ سیاسییە بێتامەی نێوان کۆماری و دیموکراتییەکان رزگار دەکات و بەرژەوەندیی حزبی دەگۆڕێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی، لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی ئێستا زۆرینەی هەردوو ئەنجومەنی کۆنگرێس و سەنات لەدەستی کۆمارییەکاندایە، ئەوا ئەمەش ژینگەیەکی ئەوتۆی دروستکردووە کە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی نەکەوێتە ناو کێشمەکێشی جەمسەرگیریی نێوان دیموکرات و کۆمارییەکان. ئەم ئاراستە تازەیەی ترەمپ بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی ئەمریکا، هەموو جیهانی دووچاری هێدمە کردووە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، ئایا سبەی دۆناڵد ترەمپ چ بڕیارێك دەدات، بەڵام ئەوەی لەهەموو شتێکی دیکە جێگەی سەرنج و بایەخە ئەوەیە کە لەگەڵ هەر بڕیارێکی بوێرانەی ترەمپ، ئاست و نرخی دراوی دۆلار زیاتر هەڵدەکشێت و زیاتر ئابووری ئەمریکا رووی لە بووژانەوەیە.

بۆ ئێمە لە کوردستان ئایا چ سوودێك لەم هەنگاوانەی ترەمپ وەردەگرین؟ بێگومان سوودەکەی ئەوەیە کاتێك بمانەوێت بڕیاری سیاسیی بوێرانە بدەین بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی

**ئەگەر لەسەر هەمان پرۆسەی سیاسی (پێنج حزبەکە) بەردەوامی هەبێت، بەو نیازەی کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکرێن، ئەوا نەک هەر کێشەکان چارەسەر ناکرێن، بەڵکو بەردەوامیی کۆبوونەوەی پێنج حزبە سیاسییەکە بە ئاستێک کوردستان رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەکاتەوە، کە هیچ دوور نییە پرۆسە سیاسیەکە دووچاری شکست و فاشیلبوون بکاتەوە**

**حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەک هەر لە پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن شکستیان هێناوە، بەڵکو پرۆسەی نوێنەرایەتی حزبی سیاسییان لەناو سیستمی سیاسیدا لەمانای خۆی داماڵیوەو مانایەکی دیکەیان بەبەردا کردووە، کە ئەویش نوێنەرایەتیکردنی ئایدیۆلۆژیەتێکی رادیکاڵییانەی حزبییە، نەک نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵک**



**پرۆسەی سیاسی ئەو کاتە دووچاری ئاستەنگی گەورە و چەقبەستوویی سیاسی دەبێتەوە کە دیاردەی فرەحزبی خۆی دەبێتە فاکتەری لاوازبوون و سڕبوونی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی جۆرێک لە ناسەقامگیریی حوکمڕانی و ناسەقامگیریی سیاسی لە کۆمەڵگە بێتەئاراوە و نەتوانرێت بڕیاری سیاسی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێت**

سیاسی، یان بۆ ئەکتیڤکردنەوەی سیستمە سیاسییەکە، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێك، پارتی و یەکێتی بگەنە هاوپەیمانییەك بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی کوردستان لەو جەمسەرگیریە حزبییەی بێتامە دەرباز بکەن، کە ئێستا کەس نازانێت ئامانجی پرۆسەی سیاسی چییە و دەیەوێت چی بکات.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا مەبەست لە جەمسەرگیری حزبی لە کوردستاندا چییە؟ ئایا ئەم جەمسەرگیرییە حزبییە چ کارەساتێکی بۆ کوردستان دروستکردووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو ژینگە ناتەندروستەی ناوچەکانی سلێمانی دەیداتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان تیایدا باڵادەستە کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو مانگرتنی مامۆستایان بگۆڕێت بۆ جیاکردنەوەی سلێمانی لەکوردستان و گێڕانەوەی بۆ سەر بەغدا، بزووتنەوەی گۆڕان نەك هەر حاشا لەم راستییانە ناکات، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکات.

ئەگەر لەسەر ئەم شێوازی سیاسەتکردنەی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوەستەیەك بکەین و بپرسین: ئایا ئەدای بزووتنەوەی گۆڕان لە نوێنەرایەتیکردنی وەك حزبێکی سیاسی، نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کوردستان دەکات، یان دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خەڵکی کوردستان دەدەینەوە، ئایا خەڵکی کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی بە راستی دەیانەوێت بەشێك بن لە عێراق و بەشێك نەبن لە کوردستان؟ ئایا بەرپرسیاریەتی دیموکراتییانەی حزبێکی سیاسی وەك گۆڕان ئەوەندەیە کە کوردستان دابەش بکات، یان ئەوەیە دەبێت پارێزگاری لەسەروەری و یەکگرتوویی کوردستان بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەناو گێژاوی ئەو ژینگە سیاسییە ئاڵۆزە ون بووە کە لە غیابی نەبوونی هاوپەیمانی، یان رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی هاتۆتەئاراوە. بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە: ئایا لێکتێگەیشتنی تازەی پارتی و یەکێتی بۆ هەنگاوهەڵگرتن بۆ رێککەوتنێکی تازە، یان هەموارکردنەوەی رێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان کارێکی ئاسانەو هیچ ئاستەنگێکی بۆ




دروست نابێت؟ بێگومان لەو کاتەوەی کە قسە لەسەر بایەخی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی دەکرێت، دەنگە دژ و نەیارەکان بۆ گێڕانەوەی ناسەقامگیری گەیشتۆتە ئاستێك کە نەك هەر ناتوانن بە ئەقڵێکی سیاسییانە خوێندنەوە بۆ گرنگی و بایەخی ئەم هاوپەیمانییەی نێوان پارتی و یەکێتی بکەن، بەڵکو گەیشتوونەتە ئەو ئاستە کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست داوە و لەبری ئەوەی دیالۆگی سیاسی بکەن، دەستیان کردۆتەوە بە شەڕەجنێو و سووکایەتی بەم و بەو.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بۆچی بزووتنەوەی گۆڕان، یان ئەو حزبانەی دەیانەوێت لاسایی گۆڕان بکەنەوە، بە هاوپەیمانیی پارتی و یەکێتی قەڵس دەبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاکامەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژی پێشووی پارتی و یەکێتی دەیداتەوە، بەوەی هەم سەقامگیری بۆ پرۆسەی سیاسی دەگەڕێتەوە و هەمیش ئەو ژینگە سیاسییە دروست دەبێتەوە کە بتوانرێت کێشە سیاسییەکان و قەیرانە ئابووری و داراییەکان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش نەك هەر لە بەرژەوەندی گۆڕان و حزبەکانی هاوشێوەی گۆڕان نییە، بەڵکو ئەگەر پارتی و یەکێتی دووبارە ڕێکبکەون و هاوپەیمانیی تازە گرێبدەن، ئەوا ئەو حزبانەی کارو کاسبییان لەسەر ئاژاوەو ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی کوردستان بووە، ئەوا دەبێت بە خۆیاندا بچنەوە، یان لەناو ژینگەی سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی کوردستاندا دەپووکێنەوە.

لایەنیکی دیکەی گرنگ کە دەبێتە بەرهەمێکی دیکەی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی، ئەوەیە کاراکتەرەکانی ناو پرۆسەی بڕیاردروستکردن ناسنامەیان ئاشکرا دەبێت، کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش کاراکتەرە سیاسییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەوکات ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی دروستکردنی پرۆسەی سیاسیش ناسنامەیان بە تەواوەتی ئاشکرا دەبێت و کاتێك بیانەوێت ژینگەی سەقامگیر و هاوسەنگی پرۆسەکە بۆ مەبەستی حزبییانەی خۆیان بۆ ئاژاوەگێری و ناسەقامگیری بگۆڕن، خەڵکی کوردستان بەرچاوی روون دەبێتەوە، ئەو حزبانە بۆ چ مەبەستێك ئەو کارانە دەکەن و لە ئاستیدا بێدەنگ نابن.

**مەترسیی سەرهەڵدانی لە رادەبەدەری دیاردەی پۆپۆلیستی بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو بنەماکانی لیبرالیزم لەبەر یەک هەڵبوەشێنێت و سەرچاوەی ئەم گرفتە سەرەکییەش ئەوەیە کە حزبە پۆپۆلیستیەکانی رۆژئاوا بە هەمان شێوەی حزبەکانی ناو دیموکراتییە تازە پێگەیشتووەکان، نە هیچ باکیان بە نوێنەرایەتیکردنی حزبی سیاسی هەیە، نە بڕواشیان بە بەرپرسیاریەتی دیموکراتی هەیە**

# لە کورد دەخوازرێ کارەکانی ئەمڕۆی نەخاتە سبەی



سەعد خالد*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

وەك ئاشکرایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێو هاوکێشەیەکی ئاڵـۆزو پێکناکـۆك گـوزەر دەکات، وێـڕای کەڵەکەبوونـی کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کێشەی هزری تونـدڕەوی ئیسـلامی، نوقمـی کێشـەکێشـی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتی بووە، کە لە ئێستادا ئەو کێشانە چ ڕاستەوخۆ بێ، چ ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەنتەری وڵاتەکانی ئەورووپـا و ئەمریـکا و وڵاتەکانـی دیکـە هەیـە، واتـە کێشـەکانی ڕۆژهـەڵات کێشـەی گەلانـی ناوچەکـە نییـە، بەڵکـو لەنێوماڵـی ئەوانـی دیکەشـدایە، بۆیـە ئەمریـکاو ئەورووپـاش لەبـەردەم هەڕەشـەی تیـرۆردان، ئەمـڕۆ تیـرۆر هـەر هەڕەشـە لەبەرژەوەندییەکانیـان لەناوچەکـە نـاکات، بەڵکو هەڕەشە لە ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکانیان دەکات، بۆیـە پرسـی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست بەپرسی تیرۆریشەوە پێویستی بە چارەسەری سیاسی هەیە، وەك خۆشیان باسی دەکەن، پێویستی بە گۆڕانکاری و گۆڕانی نەخشەی سیاسی و جوگرافیای ناوچەکـە هەیـە.

واتـە ڕۆژهـەڵات لـە گەرمـەی ڕووداوەکانیدایـە، هێشـتا پرسـەکان بـە ئاقارێکـدا یەکلانەکراونەتـەوەو کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ چارەسـەرکردنی کۆدەنـگ نییـە، شـەڕی داعـش لـە قۆناغـی پاشەکشـەکردنی داعشـەو هێشـتا کۆتایـی نەهاتـووە، بـەڵام ئامـاژەکان ئـەوە نیشـان دەدەن کـە خـۆری داعـش ڕوو لـە ئاوابوونـەو ئـەو شـێوەیەی دەسـەڵاتو خەلافـەت پیادەکردنـە تەمەنـی کـورت بـووە. دیارە هەرێمی کوردستان لە نێو جەرگەی ڕووداوەکاندایە، لـە هـەردوو ڕووی ئەرێنـی و نەرێنـی هەرێمـی کوردستان لەژێـر کارایـی و کارلێکەکانـی ڕەوتـەندی ڕووداوەکانـی ئـەو دەڤـەرە بـەدەر نەبـووەو بـەدەر نابێـت، هەڵسـەنگاندنی بابەتـی فاکـت و فاکتـەرە جیـاوازەکان، کـە ڕووداوەکان بـە ئاراستەی جۆراوجۆردا دەبات، پێویستی بە خوێندنـەوەی سیاسـیی دروسـت و بابەتـی هەیـە، ئەگـەر هەرێمـی کوردسـتان مەبەسـتی ئـەوەی هەبێـت سـوود لـە فاکتـەرە ئەرێنییـەکان وەربگرێـت، هەروەهـا فاکتـەرە نەرێنییـەکان لەڕێـی خـۆی کـەم بایـەخ و بـێ بایـەخ بـکات، دەبـێ لـەو ڕاسـتییەوە هەنـگاو هەڵبگـرێ کـە لەئێسـتادا هیـچ شـتێك نییـە بـە ئەنـدازەی ناکۆکیـی لاوەکـی و لێکتـرازان مەترسـی لەسـەر ئێسـتاو داهاتـووی کوردسـتان دروسـت بـکات. پرسـیار ئەوەیـە: ئایـا کـورد لـە نێـو هاوکێشـەکەدا ژمارەیەکـی حیسـاب بـۆ کـراوە، یـان لەبـەردەم ئەگـەری فەرامۆشـکردندایە؟ بـۆ ئـەوەی وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە، پێویسـتە بزانیـن کـورد لـە نێـو هاوکێشـەکەدا پێگـەی هەیـە، بێگومـان لەگـەڵ ڕابـردوودا هـەر بـەراورد ناکرێ، لەئێستاشـدا هەرێمـی کوردسـتان نـەك هـەر توانـای خـۆی نیشـانداوە، کـە دەتوانـێ ئەمـن و ئاسایشـی خـۆی بپارێـزێ، بەڵکـوو لـە شـەڕی دژە تیـرۆردا بـە قوربانیدانو خۆڕاگریـی هێـزی پێشـمەرگە ئـەوەی بـۆ هەمـوو لایـەك سـاغ کـردەوە کـە ئەمـڕۆ کـورد بەشـدارە لـە پاراسـتنی ئاسایشـی ناوچەکـەدا. ئـەم خاڵـە نـەك هـەر لەئێسـتادا بەڵکـو لـە داهاتووشـدا جێگـەی بایەخپێدانـی نێوەنـدە بڕیاربەدەسـتەکانی نێودەوڵەتییـە، بۆیـە دەبێـت کـورد خۆیشـی بەهەنـدی وەربگـرێ، کـورد چەقـی هێـزی خـۆی دۆزیوەتـەوە، دەبـێ لـە ئەولەوییەتـی خۆیـدا بێـت.

بایەخـدان بـە هێـزی پێشـمەرگەو هێزەکانـی پۆلیـس و ئاسـایش و ڕێکخسـتنەوەیان لەسـەر بنەمـای هێـزی نیشـتمانیی غەیرەحزبـی و سـوودوەرگرتن لـە پاڵپشـتی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دژ بـە تیـرۆر بـۆ پەرەپێدانـی تواناکانیـان، نـەك هـەر زامنـی ئەمـن و ئاسایشـی کوردسـتان دەکات، بەڵکـو پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان لـە ئاسـتی سیاسـیو نێودەوڵەتـی بەهێزتـر دەکات. واتـە دەبـێ کـورد دەرفەتـەکان لەدەسـت نـەدا، سـوود لـەکات وەربگرێـت، چونکـە سـوودوەرگرتن لـە دەرفەتـەکان نـەك پێگـەی کـورد لـە هاوکێشـەکەدا بەهێـز دەکات، بەڵکـو ئەگـەری مەترسـییەکانیش لەسـەر خـۆی لادەبـات. ئەمـەش لـە ئێسـتادا سـەرکردایەتی سیاسـیی کـورد دەخاتـە بـەردەم ئـەم بەرپرسـیاریەتییانە:

یەکـەم: کۆتاییهێنـان بـە قەیرانـی سیاسـی، لـە ڕێگـای دیالۆگـی بـەردەوام و یەکتـری قبووڵکـردنو پێکـەوە هەڵکـردن، هەمـوو لایەکیـش لـە ئێسـتادا دەرکـی گرنگـی

پێکەوەکارکردن دەکەن، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی سیاسیی هاوسەنگ و داڕشتنی ستراتیژێکی سیاسیی هاوبەش بۆ دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لەو قەیرانە سیاسییە، کە کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت چارەسەر بکات.
دووەم: حکومەت بەرنامەیەکی تۆکمە گەڵاڵە بکات کە ئەو بەرنامەیە لە توانایدا بێت، هەرێمی کوردستان لە قەیرانە ئابوورییەکان دەرباز بکات، لە ڕێگای دەستەبەرکردنی شەفافییەت لە سەرچاوەکانی داهات بە داهاتی نەوت و سامانە سروشتییەکانی دیکەشەوە، بۆ ئەوەی هەم مووچە بە ڕێکوپێکی دابین بکرێت، هەم خەڵك متمانەی بە هەنگاوەکانی حکومەت هەبێ، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی و پشتیوانی حزبە سیاسییەکانی هەرێم هەیە.
سێیەم: بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی سیاسی و ئابووری، لە ئێستا زەمینەی لەبار هەیە، ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبێ، گفتوگۆی نێوان لایەنەکانیش بەستەڵەکی لێکترازاندنی تواندۆتەوە، بۆیە بە هیچ پێوەرێك ڕەوا نییە، لەسەر حیسابی ژیان و گوزەرانی خەڵك و قووتی خەڵك درێژە بە قەیرانی سیاسی بدرێت، لایەنەکان لە جیاتی ئەوەی ناکۆکییەکان قووڵتر بکەنەوە، بەرەو دواوە بگەڕێنەوە، بەخوێندنەوەی سەرەتایی ئەو هەل و هەڵکەوتانەی لەبەردەم کورددایە، دەتوانین نەك هەر قەیرانەکان تێپەڕێنین، بەڵکو لە رووی سیاسییەوە دەتوانین کورد بە پلیکانەی سەرکەوتن بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی گەورە سەر بخەین، ئەمەش بەر لە هەر شتێك پێویستی بە ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد هەیە، ڕێکخستنەوەیەك کە هەر ڕێککەوتن نەبێت لەسەر دابەشکردنی پۆست و ئیمتیازەکانی نێو دەسەڵات، بەڵکوو بەرنامەڕێژی بۆ حوکمڕانییەکی باشتر، گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی لە دەسەڵاتی حزبەکانەوە بۆ حکومەتی هاووڵاتی، لە بری ئەوەی حزب بکرێت بە سەنتەر، هاووڵاتی و خەمەکانی هاووڵاتی و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لە هەموو ڕوویەکەوە بکرێت بە بنەما، ئەمەش هەنگاوەکانی یەکەمە بەرەو یەکخستنەوەی تواناکان و دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی هەیبەتی هاووڵاتی بوون، لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانین بە پرۆژە قسە لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان بکەین، بە پرۆژەیەکی هاوبەش دیالۆگ لەگەڵ لایەنەکانی بەغدا بکەین، مادام کورد لە عێراق پرسە ریشەییەکانی چارەسەر نەکرا، مادام کورد لە ئێستا و ئایندەی عێراق بێئومێد کرا، مادام لەسەر بنەمای دەستوور شەراکەتی ڕاستەقینە بەرجەستە نەکرا، مادام خولیای گەڕانەوە بۆ مەرکەزییەت زاڵ کرا، کورد چ چاوەڕوانییەك لە دەوڵەتی عێراق و داهاتووی عێراق بکات؟ بۆیە کورد مافی خۆیەتی بە ڕێگای ئاشتییانە لە عێراق جیاببێتەوە، مادام ناکرێ لە نێو یەك دەوڵەتدا برا بین، دەبێ بێ چەندو چۆن، بە ئەوپەڕی ڕاشکاوانە داوای مافی خۆمان بکەین و کار لەسەر ئەوە بکەین با دوو هاوسێی باش بین. بۆ ئەو مەبەستەش بەمانای وشە پێویستمان بە ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی ناوماڵی کوردستانی و پرۆژەیەکی سیاسی هەیە کە ئاسۆی داهاتوومان لە رووی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن و چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی پرسی کورد لە عێراق لە ڕێگای ریفراندۆمەوە هەنگاو بە هەنگاو بباتە پێشەوە، لەم دۆخەدا پێویستمان بەوە هەیە بە هەموو لایەکی رابگەیەنین کە ناکرێ چیدی کورد لەو ناوچەیەدا مافی چارەنووسی لێ زەوت بکرێ، زەوتکردنی مافی چارەنووس بە هەر بیانوو و پاساوێك جگە لە درێژەدان بە سایەی داگیرکاری بۆ خەڵك و بۆ هەرێمی کوردستان هیچ مانایەکی دیکە هەڵناگرێ. بۆیە نابێ چیدی ڕێگە بە هیچ دەوڵەت و لایەنێك بدرێ لە جیاتی کورد خۆی بڕیار لە چارەنووسمان بدات.
دەبێ ئەو مافە، کە مافێکی سروشتی خۆمانە هەر خۆمان بە ئیرادەیەکی ئازادانە لە ڕێگای ریفراندۆمەوە بڕیاری لێ بدەین. دەبێ بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی هەموو ئامادەکارییەك بکەین، لەو پێناوەشدا هەر قوربانییەك پێویست بێ، بیدەین، بەڵام دەبێ داهاتووی خەڵکی کوردستان دابین بکرێ، خەڵك لە داهاتووی خۆی دڵنیا بکرێ، حزبە باڵادەستەکانی کوردستان دەست لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان هەڵبگرن لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتییەوە، ئەمەش زامنی یەکڕیزی گەلەکەمانە لە ئێستادا.
دەبێ دوور لە هەر شتێك پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لە ململانێی نێوخۆیی نێوحزبەکان دەرباز بکرێت. پێویستە سوود لەو گۆڕانکارییانە وەربگیرێت کە چاوەڕوان دەکرێ لە ناوچەکەدا ڕووبدات. ئەگەر ئاسۆی سەربەخۆیی کوردستان لە ئێستادا بە ئەندازەی پێویست ساماڵ نەبێ، ئەوا لە بەرامبەردا ئاسۆی مانەوەشی لە عێراقدا نادیار و ناهەموارە، عێراق نوقمی ململانێی مەزهەبی و تائیفی بووە، نەك هەر دەستوور پیادە نەکراو ناکرێت، بەڵکە پاشگەزبوونەوە لەو دەستوورە بە پراکتیکی پیادە کرا. لەوەها دۆخێکدا کورد لەبەردەم بژاردەی مافی بڕیاردانی چارەنووسدایە، بۆیە دەبێ کاری ئەمڕۆ بە سبەی نەسپێردرێت، بە پرۆژەو بەرنامەی هەمەلایەنەوە ئەو پرسە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**ناکرێ چیدی کورد لەو ناوچەیەدا مافی چارەنووسی لێ زەوت بکرێ، زەوتکردنی مافی چارەنووس بە هەر بیانوو و پاساوێک جگە لە درێژەدان بە سایەی داگیرکاری بۆ خەڵک و بۆ هەرێمی کوردستان هیچ مانایەکی دیکە هەڵناگرێ**

**ئەگەر هەرێمی کوردستان مەبەستی ئەوەی هەبێت سوود لە فاکتەرە ئەرێنییەکان وەربگرێت، هەروەها فاکتەرە نەرێنییەکان لەڕێی خۆی کەم بایەخ و بێ بایەخ بکات، دەبێ لەو راستییەوە هەنگاو هەڵبگرێ کە لەئێستادا هیچ شتێک نییە بە ئەندازەی ناکۆکیی لاوەکی و لێکترازان مەترسی لەسەر ئێستاو داهاتووی کوردستان دروست بکات**



**مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# هاوپەیمانیی تازەی پارتی و یەکێتی دەبێتە بناخە بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکان و تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووریی کوردستان



**پرۆسەی گۆڕانکاری تەنیا گۆڕینی دەموچاوەکان نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و وەڵامدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئارادان**

**ئاوارەکانی شنگال کە تەنیا لە پارێزگای دهۆک نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس دەبن، هەموویان لە کەمپەکان ماونەتەوە و ناتوانن لە ترسی گێچەڵی پەکەکە بگەڕێنەوە**

**ساڵی ٢٠١٧ هەر لەسەرەتاوە وەك ساڵێكی ئومێدبەخش بۆ كوردستان دەستی پێكرد، بەتایبەتی كە لە دەستپێكی ساڵی تازەدا فرانسۆ ئۆلاند سەرۆكی فەرەنسا سەردانی كوردستانی كردو دوای ئەویش بینالی یەلدرم سەرۆك وەزیرانی توركیا و هەروەها چەندین شاندنی باڵای وڵاتانی دیكەی جیهان لەسەر ئاستی وەزیرانی بەرگری و دەرەوە هاتنە كوردستان و پشتگیری خۆیان بۆ كوردستان و پێشمەرگە دووبارە كردەوە.**

**لەسەر ئاستی چارەسەری كێشە ناوخۆییەكانی كوردستانیش هەر لە دەستپێكی ساڵی تازە باس و خواستێكی گەرم لەسەر رێككەوتنی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان هاتۆتەئاراوە وەك دوو هێزی سەرەكی لە پرۆسەی سیاسیی كوردستان، ئەمەش لە پێناوی رێكخستنەوەی نێوماڵی كوردستان و چارەسەركردنی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەكان. هەروەها هەنگاوهەڵگرتن بەرەو پرسی سەربەخۆیی و ئەنجامدانی ریفراندۆم و دەستپێكردنەوەی گفتوگۆ و وتووێژێكی جددی لەگەڵ حكومەتی بەغدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ئاشتییانە پێوەندیی ئایندەی نێوان كوردستان و عێراق وەك دوو دەوڵەتی هاوسێ دیاری بكرێت.**

**لایەنێكی دیكەی گرنگ كە ساڵی ٢٠١٧ لە دەستپێكدا بەخۆیەوە بینی، دەست بەكاربوونی ئیدارەی تازەی ئەمریكایە بە سەرۆكایەتی دۆناڵد ترەمپ، كە ئەویش هەر لەهەفتەی یەكەمی دەست بەكاربوونیەوە**

### ● خوێندنەوەیەك بۆ ئێستای كوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نیودەوڵەتی

لە دەستپێكی ئەم دیدارە كراوەیەدا، مەحمود محەمەد وەك بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن و وتەبێژی فەرمی پارتی دیموكراتی كوردستان، بەشێوەیەكی گشتگیرانەو لەسەر چەند ئاستێكی جیاواز بارودۆخی ئێستای كوردستانی بەمجۆرە پۆلێن كرد:

١- پرۆسەی سیاسی لە ناوخۆی كوردستان و گرنگیی كاری پێكەوەیی پارتی و یەكێتی لەم قۆناخەدا.

٢- پێوەندی و هەماهەنگی ئێستای نێوان عێراق و كوردستان و بەردەوامیی ئەم هەوڵانە بۆ دیاریكردنی پێوەندیی نێوان كوردستان و عێراق لە ئایندەدا.

٣- تەواوی ناوچەكە و جیهان بە قۆناخێك لە گۆڕانكاری خێراو چاوەڕواننەكراودا تێدەپەڕێت، دەبێت كوردستان لەناو ئەم گۆڕانكارییە خێراو چاوەڕواننەكراوانەدا چ نەخشەرێگەیەی هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم گۆڕانكارییە خێراو چاوەڕواننەكراوانە لە ئاستی پێویست وەڵامدانەوەی هەبێت و مەترسی و هەڕەشەكان تێپەڕێنێت و سوود لەم هەلە مێژووییە وەربگرێت.

٤- پرۆسەی سەربەخۆیی كوردستان چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆچی لە ٢٠١٦ گشتپرسی لەسەر پرسی سەربەخۆیی ئەنجام نەدرا؟

٥- شنگال چۆن ئاوەدان بكرێتەوەو چۆن لەگەڵ پەكەكە مامەڵە بكرێت بۆ ئەوەی نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئاوەدانكردنەوەی شنگالدا؟

**ئەگەر نوری مالیكی ببێتەوە سەرۆک وەزیران، واتە پرۆسەی دیالۆگ و وتووێژی نێوان كوردستان و عێراق لەسەر پرسی سەربەخۆیی كۆتایی دێت، ئەمەش لەو روانگەیەوە كە ئەقڵییەتی نوری مالیكی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا ئاشكرایەو هەرچی بەسەر عێراق هاتووە ئاكامی ئەقڵیەتی سیاسیی مالیكی بووە**

٦- كۆنگرەی ئاستانە بۆ چارەسەركردنی كێشەی سووریا و رۆڵی كورد لەو پرۆسەیەدا.

سەبارەت بەهەر یەكێك لەم تەوەرانە سەرەتای وتەبێژی فەرمی پارتی دیموكراتی كوردستان رەهەندە گرنگەكانی خستەڕوو، پاشان لە میانەی پرسیاری رۆژنامەنووساندا زیاتر قسە لەسەر هەر یەكێك لەم تەوەرانە كرا، كە لەم راپۆرتەدا بە شێوەیەكی وردتر دەیانخەینەڕوو.

### ● پرۆسەی سیاسی كوردستان و بەرپرسیاریەتی پارتی و یەكێتی لەم قۆناخەدا

لەسەر ئەم پرسە گرنگە وتەبێژی فەرمی پارتی دیموكراتی كوردستان، سەرەتا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە بارودۆخی سیاسیی ئێستای ناوچەكەو جیهان بە بەراورد لەگەڵ ساڵێك، یان دووساڵ پێش ئێستا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، ئەم جیاوازییەش رەنگدانەوەی ئەوەیە كە پرۆسەیەكی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەئارادایە كە وەك ساڵانی ١٩١٦ و ١٩١٧ و ١٩١٨ی سەدەی رابردوو جارێكی دیكە سەرلەنوێ دووبارە رێكخستنەوەی ناوچەكە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە كەی دەست پێدەكات و چۆن دەبێت، ئەمەیان پرسێكە تا ئێستا بە تەواوەتی رەهەندەكانی ئاشكرا نین، بەڵام گومان لەوەدا نییە كە پرۆسەیەكی لەم شێوەیە لەئارادایەو سیمای ئەم پرۆسەیەش لەو گۆڕانكارییە گەورانەدا دەردەكەون كە ئێستا

**جیهانی رووبەڕووی کۆمەڵێك گۆڕانکاری سەیر و چاوەڕواننەکراو کردۆتەوەو پێشبینی ئەوەشی لێدەکرێت کە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێك گۆڕانکاری خێراو چاوەڕواننەکراو بێنێتەئاراوە.**

**دیارە هەریەك لەم پرسانە کۆمەڵێك پرسیاری لە دووتوێی خۆیدا حەشارداوەو هەندێك لەو پرسیارانە پێویستی بە کۆمەڵێك میکانیزم هەیە، کە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستاندا خۆی بۆ ئامادەبکات، یان تێڕوانینێکی تایبەتی هەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێشهات و گۆڕانکاری و هەڕەشە و تەحەدیانەی لەم قۆناخەدا رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.**

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیدارێکی کراوەی بۆ رۆژنامەنووس و راگەیاندکارانی دامودەزگاکانی راگەیاندنی پارتی لەگەڵ مەحمود محەمەد بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن و وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی رێکخست و لەم دیدارەدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسانی دایەوەو دیدو تێڕوانینی پارتی لەسەر رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان و چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان و پێگەی کوردستان لە هاوکێشە ناوچەویی و نیودەوڵەتییەکاندا دایەوە**

لە گۆڕانکاری لە هاوپەیمانی هێزەکان لەسەر ئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتی دەستی پێکردووەو پێوەندییەکانی پێشووی پچڕاندووە و خەریکە رایەڵەی هاوپەیمانی تازە دەردەکەون.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گرنگە بۆ کاراکتەرە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین: ئێمە وەك ئەو کیانە سیاسییەی ئێستا کە لەناو ئەم هاوکێشەو گۆڕانکارییە خێرایانە بوونمان هەیە، ئایا لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەو ئەو هاوکێشە سیاسییە تازانەداین کە خەریکە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دێنەئاراوە؟ ئایا ئێستا ئێمە لەو ئاستەداین کە بتوانین لەنێو ئەم گەمە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەدا بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی خۆمان سوودی لێوەربگرین؟ ئایا چۆن دەتوانین سەنگ و پێگەی خۆمان لەناو ئەم هاوکێشە سیاسییە تازانەدا سەنگین و قورستر پیشان بدەین؟ بیگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەموویان پێویستیان بەوەیە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەچاوێکی واقیعییانە سەیری بارودۆخی ئێستا بکەن و هەموو پێکەوە هەوڵەکانمان چڕبکەینەوە بۆ ئەوەی نێوماڵی کوردستان رێکبخەینەوە و تواناکانمان یەك بخەین بۆ ئەوەی کێشە سیاسییەکان و قەیرانی ئابووری چارەسەر بکەین.

ئەوەی جێگەی ئومێد و گەشبینییە بۆ پرۆسەی رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و چارەسەرکردنی قەیرانەکان، ئەوەیە کە لەسەر ئاستی دیدو بۆچوونی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆمەڵێك گۆڕانکاری دروست بووە، بەتایبەتی لەنێوان ئەو لایەنانەی کە ئامادەباشیی خۆیان پیشانداوە، یان ئەو لایەنانەشی کە ئامادەباشییان هەیە و دەیانەوێت هاوکاری سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بن، ئەمەش زەمینەی ئەوەی دروستکردووە کە پێکەوە خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ بارودۆخی ئێستا لە سالآنی پێشوو دەست پێبکەین.

دیارە کاری پێکەوەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیی کوردستان پێوەندی بە بیروبۆچوونی جیاوازی نێوان حزبە سیاسییەکانەوە نییە، گرفتی ئێمە لەچەند ساڵی رابردوو ئەوەبووە کە نەمانتوانیوە بیروبۆچوونی جیاوازی حزب و لایەنە سیاسییەکان بکەینە سەرچاوەی هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو هەموو کات ئەم جیاوازی بیروبۆچوونە بۆتە هۆکارێك بۆ لاوازی و ئاستەنگ دروستکردن بۆ کێشەکان، لەم راستەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوای بەوە هەیە کە بوونی جیاوازی لە بیروبۆچوون و تێڕوانینی سیاسی دەبێت ببێتە سەرچاوەی هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك بەپێچەوانەوە، ئەم روانگەیەی پارتی لەو لۆژیکەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەنێوان هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەیە کە هەمووان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بۆیە گرنگە ئێمە سەرەتا خاڵە هاوبەشەکان کۆمان بکاتەوەو

**ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان باشە ئەو شاندەی بۆ دیالۆگ و وتووێژ لەسەر پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ بەغدا پێکدەهێنرێت، شاندێکی نەگۆڕ بێت و ئەو شاندە خەریکی ئەو پرسە بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە شاندەکە هەنگاو بەهەنگاو پرۆسەکە بەرەو پێشەوە بەرێت و ئاگاداری هەموو پێشکەوتنەکانی ناو پرۆسەکە بێت و بەشێوەیەکی بەردەوام کاری لەسەر بکات**

زەمینەیەك دروست بكەین بۆ ئەوەی بە ڕێگەی دیالۆگ و لێكتێگەیشتن لەسەر جیاوازییەكانیشمان دیالۆگ بكەین و ڕایەڵەی هاوبەش لەنێوان جیاوازییەكانماندا بدۆزینەوە.

دیارە دەستپێكی گرنگ لە ڕێكخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی كوردستان، بە هاوپەیمانی نێوان یەكێتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان دەست پێدەكات، ئەمەش بەو مانایە نییە كە پارتی و یەكێتی ڕێكبكەون بۆ ئەوەی لایەنەكانی دیكە پەراوێز بخرێن، نەخێر ئەمە بەو مانایە ڕێككەوتنی پارتی و یەكێتی دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی هەردوولا (پارتی و یەكێتی) پێكەوە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەكانی دیكە قسە بكەن و پرۆسەی سیاسی ڕێكبخەنەوە، لە پرۆسەی ڕیكخستنەوەی پرۆسەكەشدا، مەرج نییە هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان لەسەر هەموو پرسەكان ڕێكبكەون، بەڵكو لەوانەیە بەشی زۆری لایەنە سیاسییەكان پێكەوە بەرنامەیەك، یان نەخشەیەكی ڕێگە پێكەوە دابڕێژن و هەندێك لایەنی سیاسی نەیانەوێت كە لەو پرۆسەیەدا بەشداری بكەن و ناكرێت لەم قۆناخەدا ڕێكخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لەسەر لایەنێك، یان دوو لایەن پەكی بخرێت.

لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەوڵەكان لەنێوان یەكێتی و پارتی هەنگاوی باش و ئەجێندای باشی بۆ ئامادەكراوە، تا ئێستا یەك دوو كۆبوونەوە كراوەو لە چەند ڕۆژی دادێ كۆبوونەوەی دیكەش لەنێوان پارتی و یەكێتی لەسەر ئەم پرسە دەستپێدەكاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین، یان هاوپەیمانییەكی نوێ لە نێوان پارتی و یەكێتی گرێ بدەین، یاخود دووبارە ئەو ڕێككەوتنە ستراتیژییە هەموار بكەینەوە كە لە ساڵی ٢٠٠٧ لەنێوان پارتی و یەكێتی ئیمزای لەسەر كراوە.

لەسەر ئەم پرسە و لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووساندا، ئایا بۆچی لە ڕێكخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی كوردستاندا، هاوپەیمانیی پارتی و یەكێتی جێگەی كۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەكانی دیكە گرتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموكراتی كوردستان ئاماژەی بەوەكرد كە هەر لە كۆبوونەوەی یەكەمی نێوان پارتی و یەكێتی لە دوای پەیامەكەی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەركردنی كێشە ناوخۆییەكان، هەردوولا پارتی و یەكێتی بیروبۆچوونەكانیان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان زۆر لێك نزیك بوون، بۆیە هەر لەو كۆبوونەویە شاندی پارتی و یەكێتی بڕیاری ئەوەیان دا كە زنجیرەیەك كۆبوونەوەی دیكە لە نێوان هەردوولادا بەڕێوە بچێت بۆ ئەوەی بگەینە لێكتێگەیشتنێكی هاوبەش و هەردوولا ڕێكبكەوین و كێشەكان پێكەوە چارەسەر بكەین. بۆ ئەم قۆناخە پێكەوە كاركردنی پارتی و یەكێتی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان پێویستییەكی گرنگە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە كە پێكەوە كاركردن لەگەڵ لایەنەكانی دیكە پێویست نییە، نەخێر پێكەوە كاركردنی هەموو لایەنەكان گرنگە، بەڵام كاتێك دێینە سەر میكانیزمی چارەسەركردنی كێشەكان، دەبێت لەگەڵ خەڵكی خۆمان ڕاستگۆ بین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر كێشە لەنێوان پارتی و یەكێتی هەبێت، ئەوا ئاشكرایە كێشە لەناو تەواوی كۆمەڵگەی كوردستان دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر لەنێوان دوو حزب، یان دوولایەنی دیكە كێشە هەبێت، ئەو كێشەیە نابێتە هۆكاری ئەوەی كە كێشەیەكی هاوشێوە لە ناو كۆمەڵگە دروست بێت.

لایەنێكی دیكە كە ڕۆژنامەنووسان پرسیاریان لەبارەوە كرد، پرسی ڕێككەوتنی نێوان گۆڕان و یەكێتی بوو، كە لە ڕێككەوتنەكەدا ئاماژەیان بەوە كردووە نابێت هیچ لایەكیان بەبێ ئەوەی دیكەیان هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنی سێیەم دروست بكات، هەروەها بوونی ئەو دەنگانەی كە لەلایەن هەندێك لە كادرانی یەكێتییەوە دەبیسترێت دژی ئەم هاوپەیمانییە تازەی نێوان پارتی و یەكێتی، سەبارەت بەم لایەنەش وتەبێژی فەرمی پارتی دیموكراتی كوردستان جەختی لەسەر ئەوە كردەوە، دژایەتیكردنی ڕێككەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەكێتی چ لەلایەن هەندێك كادری ناو یەكێتی، یان بزووتنەوەی گۆڕانەوە شتێكی تازە نییەو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەرشیفی ساڵانی ڕابردوو دەبینین چۆن لەلایەن ئەوانەوە دژایەتی ئەو ڕێككەوتنە كراوە، بەڵام لەباری واقیعیشدا هەموو هەست بەو ڕاستییە دەكەین كە ڕێككەوتنی نێوان پارتی و یەكێتی چەند سوودی بۆ پێگەی كوردستان و سەقامگیری كوردستان هەبووە، بۆیە ئێمە وەك پارتی كۆبوونەوە فەرمییەكانی نێوان هەردوو مەكتەبی سیاسی پارتی و یەكێتی بەگرنگ دەزانین و هەست دەكەین ئەوانەی دژایەتی هاوپەیمانیی نێوان پارتی و یەكێتی

**یەكەكە لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو كۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك خەڵكی شنگال كردووە و پێیانگوتوون دەبێت دژی ئەو كۆمپانیایانە ڕابوەستن كە دێن و دەیانەوێت شنگال ئاوەدان بكەنەوە**

**ڕێككەوتن لەسەر پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ عێراق زۆر گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەگەر لە بەغدا لەسەر ئەم پرسە ڕێككەوتین، ئەوا ئەسڵەن ڕیفراندۆم پێویست نییە**

دەکەن، کەمینەن و دەربڕی سیاسەتی ڕاستەقینەی یەکێتی نین، سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتیش، دیارە لە ڕێککەوتنەکەدا نەهاتووە کە نابێت هیچ لایەك ڕێککەوتنی دیکە لەگەڵ لایەنی سێیەم بکات، بەڵکو باس لەوە دەکات کە نابێت بێ پرس بەیەکتری کردن هاوپەیمانی گرێبدەن، ئێمە لەسەر ئەم پرسە ئاگادار نین، یەکێتی پرسی بە گۆڕان کردووە، یان نە، بەڵام ئەگەر پرسیان پێ بکات و ئەوان ڕازی نەبن، ئەوا یەکێتی خۆی بڕیار دەدات و دەزانێت ئەم قۆناخە چی پێویستە.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا وتەبێژی فەرمی پارتی سەبارەت بە پێوەندییەکانی پارتی و یەکێتی پێش ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی، ئاماژەی بەوەکرد کە حەزدەکات لەسەر ئەم پرسە زانیارییەکی نوێ بەرۆژنامەنووسان بدات و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، پارتی و یەکێتی زۆر پێش ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی هەوڵەکانیان چڕکردبووەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر دیدێکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزنەوە، ئەم گفتوگۆیانە بەشێکیان بە ئاشکرا بوون و بەشێکیشیان دوور لە چاوی کامیراکانی ڕاگەیاندن بووە، بۆ ئەوەی بتوانین میکانیزمێکی تازە بۆ پێکەوە کارکردن و هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانمان بێنینەئاراوە، بۆ ئەمەش هەردوولامان بە پرۆژە دیدوتێڕوانینی خۆمان داوە بەیەکتری، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەرپرسیارێتی پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە هەستیارەدا لەهەموو لایەنەکانی دیکەی زیاترە هەردوولا لە ڕوانگەی هەستکردن بەم بەرپرسیارێتییە هەوڵماندا کە پێکەوەکارکردنمان بەردەوام بێت.

**● بۆچی ریفراندۆم لە ٢٠١٦ ئەنجام نەدرا؟**

**پرسی سەربەخۆیی و وتووێژەکانی نێوان عێراق و کوردستان**

پرسێکی دیکەی گرنگ کە بووە تەوەری سەرەکی لەم وتووێژە کراوەی نێوان ڕۆژنامەنووسان و وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەنووسان پرسی سەربەخۆیی کوردستان و هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم بوو لە ساڵی ٢٠١٦ دا، سەبارەت بەم پرسە مەحمود محەمەد وتەبێژی فەرمی پارتی باسی لە پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کرد لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەتاکو ئێستا، لایەنی کوردستانی بەگشتی و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، سیستمێکی دیموکراتی و پەرلەمانی و فیدراڵی لە عێراقدا بونیاد بنرێتەوە، ئێمە لەمەدا دەبێت ڕاستگۆ بین کە لەم پرۆسەیەدا نەمانتوانی سەرکەوتوو بین و عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینە بونیاد بنێینەوە، هۆکاری ئەوەشی کە سەرکەوتوو نەبووین، ئەوە بوو کە جارێکی دیکە ئەقڵییەتی ئەوانەی لە بەغدا حوکمڕانییان کەوتەدەست، بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕۆیشت کە لەمیانەی زۆرینەی مەزهەبگەرایی شیعەوە حوکمڕانیی عێراق بکەن، وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین، بۆیە ئەمە سەلماندنی کە عێراق جارێکی دیکە نە لەلایەن یەك نەتەوە، یان یەك مەزهەبەوە بەڕێوەناچێت، یان لەسەر بنەمای کەمینە و زۆرینە وەك ئەوەی ئێستا هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، بەڕێوەناچێت، کەواتە لەم حاڵەتەدا دەبێت بەدوای میکانیزمی دیکەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی پێوەندیی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق ڕێکبخاتەوە، میکانیزمی نوێش بۆ پێوەندیی داهاتووی نێوان عێراق و کوردستان ئەوەیە کە بتوانین وەك دوو دەوڵەتی دراوسێی یەك پێکەوە بژین و پێوەندیمان هەبێت.

سەبارەت بەوەی ساڵی ٢٠١٦ بۆ پرسی گشتپرسی لە کوردستان دواخرا و نەتوانرا ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت، وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاشکاوانە گوتی: من دەمەوێت لەسەر ئەم پرسە هەندێك زانیاریی تازە بدرکێنم، لەبەر ئەوەی ئێوەی ڕۆژنامەنووسان حەز دەکەن ئەو زانیارییانە بزانن. ئاشکرایە هەمووتان دەزانن کە دیدو تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بەو جۆرەیە ئەم پرۆسەیە بە لێکتێگەیشتنی نێوان کوردستان و عێراق و بە ڕەزامەندی عێراق کۆتایی بێت، هەر بۆیە کاتێك ساڵی پار زەمینەی ئەوە ڕەخسا ئەم پرسە ڕاشکاوانە لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق و لایەنە سیاسییەکانی شیعەوە سوننە لە عێراقدا باس بکرێت و دژایەتی بۆ ئەم پرسە نەبوو، ئەوا بەباش زانرا کە درێژە بەو دیالۆگ و وتووێژانە بدرێت بۆ ئەوەی لەسەر پرسی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوین. بێگومان ڕێککەوتن

**دیدو تێڕوانینی سەرۆک بارزانی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بەو جۆرەیە ئەم پرۆسەیە بە لێکتێگەیشتنی نێوان کوردستان و عێراق و بە ڕەزامەندی عێراق کۆتایی بێت**

**ئێمە وەک پارتی کۆبوونەوە فەرمییەکانی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بەگرنگ دەزانین و هەست دەکەین ئەوانەی دژایەتی هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی دەکەن، کەمینەن و دەربڕی سیاسەتی ڕاستەقینەی یەکێتی نین**

لەسەر پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ عێراق زۆر گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەگەر لە بەغدا لەسەر ئەم پرسە ڕێککەوتین، ئەوا ئەسڵەن ریفراندۆم پێویست نییە، کەواتە ئێستا گفتوگۆ و دیالۆگ لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەغدا هەیە، بەنیازیشن جارێکی دیکە وەفدێکی کوردستانی بۆ درێژەپێدان سەبارەت بەهەمان پرس سەردانی بەغدا بکاتەوەو لەسەر ئەم پرسە بەردەوامی بە پرۆسەکە بدات. ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان باشە ئەو شاندەی بۆ دیالۆگ و وتووێژ لەسەر پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ بەغدا پێکدەهێنرێت، شاندێکی نەگۆڕ بێت و ئەو شاندە خەریکی ئەو پرسە بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە شاندەکە هەنگاو بەهەنگاو پرۆسەکە بەرەو پێشەوە بەرێت و ئاگاداری هەموو پێشکەوتنەکانی ناو پرۆسەکە بێت و بەشێوەیەکی بەردەوام کاری لەسەر بکات.

هەر لەسەر ئەم پرسە ڕۆژنامەنووسان پرسیاری ئەوەیان وروژاند، بەم دواییە سەرۆك بارزانی لەدیدارێکی ڕۆژنامەیی لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت ئاماژەی بەوە کردووە ئەگەر مالیکی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوا ئەو ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنێت، ئەوجا هەرچی دەبێت، با ببێت، لەسەر ئەم لێدوانە قسەی زۆر کرا، بەوەی گوایە سەرۆك بارزانی پرسی سەربەخۆیی کوردستانی بەستۆتەوە بە مالیکی، ئایا مەبەستی سەرۆك بارزانی لەم قسەیە چی بووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا وتەبێژی پارتی ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو پێشتر باسی ئەوەی کرد کە بۆچی ساڵی ٢٠١٦ پرۆسەی گشتپرسی دواخرا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە پرۆسەی دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە سیاسییەکانی شیعەو سوننە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکرد، ئێستا لایەنی کوردستانی چاوەڕێی ئاکامی ئەو دیالۆگ و وتووێژانەی نێوان کوردستان و عێراقە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بگاتە ئاکام، بەڵام کاتێك ڕۆژنامەنووسەکەی شەرقولئەوسەت پرسیاری ئەوە لە سەرۆك بارزانی دەکات، ئەگەر نوری مالیکی بووەوە سەرۆك وەزیران چ بڕیارێك دەدەن؟ دیارە وەك هەموومان بینیومانە جەنابی سەرۆك دەڵێت ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنم، ئەم وەڵامەی سەرۆك بارزانی مانای ئەوەیە ئەگەر نوری مالیکی ببێتەوە سەرۆك وەزیران، واتە پرۆسەی دیالۆگ و وتووێژی نێوان کوردستان و عێراق لەسەر پرسی سەربەخۆیی کۆتایی دێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەقڵییەتی نوری مالیکی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا ئاشکرایەو هەرچی بەسەر عێراق هاتووە ئاکامی ئەقڵییەتی سیاسیی مالیکی بووە، بۆیە زۆر زەحمەتە لایەنی کوردستان بتوانێت لەگەڵ ئەو ئەقڵییەتە و بە شێوەیەکی ئاشتییانە پرۆسەیەکی گرنگی وەك پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان چارەسەر بکات.

وتەبێژی فەرمی پارتی لە درێژەی قسەکانیدا گەڕایەوە سەر ئەو پرسەی بۆچی لە ٢٠١٦ گشتپرسی ئەنجام نەدرا، وەڵامەکەی ئەوە بوو کە دیالۆگ و وتووێژ لە نێوان کوردستان و عێراق دروست بوو لەسەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتییانە، بۆیە کاتێك ئەم پرۆسەیە کۆتایی هات، ئایا سەرۆك بارزانی، یان کوردستان چاوەڕێی چی بکات، بێگومان ئەوەیە کە وەك سەرۆك بارزانی گوتی: (دەبێت بڕیاری سەربەخۆیی بدات، ئەوجا چی دەبێت با ببێت)، بەڵام ئەو خەڵك و لایەنانەی کە دەیانەوێت بۆ مەبەستی تایبەتی قسەکەی سەرۆك بارزانی بشێوێنن، خۆیان دەزانن سەرۆك بارزانی مەبەستی چی بووە، بەڵام بۆ مەبەستی ئەجینداى حزبی و سیاسیی خۆیان خەڵك چەواشە دەکەن و ئەمەش یەکەمجار نییە ئەو خەڵك و لایەنانە بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵکەوە.

## ● شنگال چۆن ئاوەدان بکرێتەوەو چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە دەکرێت؟

شنگال دوای ئەوەی ئەو کارەساتەو ئەو هەموو کاولکارییەی بەسەریدا هات، ئێستا پەکەکە ڕێگرە لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە و نایەوێت ئەو شارە ئاوەدان بکرێتەوە، پرسیاری ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بەم پرسە ئەوە بوو ئایا چۆن ئاوەدانکردنەوەی شنگال کاری بۆ دەکرێت و چۆن مامەڵە لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ پەکەکە دەکرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە بارودۆخی کاولکراوی شنگال کردو بەوەی شنگال بە ئاستێك کاول بووە کە دەبێت سەرلەنوێ شارێکی نوێ بونیاد بنرێتەوە، تەنانەت ئاستی کاولکاری شنگال وەك بەشی چەپی موسڵیش نییە کە بەم دواییە لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار کرا، ڕاستە

**دژایەتیکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی چ لەلایەن هەندێک کادری ناو یەکێتی، یان بزووتنەوەی گۆڕانەوە شتێکی تازە نییەو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەرشیفی ساڵانی ڕابردوو دەبینین چۆن لەلایەن ئەوانەوە دژایەتی ئەو ڕێککەوتنە کراوە، بەڵام لەباری واقعیشدا هەموو هەست بەو ڕاستییە دەکەین کە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی چەند سوودی بۆ پێگەی کوردستان و سەقامگیری کوردستان هەبووە**

**هەر لەکۆبوونەوەی یەکەمی نێوان پارتی و یەکێتی لەدوای پەیامەکەی سەرۆک بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، هەردوولا پارتی و یەکێتی بیروبۆچوونەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زۆر لێک نزیک بوون**

بەشی چەپی موسڵ کاولکاری تێدا روویداوە، بەڵام لە شنگال کاولکارییەکە بە ئاستێکە کە دەبێت سەرلەنوێ شارێکی دیکە بونیاد بنرێتەوە، سەبارەت بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شنگال کە لە ئێستادا هەموو هەوڵێك خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی هاوکاری و کۆمەکی لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دابینبکرێت و ئەو شارە بونیاد بنرێتەوە، لەسەر ئەم لایەنە وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، کە پەکەکە لەماوەی چەند رۆژی رابردوو کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك خەڵکی شنگال کردووە و پێیانگوتوون دەبێت دژی ئەو کۆمپانیایانە رابوەستن کە دێن و دەیانەوێت شنگال ئاوەدان بکەنەوە، ئێمە وەك پارتی ناوی ئەو کەسانەی پەکەکە کە ئەم کارەیان کردووە، دەزانین کێن، بەڵام پێویست نییە ناوەکانیان ئاشکرا بکەین، ئەم هەنگاوەی پەکەکە مانای ئەوەیە ئەوان دژی ئاوەدانکردنەوەی شنگالن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە، هەر بۆیەشە ئاوارەکانی شنگال کە تەنیا لە پارێزگای دهۆك نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس دەبن، هەموویان لە کەمپەکان ماونەتەوە و ناتوانن لە ترسی گێچەڵی پەکەکە بگەڕێنەوە، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لەگەڵ پەکەکە، ئێمە خوازیارین بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەم کێشە چارەسەر بکرێت و پەکەکە ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی چیتر خوشك و برا ئێزیدییەکان و خەڵکی شنگال بەدەست ئاوەداننەکردنەوەی شنگالەوە نەناڵێنن، بەڵام بەداخەوە پەکەکە نایەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، لەو ماوەیەی پێشوو شاندێکی پەکەکە لەگەڵ پارتی و هەندێك لایەنی دیکە کۆبوونەوە، ئەوان پێشنیاری ئەوە دەکەن و دەڵێن با ئەنجومەنێکی سیاسی لەنێوان هەموو حزبەکان دروست بکەین و ئەنجومەنێکی سەربازی دروست بکەین، ئەم پێشنیارەی پەکەکە گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کە ئێمە هیچ دامەزراوەیەکی شەرعی و هەڵبژێردراومان لە کوردستان نەبووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەنجومەنێکی سیاسی دروست بێت، رۆڵی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت چی دەبێت؟ ئایا ئەگەر ئەنجومەنێکی سەربازی دروست بێت، ئەی وەزارەتی پێشمەرگە چ مانایەکی دەبێت؟ بۆیە ئەم هەنگاوەی پەکەکە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکە نییە و هەر لەسەرەتاشەوە تا ئێستا پەکەکە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانی وەك دامەزراوەی شەرعی و هەڵبژێردراو نەناسیوە، هەر ئەمەش هەموو ئەو کێشانەیە کە پەکەکە لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دروستی کردووە.

## ● پرۆسەی گۆڕانکاری لەناو پارتیدا دەست پێدەکات

پارتی دیموکراتی کوردستان ماوەی ٧ ساڵە کۆنگرەی گرێنەداوە لەماوەی ئەم حەوت ساڵەشدا گۆڕانکاری گەورەی روویداوە، بۆیە پرسیاری رۆژنامەنووسان ئەم پرسەشی ورووژاند: ئایا پارتی بۆ وەڵامدانەوەی گۆڕانکارییەکان پرۆسەیەکی بەدەستەوەیە بۆ گۆڕانکاری لەناو خۆیدا، لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد راستە کە پارتی ماوەی حەوت ساڵە کۆنگرەی گرێنەداوەو لەم ماوەیەشدا گۆڕانکاری زۆر هاتوونەتەئاراوە، بەڵام بارودۆخەکەش بەو شێوەیە بووە کە نەتوانرێت کۆنگرە گرێ بدرێت، لە راستیشدا سروشتی حزبی سیاسی بەو جۆرەیە کە بەرنامەو پرۆگرامی خۆی بۆ ماوەی ٤-٥ ساڵ دادەڕێژێت، بۆیە لەم روانگەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان هەستی بەوە کردووە کە قۆناخەکە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، بۆ ئەم پرۆسەی خۆڕێکخستن و خۆگونجاندنە لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان حەوت لیژنەی پێکهێناوە لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکانی حزب، لیژنەکان راپۆرتی خۆیان تەواو کردووە، چاوەڕێی ئەوە دەکەین سەرکردایەتی پارتی کۆبوونەوەی خۆی بکات و ئەو راپۆرتانە پەسەند بکات و دەست بکرێت بە جێبەجێکردنیان، لەم پرۆسەی گۆڕانکارییەدا رەچاوی زۆر تایبەتمەندی کراوە، هەر بۆ نموونە ئەو گۆڕانکاریانەی پێویستە لە زاخۆ بکرێن، رەچاوی تایبەتمەندی زاخۆ کراوە، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەشی کە پێویستە بۆ نموونە لە هەولێر، یان سلێمانی بکرێت، رەچاوی تایبەتمەندی و بارودۆخی ئەو ناوچانەش کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی گۆڕانکاری تەنیا گۆڕینی دەموچاوەکان نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و وەڵامدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەئارادان.

■

**کاری پێکەوەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیی کوردستان پێوەندی بە بیروبۆچوونی جیاوازی نێوان حزبە سیاسییەکانەوە نییە، گرفتی ئێمە لەچەند ساڵی رابردوو ئەوەبووە کە نەمانتوانیوە بیروبۆچوونی جیاوازی حزب و لایەنە سیاسییەکان بکەینە سەرچاوەی هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

■


**گۆڕانکاری لە هاوپەیمانی هێزەکان لە سەر ئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتی دەستی پێکردووەو پێوەندییەکانی پێشووی پچڕاندووە و خەریکی رایەڵەی هاوپەیمانی تازە دەردەکەون**

■

**پرۆسەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەئارادایە کە وەک ساڵانی ١٩١٦ و ١٩١٧ و ١٩١٨ی سەدەی رابردوو جارێکی دیکە سەرلەنوێ دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

# کورد دێتە ناو مێژووەوە!!

**هەولێر لە رووی جووڵەی دیپلۆماسییەوە لە هەموو پایتەختەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەردەکەوێت و زیاترین سەردان و کۆبوونەوەی سەرۆک و وەزیرو دیپلۆمات و بەرپرسانی جیهان رەنگە لەم دوو ساڵەدا لەم شارەی ئێمە و لەگەڵ بەرپرسانی کورددا کرابێت. ئەمەش سەنگ و قورسایی کورد دەسەلمێنێت.**



**عەتا قەرەداغی**

**تایبەت بە گوڵان نووسیوەتی**

رەنگە ئەمە ناونیشانێکی سەیر بێت و ئەو پرسیارە دروست بکات: ئایا تاکو ئێستا کورد لە ناو مێژوودا نەبووە؟ بێگومان رەنگە زۆر بە خێراییش وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوەو پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت کە کورد نەك هەر لە ناو مێژوودا نەبووە، بەڵکو رۆڵی گرنگیشی هەبووە لە مێژوودا، بۆ نموونە چەندین مێژوونووسی ئێمە باسی رۆڵی کورد دەکەن لە خزمەتی دەوڵەتی ئیسلامیدا. زۆرێك باسی شکاندن یان زەرەرمەندبوونی سوپای دە هەزار کەسی گەزنەفۆن دەکەن لە کاتی تێپەڕینیاندا بە کوردستاندا، زۆرێکیش باسی ئەو خزمەتە زۆرە دەکەن کە کەسانی کورد لە مێژوودا لە رووی سیاسی و ئیداری و بەڕێوەبردنەوە، یان لە رووی کەلتوورییەوە پێشکەشی عەرەب و فارس و تورکیان کردووە. لێرەدا نامانەوێت بڵێین ئەو خزمەتانە مەگەر لە رووی مەعنەوییەوە بۆ ئەو تاکەکەسانەی کە پێشکەشیان کردوون، ئەگینا لە رووی مێژووی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردییەوە بۆ ئێمەماناو واتایەکیان نییە. بە دەربڕینێکی سادەو ساکار مێژووی کورد لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە کورد وەکو نەتەوەو بە ناوی کوردەوە بەشداری بکات لە بەرهەمهێنانی شارستانێتیی مرۆڤایەتیدا، چونکە هیچ بەشداریکردنێك بە بێ بوونی شوناسی نەتەوەیی هیچ تۆمارێك بۆ نەتەوە دەستەبەر ناکات. شوناسی نەتەوەییش بە بێ بوونی دەوڵەتی نەتەوە مانایەکی نییە. بۆیە کورد تاوەکو ئێستا هەرچیەکی

کردبێت مـادەم خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبووەو نییە، واتـە لـە فەرهەنگـی جیهانی شوناسـەکاندا شـتێك نییـە بـە نـاوی کـوردەوە. ئـەو شوناسـەش ئەگـەر لـە ئاسـتێکدا شوناسـی کەلتـووری بێـت، ئـەوا لـە ئاسـتێکی تردا شوناسی یاساییە لەو روانگەیەوە کە کـورد ناوێکـی تۆمارکـراو و ئامادەو خاوەن شـوناس بێـت لە تۆمـاری نەتـەوە یەکگرتووەکانداو ئاڵاکەی لـە ریـزی ئـاڵای نەتەوەکانی تـردا بشەکێـتەوە. لە راسـتیدا هـەر نەتەوەیـەك ئـەم شوناسـە یاساییەی نەبێت، چەنـدی لـە رووی کەلتـووری و زانسـتی و وەرزشیشـەوە لـە پێش بێت، ناوێکـی نابێت لـە ریـزی نـاوە خـاوەن شوناسـەکانداو ئەمـەش دەیخاتە دەرەوەی مێژوو. بۆ نموونە نووسـەرێکی پایەبەرزی وەکـو یەشـار کەمال بە نووسـەری تـورك ناودەبرێت. مەسـعود یەڵمـاز کاتێـك گۆڵێـك تۆمـار دەکات، کۆمێنتـەرەکان بـە یاریکـەری ئەڵمانـی بـە رەگـەز تـورك نـاوی دەبـەن. یەڵماز گۆنەی بـە دەرهێنەری تـورك و بەهمەنـی قوبـادی بـە دەرهێنـەری ئێرانی ناودەبرێن، لە کاتێکدا ئەم تاکەکەسـە کوردانە لەسەر ئاستی جیهانیش ئامادەبوونی خۆیانیان سەلماندووە. بەڵام ئاشکرایە ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی بووایە، بێگومان هەموو ئەم ناوانەو چەندینی تریش بە کوردو کوردستانی ناودەبران.

ئێمـە دەزانیـن بەدەسـتهێنانی شوناسـێك کـە ببێتە بنەمـا بۆ ئەوەی کورد بێتـە ناو مێژووەوە، کۆمەڵێك بنەمای مادی و مەعنەوی پێویسـتە، بەڵام بە بێ پێکهاتنی دەوڵەتی کورد ئەو بنەمایانە وەکو مادەی خـاو دەمێننـەوە. کەواتـە لێـرەوە دەردەکەوێت هیـچ شـتێکی کورد نابێت بە سرووشـتی و باری ئاسـایی وەرناگرێـت تـا ئەو کاتـەی کە کـورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتـی نەتەوەیی خـۆی، چونکە تەنیا لە دەوڵەتدا هـەر نەتەوەیەك دەتوانێت گوزارشـت لە بوونی خۆی بـکات و بکەرێتیـی خۆی لەسـەر زەمینەی واقیع و لـە بەرامبـەرو لە تەنیشـت ئەوانی تردا بسـەلمێنێت. ئێسـتا بـا نموونەیەکـی سـادە بهێنینەوە. لـە ماوەی دوو سـاڵ و نیـوی رابـردوودا کـورد وەکـو یەکـەم هێـزی کاریگـەر توانیویەتـی لەبەرامبـەر هێزێکـی تیرۆریسـتی وەکـو داعشدا رابوەسـتێت و نـەك هـەر بەرگـری لەخـۆی بـکات، بەڵکو ناوەندی سیاسـیی جیهانیـش دان بەو راسـتییەدا دەنێت، کە لەبەرامبەر داعشدا کورد بکەری یەکەمە. بەڵام کاتێ دێتە سەر هەر بڕیارێکی نێودەوڵەتی سـەبارەت بە داعش و بە چارەنووسـی ناوچەکـە نەك دەوڵەتە شکسـتخواردووە بەزیوەکەی بەغدا لەبەرامبەر داعشـدا بەڵکو شـێخە خـاوەن دەوڵەتەکانـی کەنداویـش دەنگـی فەرمییـان لـەو کۆڕو کۆبوونەوانەدا دەبێت و پرسـیان پێدەکرێت، کوردیش لە دەرەوەی بازنەکەیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کـە کـورد ئـەو چەتـرە یاسـاییەی نییە کـە چەتری دەوڵەتـە. تاوەکو ئێسـتاش دەبێ ئـەو هاریکارییانەی بـۆ هێزی پێشـمەرگە لـە رۆژئاواوە دێـت، دەبێت بە رەزامەندیـی بەغـدای بەزیـو لەبەردەمـی داعشـدا بگاتـە کوردسـتان. هۆکارەکـەش دیسـان نەبوونـی دەوڵەتی کوردییە.

راستە کورد سەرباری هەموو کێشەو کەموکورتییە ناوخۆییەکانی، سەرباری هەموو ئەو قەیرانانەی کە یەخـەی گرتـووەو بەشـێکی دروسـتکراوی دەرەوەیەو بەشێکیشـی کە زۆرەکەیەتی دەرئەنجامی ململانێی نامەشـرووعی ناوەوەیەو بەشـێکی لـە بێ ئەزموونی و نەشـارەزاییەوەیەو بەشـێکی زیاتریشـی لە لاوازیی هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی کـردن و خەریکبـوون بـە بەرژەوەنـدی تایبەتـی و حیزبییەوەیـە. بەشـێکی پێوەنـدی بـە رۆڵی نەرێنی گەنجی بـێ ئەزموون و بێ پاشخانەوەیە کە لە بێبەرنامەیی حیزبی کوردی، یان بە مەبەسـت گەیەندراونەتە پێگەی لەوجۆرە کە هەڵەکانیان بەرهەمهێنی قەیرانی زیاترە، بەشێکیشی دەرهاوێشتەی ئەو مێژووە ناشیرینەی ململانێی نێوان ئەو نوخبە سیاسـییەیە کە نیوسەدەیە لەسەر جەستەو رۆحـی میللـەت رق و کینەی خۆیان لە دژی یەکتر خاڵـی دەکەنەوە. بـەڵام بەهەموو ئەم گرفتانەشـەوە، کـورد ئێسـتا پێگـەو جێگایەکـی هەیـە. دەبـێ لەوە تێبگەیـن مێژوو رەوتی خۆی دەکات و ئەوەی ئێستا کورد پێیگەیشتووە بەرهەمی ئەو رەوتە سرووشتییەیە کە کۆمەڵگە لەپەرەسەندنی خۆیدا پێی دەگات. لەم رووەوە دەبـێ دڵنیابیـن ئەگـەر کـورد خـۆی بیەوێت هەموو ئەو قەیرانانە تێدەپەڕێنێت، بەڵام....

کەواتـە دەبێ لەسـەر وشـەی بـەڵام رابوەسـتین و بزانین مەبەستمان لەو بەڵامە چییە. پێمباشە سەرنج بـۆ ئـەوە رابکێشـم لـە بارودۆخـی شـەڕی داعشـدا دنیـا ناچاربـووە مامەڵەیەکـی لەبەرچـاو لەگـەڵ کورددا بکات. راسـتە جیهانی بڕیاربەدەسـت دەزانێت کورد ئەو هێزەیە لەسـەر زەمینەی واقیع لە شـەڕی تیرۆریستانی داعشدا ئامادەبوونی لەبەرچاوی هەیە، بۆیـە بەوجۆرە مامەڵـەی لەگەڵ دەکات. بە جۆرێك دەبینین هەولێر لە رووی جووڵەی دیپلۆماسـییەوە لە

**بەرپرسیارێتی یەکەم لە روخاندنی بەربەستەکان و زەمینەخۆشکردن بۆ ئەو یەکێتی و یەکبوونە کە زەمانەتی بڕیاردانی سەربەخۆیی و پاراستنی ئەنجامی بڕیارەکەش دەکات، پارتی دیموکراتی کوردستانە. بۆیە پێویستە پارتی لە پێناوی رێکخستنی ماڵی کورددا هیچ هەنگاوێک بە تەنازول نەزانێت**

**یەڵماز گۆنەی بە دەرهێنەری تورک و بەهمەنی قوبادی بە دەرهێنەری ئێرانی ناودەبرێن، لە کاتێکدا ئەم تاکەکەسە کوردانە لەسەر ئاستی جیهانیش ئامادەبوونی خۆیانیان سەلماندووە. بەڵام ئاشکرایە ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی بووایە، بێگومان هەموو ئەم ناوانەو چەندینی تریش بە کوردو کوردستانی ناودەبران**

**ئەو حیزب و دەستەو گرووپانەی دەکەونە ژێرناوی ئەم کاتیگۆرییەوە لە خراپترین کێشەی ناوخۆدان و بەردەوام لە شپرزەیی و هەڵچووندا بن و ئاراستەی ئیشکردنیان نادیارەو پەرت و بڵاون و تەنانەت توانای هیچ جۆرە بڕیاردانێکی ئەوتۆیان نییە و هەر دەستەو گرووپ و تەنانەت هەر چەند بەرپرسێکیان هەریەکە ئاوازێک دەژەنێت**

هەموو پایتەختەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەردەکەوێت و زیاترین سەردان و کۆبوونەوەی سەرۆك و وەزیرو دیپلۆمات و بەرپرسانی جیهان رەنگە لەم دوو ساڵەدا لەم شارەی ئێمە و لەگەڵ بەرپرسانی کورددا کرابێت. ئەمەش سەنگ و قورسایی کورد دەسەلمێنێت. بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن کورد خۆی سوود لەم بایەخدان و بە ناچاری رووکردنی دنیای بڕیار بەدەستە بۆ هەولێر لە سوودو بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بەکاردەهێنێت.

رەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین سەرباری خراپی باری بابەتی سەبارەت بە کورد، بەڵام کێشەی گەوهەریی ئێمە بە درێژایی مێژوو زیاتر هەڵقولاوی باری خۆی، یان ناوخۆیی خۆمان بووە. ئەوەش وایلێکردووین نەتوانین سوود لەو کاتانە وەربگرین کە باری بابەتی لەبارو گونجاو بووە. واتە ئێمە خۆمان لە رابردوودا نەمانتوانیوە سوود لەو هەلانە وەربگرین کە رەخساون و ئەگەر کورد یەك دەنگ و یەك بڕیارو یەکگرتوو بوایە لە رابردوودا، دەیتوانی سوود لە زۆر هەل وەربگرێت و هەنگاوی بەرەو سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت بنێت، کە ئەوەش تاکە دەروازەیە کورد لێیەوە بێتە ناو مێژووەوە. ئێستاش لەم بارودۆخەدا کە کوردستان بەگشتی و باشوور بەتایبەتی بووەتە جێگای سەرنجی دنیا و نەبەزینی پێشمەرگەو خۆڕاگرییان لەبەرامبەر تیرۆریستانداو نەبوونی هەڵوێستی دیاری رەیسیزمانە لە لایەن جەماوەری کوردستانەوە بەرامبەر بەو لێشاوی ئاوارانەی کە سەربە دەوڵەتە داگیرکەرەو وێرانکەرەکانی کوردستانن، دەرگایەکی فراوانی لەبەردەم کورددا کردووەتەوە بۆ ئەوەی هەنگاوی جیدی و چارەنووسسازانە بەرەو ئایندەی خۆی هەڵبنێت، بەڵام وەك دەبینین تاوەکو ئێستا زەمینەی ناوخۆ لەسەر ئاستی بڕیارو شێوەی کارکردنی نوخبەی سیاسی و حیزبی وەکو پێویست نییە. ئێمە دەزانین جەماوەر لە زۆر رووەوە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات و ئەگەر سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیشی هەبێت بە ئاراستەی ئامانجی باڵا کە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی رابەرایەتی بکات، ئەوا گومانی تێدا نییە جەماوەر لێبڕاوانە دوای ئەو ئامانجە دەکەوێت. ئێمە گرفت یان قەیرانی لاوازی عەقڵێکی سیاسیمان هەیە کە بتوانێت سوود لەو هەلومەرجە بابەتییە وەربگرێت کە ئێستا هاتووەتەپێش کە گەوهەرەکەی ئەمەیە. یەکەم کورد لە باشترین باری ئامادەبووندایە لە روانگەی ئەوانی دەرەوەی کوردەوە. مامەڵەی جیهانی دەرەوە لە گەڵ کورددا راستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت. دووەم حکومەتی ناوەندی عێراق لە خراپترین باریدایە چ لە رووی سیاسی و ئیداری و ئابوورییەوە، چ لە رووی پێگەی نێودەوڵەتییەوە. بارودۆخی سیاسی و ئابووری و مەسەلەی دیموکراسی و ئازادیش لەو دەوڵەتانەدا کە هەریەکەیان بەشێك لە کوردستانیان داگیرکردووە، خراپەو بە ئاراستەی خراپتریش دەڕوات. کورد دەتوانێت سوود لەو خاڵە لاوازەی داگیرکەرانی کوردستان بە عەرەب و تورك و فارسەوە وەربگرێت و لە جیاتی گۆرانی گوتن و خەونبینین بە بەغداو تاران و ئەنقەرەو دیمەشقەوە، پێویستە بە واقیعیانە یەکێتی و یەکبوونی کورد لە سەر جوگرافیای کوردستان دروست بکات. بۆ ئەوەی کورد سوود لەم بارودۆخە وەربگرێت دەبێ عەقڵی تەسکی حیزبی بەلاوەبنرێت و بچووکی و پاشکۆیی بۆ داگیرکەرانی کوردستان رەتبکرێتەوەو لەبری ئەوە هەوڵی دروستکردنی پێوەندیی هاوسەنگ بدرێت لەگەڵ بەغداو تاران و ئەنقەرەدا. هەر حیزب و تاکێکی کورد پێوەندی خۆی و دڵسۆزی خۆی بۆ عەرەب و تورك فارس پێش کارو دڵسۆزی خۆی بۆ کورد و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بخات، دەبێ بزانێت مێژوو رەحمی پێناکات و کاتێ کورد دێتە ناو مێژووەوە ئەو فڕێدەدرێتە سەرەنوێلکی مێژووەوە.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەو بارودۆخە نادروستە بکەین کە پەروەردەی شکستخواردووی حیزبی لە کوردستاندا بەرهەمیهێناوە کە ئەویش دەتوانین لە بری پەروەردەی حیزبی بە بەرنامەی حیزب بۆ گەوجاندنی ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبانە بیدەینە قەڵەم کە بریتییە لە بێبەهاسەیرکردنی نەتەوەو نیشتمان لە پەروەردەی حیزبیدا، کە دەرئەنجامی ئەوەش بریتییە لە رووخاندنی بڕواو متمانەی زۆرینەی کادیران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە سەربەخۆیی و بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. بێگومان ئەمەش دوو سەرچاوەی هەیە. یەکەمیان یان ئەوەیە کە ئەم جۆرە حیزبانەی کە ئەم جۆرە پەروەردەیە دەکەن، لە بنەڕەتدا بڕوایان بە سەربەخۆیی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی نییە. واتە ئەمانە حیزبی بێ ستراتیژو بێ بەرنامەی نەتەوەیین. هەرئەوەش وایکردووە کە

هەر حیزب و تاکێکی کورد پێوەندی خۆی و دڵسۆزی خۆی بۆ عەرەب و تورک فارس پێش کارو دڵسۆزی خۆی بۆ کورد و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بخات، دەبێ بزانێت مێژوو رەحمی پێناکات و کاتێ کورد دێتە ناو مێژووەوە ئەو فڕێدەدرێتە سەرەنوێلکی مێژووەوە

کورد دەتوانێت سوود لەو خاڵە لاوازەی داگیرکەرانی کوردستان بە عەرەب و تورک و فارسەوە وەربگرێت و لە جیاتی گۆرانی گوتن و خەونبینین بە بەغداو تاران و ئەنقەرەو دیمەشقەوە، پێویستە بە واقیعیانە یەکێتی و یەکبوونی کورد لەسەر جوگرافیای کوردستان دروست بکات

جەماوەر لە زۆر رووەوە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات و ئەگەر سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیشی هەبێت بە ئاراستەی ئامانجی باڵا کە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی رابەرایەتی بکات، ئەوا گومانی تێدا نییە جەماوەر لێبڕاوانە دوای ئەو ئامانجە دەکەوێت

ئەو حیزب و دەستەو گرووپانەی دەکەونە ژێرناوی ئەم کاتیگۆرییەوە لە خراپترین کێشەی ناوخۆدان و بەردەوام لە شپرزەیی و هەڵچووندا بن و ئاراستەی ئیشکردنیان نادیارەو پەرت و بڵاون و تەنانەت توانای هیچ جۆرە بڕیاردانێکی ئەوتۆیان نییە و هەر دەستەو گرووپ و تەنانەت هەر چەند بەرپرسێکیان هەریەکە ئاوازێك دەژەنێت. ئەوەش وایکردووە کە جۆرێك لە ونبوون و سەرلێشێواوی لە ناو ئەندام و لایەنگرانی ئەو جۆرە حیزباندا دروست ببێت، کە ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر جەماوەر دروست دەکات. ئێستا کورد لە قۆناغێکدایە بە بۆچوونی هیگڵی رۆحی گشتی کۆمەڵگە بەرەو بڵندبوون و گەیشتن بە ئاستی دەوڵەت دەچێت، کاتێك حیزبێك بەرنامەی دەوڵەتی نەبێت، مانای وایە رۆحی گشتی بڵندبوو دووچاری سەرکوتکردن و جۆرێك لە لادان دەکات. ئەو پشێوی و ململانێیانەی کە لە نێو حیزبی کوردیدا هەن و بە ئاشکراش ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژی نییە، ئەوە دەرئەنجامی سەرکوتکردن و لادانی رۆحی گشتی کۆمەڵگە، یان بەلایەنی کەمەوە لادانی رۆحی گشتی ئەندام و جەماوەری حیزبە.

دووەم، یان ئەم حیزبانە خاوەنی بڕیاری خۆیان نین و پەیوەست و وابەستەی داگیرکەرانی کوردستانن لە عەرەب و تورك و فارس، کە ئەویش لە پێناوی بەرژەوەندی حیزبی و تاکەکەسیدایە، نەك بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی. لە هەردووبارەکەشدا نوخبەی سیاسی و حیزبی بەرپرسیارە چ لە گەوجاندنی جەماوەرو گەیاندنی بەو ئاستەی کە بڕوای بەسەربەخۆیی و دەوڵەت لەق بێت. یان چ ئەوەی کە رووبەرێك لە بەرپرس و کادیری باڵاو مامناوەندی حیزبی کوردی راستەخۆو ناڕاستەخۆ شێوەی قسەکردن و دەربڕینەکانیان بەتایبەتی زۆرێك لەوانەی دەنگیان دەگاتە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن، رووتکراوەو بەتاڵکراوە بێت لە سادەترین توخم و رەگەزی نەتەوەیی و نیشتمانی. بەڵێ ئەوە نوخبەی سەرەوەی سیاسی کوردییە کە ئەو جۆرە پەروەردە حیزبییەیان داهێناوەو خستوویانەتە شوێنی پەروەردەکردنی نەتەوەییانەو نیشتمانییانەی ئەندام و لایەنگران و جەماوەری حیزبەکانیان. ئەمەش لە ئاگاییەوە بێت، یان نائاگایی دەبێتە خزمەت بە بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان و کاریگەری نەرێنیشی لەسەر ئایندەی نەتەوەو نیشتمان دەبێت.

بێگومان ئێستا بارودۆخی بابەتی لەباشترین باریدایە بۆ ئەوەی کورد بڕیاری سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆی بدات لە باشووری کوردستاندا. ئەوەش پێش هەموو شتێك دەبێ هەوڵبدرێت زەمینەسازی ناوخۆیی بۆ بکرێت کە بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ چ کێشە سیاسییەکان و چ کێشە ئابووری و داراییەکان. بەجۆرێك کە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ ببێتە دەروازەی زەمینەسازی بۆ یەکێتی و یەکبوونی ناوخۆ کە مەرجی یەکەمین و پێویستە بۆ ئەوەی کورد وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو بڕیاری چارەنووسسازانەی خۆی بدات. کاتێك ئەمەش پێکدێت رێگای یەکەمین بۆ بڕیاردانێکی لەم جۆرە گفتوگۆی هێمن و بابەتییانەو شارستانییانەیە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی تا بتوانرێت بە ئاشتی و بە رێککەوتن کوردستان لە عێراقی عەرەبی جیابکرێتەوە، کە ئەوەش لەبەرژەوەندی ئێستاو ئایندەی هەردوولادەبێت. بێگومان کورد لێرەوە لەم دەروازەوەو تەنیا لەم دەروازەوە دێتە ناو مێژووەوەو بەشداری بنیادنانی شارستانێتی مرۆڤایەتی دەکات، وەکو بوویەکی خاوەن شوناس و ئامادە لە ریزی ئەو نەتەوانەدا کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن.

وەکو گوتمان بارودۆخی بابەتی لەبارە، ئەگەر دەمانەوێت بێینە ناو مێژووەوەو چیتر لە پەراوێزدا نەمێنینەوە پێویستە زەمینە بۆ بڕیاردانی سەربەخۆیی ئامادەبکەین، ئەویش بەوە دەبێت کە لە پێناوی یەکێتی و یەکبوونی هەموو نەتەوەدا هەموو کۆسپ و بەربەستەکان بڕووخێندرێن. بەرپرسیارێتی یەکەمیش لە روخاندنی بەربەستەکان و زەمینەخۆشکردن بۆ ئەو یەکێتی و یەکبوونە کە زەمانەتی بڕیاردانی سەربەخۆیی و پاراستنی ئەنجامی بڕیارەکەش دەکات، پارتی دیموکراتی کوردستانە. بۆیە پێویستە پارتی لە پێناوی رێکخستنی ماڵی کورددا هیچ هەنگاوێك بە تەنازول نەزانێت و پێویستە بە جۆرێك کاربکات کە نەشیاو (مستحيل) بکات بە شیاو(ممكن). چونکە نەتەوە دەکەوێتە سەرووی هەموو حیزبەکانەوە بە پارتیشەوە، کەواتە هەموو حیزبەکان ئامرازن لە پێناوی ئامانجی باڵای نەتەوەدا، ئەگەر بە راست بڕوامان بەم بۆچوونە هەبێت، دەبێ خواستی تەسکی حیزبی بکوژین، هەتا ئامانجی باڵای نەتەوەیی لە دایك بێت و گەشە بکات و بژی.

**تاوەکو ئێستاش دەبێ ئەو هاریکارییانەی بۆ هێزی پێشمەرگە لە رۆژئاواوە دێت، دەبێت بە رەزامەندی بەغدای بەزیو لەبەردەمی داعشدا بگاتە کوردستان. هۆکارەکەش دیسان نەبوونی دەوڵەتی کوردییە**

**هیچ شتێکی کورد نابێت بە سرووشتی و باری ئاسایی وەرناگرێت تا ئەو کاتەی کە کورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، چونکە تەنیا لە دەوڵەتدا هەر نەتەوەیەک دەتوانێت گوزارشت لە بوونی خۆی بکات و بکەرێتی خۆی لەسەر زەمینەی واقیع و لە بەرامبەرو لە تەنیشت ئەوانی تردا بسەلمێنێت**

**مێژووی کورد لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە کورد وەکو نەتەوەو بە ناوی کوردەوە بەشداری بکات لە بەرهەمهێنانی شارستانێتیی مرۆڤایەتیدا، چونکە هیچ بەشداریکردنێک بە بێ بوونی شوناسی نەتەوەیی هیچ تۆمارێک بۆ نەتەوە دەستەبەر ناکات. شوناسی نەتەوەییش بەبێ بوونی دەوڵەتی نەتەوە مانایەکی نییە**




**مستەفا چاوڕەش**

**بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی بۆ گوڵان:**

# مام جەلال پێی دەگوتین لەنێوان یەکێتی و پارتی کێشە دروست ببێت ماڵی کورد وێران دەبێت

**ئەو قۆناخەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، قۆناخێکی هەستیارەو بەرەو گۆڕانکاریی گەورە هەنگاو دەنێت، ئەم گۆڕانکارییانە ئەگەر لەلایەکەوە جۆرێك لە گەشبینی و ئومێدی بۆ نەتەوەکەمان هەڵگرتبێت، ئەوا لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێك هەڕەشە و مەترسی و تەحەدداشی تێدایە کە پێشبینی دەکرێت رووبەڕوومان ببێتەوە، بەڵام خاڵی هاوبەش و نەگۆڕ بۆ هەردوولایەنی ئەم پێشهاتانە ئەوەیە کە دەبێت کورد یەکڕیز و تەبا و یەك هەڵوێست بێت، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی خێراترین بە ئاراستەی گەشبینی و بەهێزتر بێت لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە پێشبینی دەکرێت دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش جارێکی دیکە رووبەڕووی کوردستان ببێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان و گرنگیی تەبایی و یەکڕیزی لەنێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ مستەفا چاوڕەش بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێوە چ وەك پێشمەرگە و چ وەك سیاسەتمەدار زیاتر لە ٥٠ ساڵە لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان خەبات دەکەن، ئایا لەماوەی ئەم ٥٠ ساڵەدا چ گۆڕانکارییەك بەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هاتووە و بارودۆخی ئێستا چۆن دەخوێنیتەوە؟**

-قۆناخە جیاوازەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان جیاوازن و هەر قۆناخێك خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەکرێت، ئەوەی ئێستا دەیبینین درێژەپێدان و بەرهەمی خەبات و خوێنی شەهیدانە لە هەموو قۆناخەکاندا، بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئێستا پەندو وانە لە مێژووی رزگاریخوازیی خۆمان وەربگرین، بۆیە هەتا نەگەڕێینەوە بۆ ناو مێژوو و بە دیدێکی رەخنەییانە ئێستا و رابردووش نەخوێنینەوە، نازانین خۆمان ئێستا لەچ قۆناخێکداین، کەواتە بەردەوام مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان ئەو ژێرخانە شۆڕشگێرییە بووە کە هەنگاومان بۆ ئایندە لەسەر هەڵگرتووە، لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ توانیمان ببینە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمان کە ئەمەش هەنگاوێکی دیکەی بەرەوپێشەوە بردنی دۆزە رەواکەمان بوو، لە ساڵی ٢٠٠٣ بووینە بەشێك لەپرۆسەی رووخانی رژێمی بەعس، ئەمەش وەرچەرخانێکی دیکە بوو، بۆیە لەو ماوەیەی کە خۆم بە بیرم دێ هەر لە دوای حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ و دوای ئەویش عەبدولسەلام و هەردوو قۆناخی حزبی بەعس و ئەو خەڵکانەشی کە ئێستا لەبەغدا لەدەسەڵاتدان و دژایەتی مافە رەواکانی گەلەکەمان دەکەن، ئەوا چارەنووسیان لە چارەنووسی سەدام حوسین و حزبی بەعس باشتر نابێت. گەلی کوردستان گەلێکی مەزڵوومە، ئێمە نەچووینەتە سەر خاکی کەس و هیچ نەتەوەیەکمان نەچەوساندۆتەوە، بەڵکو ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە وەك نەتەوە و ئەوانیش وەك نەتەوەیەکی جیاواز هەردوولامان بە ئازادی پێکەوە بژین، ئەو شەهیدو قوربانییانەی داومانە هەر لە سەدان هەزار شەهید و زیاتر لە ١٨٢ هەزار ئەنفال و ئەنفالی ٨ هەزار بارزانی لە پێناوی ئەوە بووە کە بەسەربەستی و ئازادی لەسەر خاکی خۆمان بژین، ئێستاش بۆ ئەوەی ئەو هەلە مێژووییە هاتۆتەدەست ئەرك و بەرپرسیاریەتی هەموو لایەکە کە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین و رێز لە خوێنی شەهیدان و قوربانییەکانمان بگرین، دەبێت یەکڕیز و یەکدەست بین بۆ ئەوەی بتوانین ئەم قۆناخە تێپەڕێنین.

*** ئاشکرایە لە شەڕی دژی داعش، پێشمەرگە وێڕای ئەوەی ئیمکانیەتێکی ئەوتۆی لەبەردەست نەبوو، بەڵام توانی قارەمانانە بەرگری بکات، بەڵام بە بەرچاوی هەموو دنیاوە سوپای حکومەتەکەی مالیکی تەسلیمی داعش بوو، ئایا هۆکاری ئەم جیاوازییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئەو قارەمانەتییەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی داعش پیشانی جیهانی دا، رووداوێکی بێ وێنەیەو هەموو جیهانیش شاهیدی بۆ قارەمانیەتی پێشمەرگە دەدات، بەڵام سوپاکەی مالیکی لەماوەی چەند کاتژمێریکدا زیاتر لە ٥ فیرقەی بە هەموو کەلوپەلێکی سەربازییەوە رادەستی تیرۆریستانی داعش کرد، ئەوکات کە شەڕی داعش دەستی پێکرد، من بەرپرسی میحوەری جەلەولاو خانەقین بووم، ئەو سوپا تێکشاوە کە هەموویان شیعە بوون، بەلای ئێمەدا هەڵدەهاتن و وەك سوپایەکی تێکشکاو و

**راستە یەکەی ٧٠ و ٨٠ سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، بەڵام چەندین لیوای دیکەشمان هەن کە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە نین، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت هەنگاوەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی هێزی پێشمەرگە بەتەواوەتی دابین بکرێت و ئەو لیوایانەشی هەتا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوەو ئەوانەش لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکبگرنەوە**

**وەک هێزەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ بەیانێکمان دەرکردو رامانگەیاند کە ئێمە وەک هێزی پێشمەرگە نابینە لایەنگیری هیچ کێشەیەک و هەوڵی ئەوە دەدەین کێشە سیاسییەکان کاریگەری لەسەر پێشمەرگە نەبێت**

**ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی یەکریزی و یەکسەنگەری هێزی پێشمەرگەیە، خوانەخواستە ئەگەر درزێک بکەوتایەتە ناو هێزەکانی پێشمەرگە، ئەوا گەلەکەمان دووچاری مەینەتییەکی گەورە دەبووەوە و رەنگە داعش ئێستا زۆربەی شارو ناوچەکانی ئێمەی داگیربکردایە**

**هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە ناکشێتەوە کە بە خوێن ئازادی کردووەو گوێ لە هەڕەشە و گوڕەشەی خەڵکانی وەک مالیکی ناگرین و قسەکانی هیچ بەهایەکی نییە**

**راستە ئێستا مالیکی سەرۆک وەزیران نییە، بەڵام مالیکی سەرۆکی حزبی دەعوەیەو لە پشتی پەردەوە حوکم دەکات**

**مالیکی کەسێکی دژ بە کوردە و جێگەی باوەڕ و متمانە نییە، بەم دواییەش کە هات بۆ سلێمانی پڕ بەدڵ پێم ناخۆش بوو، تەنانەت ئەگەر پێشیان بوتمایە من نەدەچووم پێشوازی لە مالیکی بکەم**

لەبەریەك هەڵوەشاوە دەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری بەغدا، بۆیە ئەوەی شەڕواڵی عێراقی هەڵکێشایەوە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لەبەرامبەر تیرۆریستانی داعشدا، راستە لەسەرەتادا ئێمەش هەندێك شوێنمان کەوتە بەر شاڵاوی تیرۆریستانی داعش، بەڵام قۆناخ بە قۆناخ و لە هەر ٨ میحوەرەکەی پێشمەرگە لە جەلەولا تا شنگال توانرا ناوچەکانی خۆمان ئازاد بکەینەوەو لوتی تیرۆریستانی داعش بشکێنین، بەڵام دەبێت ووردبین بین و ئاگاداری ئەو راستییە بین کە دوای تەواوبوونی شەڕی دژی داعش کێشەمان لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی و عێراق دەست پێدەکات، ئەمەش ئەگەرێکی دوور نییە.

*** لێرەدا هەقە گلەیی لەئێوەش وەك پارتی و یەکێتی بکرێت، باشە کە ئەو پێشبینییەتان هەبووە کە دوای شەڕی داعش کێشەمان لەگەڵ حەشدی شەعبی بۆ دروست دەبێت، بۆچی نوێنەرانی کورد لەبەغدا دەنگیان بۆ یاسای حەشدی شەعبی دا؟**

- لەسەر ئەم پرسە من رەخنەی توند لە پەرلەمانتارەکانی یەکێتی و پارتی لە بەغدا دەگرم لەبەر ئەوەی نەدەبوو دەنگ بۆ یاسای حەشدی شەعبی بدەن و بیکەنە هێزێکی یاسایی کە تا ئێستا حکومەتی عێراق هیچ پابەندبوونێکی بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان جێبەجێ نەکردووە.

*** بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە ئێستا دەبێت چی بکەین؟**

- بۆ ئێستا یەکریزی نێوماڵی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو لایەنە سیاسییەکانە بێ جیاوازی و دەبێت هەموومان ئەمە بە ئەرکی سەرەکیی سەرشانی خۆمانی بزانین، بەڵام کۆڵەگە و بناخەی ئەم یەکبوون و یەکریزییە (پارتی و یەکێتی)یە کە دوو هێزی سەرەکین و خاوەنی هێزی پێشمەرگەن. من لێرەدا قسەیەکی جەنابی مام جەلال دەگێڕمەوە کە هەموو جار پێی دەگوتین: دەبێت زۆر ئاگامان لە بارودۆخی ئێستای کوردستان بێت، ئەگەر یەکێتی کێشەی لەگەڵ هەر لایەنێك بۆ دروست بێت کێشە نییە، بەڵام نابێت کێشەمان لەگەڵ پارتی هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بە دروستبوونی کێشە لەنێوان یەکێتی و پارتی، ماڵی کورد وێران دەبێت. ئەم قسەیەی مام جەلال قسەیەکی دووربینانەو واقیعییانە بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە وەك یەکێتی لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان و لایەنی دیکەش کێشەمان هەبوو، بەڵام زۆر گرنگ نەبوو، بۆ ئێستاش زۆر گرنگە جارێکی دیکە ئەو قسەیەی مام جەلال رێگەپیشاندەرمان بێت کە نەك هەر تەنیا یەکریزی نێوان پارتی و یەکێتی، بەڵکو یەکریزی نێوان پارتی و یەکێتی و سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێداویستی سەرەکیی ئەم قۆناخەیە، دەبێت هەموو لایەنەکان بە پارتی و یەکێتیشەوە لەدەوری یەك مێز کۆببینەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی رێکبخەینەوە و چارەسەری قەیرانەکانی ئەمڕۆی کوردستان بکەین.

*** ئایا پێتوایە بە رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرێتەوە؟**

- لە دواکۆبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی هەنگاوی زۆر باشیان هەڵگرتووەو خەڵك ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، لەلایەکی دیکەوە لایەنی یەکێتی بە یەکگرتوویی نێوان هەردوو باڵەکەی بەشداری کردووەو جەنابی کاك کۆسرەت لە کۆبوونەوەکە بەشدار بووە، بۆیە ئەم یەکریزییە هەم بۆ یەکێتی زۆر گرنگەو هەمیش خەڵکی کوردستان زۆریان پێخۆش بوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیش حیسابی وردی بۆ ئەم یەکریزییە کردووە، بۆیە ئومێدی من ئەوەیە لە کۆبوونەوەکانی چەند رۆژی دادێ زیاتر بچنەپێشەوە و پاشان بەهەموو لایەك هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرن. بۆیە کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی تەنیا بۆ کێشەی نێوان ئەو دوولایەنە نییە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی کوردستانە، بارودۆخی ئێستای کوردستان فەرزی کردووە لەسەر پارتی و یەکێتی کە ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن کە بەرژەوەندی گشتی لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوە سەیربکەن و خزمەتی خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی نەتەوەکەمان بکەن. هەروەها دەبێت خزمەتی پێشمەرگە بکەن و کەموکورتییەکانیان بۆ چارەسەر بکەن، گرنگە هەموو لایەك ئەو راستییە بزانێت کە ئێستا دەبینین ئەو هەموو کونسوڵخانەو نووسینگەی وڵاتانی دنیا کە لە هەولێر کراونەتەوە، بەرهەمی رەنج و قوربانیدانی خەباتی میللەتەکەمانە کە تەنیا لەشەڕی دژی داعشدا تائێستا زیاتر لە ١٦٠٠ پێشمەرگەمان شەهید بووەو نزیکەی ١٠ هەزار بریندارمان بووە، ئەمە تەنیا لەم شەڕی دژی داعشدا، بەڵام بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلوول

و شۆڕشی نوێ پارتی و یەکێتی دەیان هەزار شەهیدی دیکەیان داوە، بۆیە دەبێت ڕێز لەم خەبات و قوربانیدانە بگیرێت و بیر لەپێداویستییەکانی خەڵك بکرێتەوە، کە ئەمانەش هەموو بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی پارتی و یەکێتی و تەواوی لایەنە سیاسییەکان دەست پێدەکات.

*** ئێستا باس لە هاوپەیمانییەکی نوێ لە نێوان پارتی و یەکێتی، یان هەمەوارکردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دوای ئەوە پارتی و یەکێتی پێکەوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆدەبنەوە، ئایا ئەم یەکدەنگییەی پارتی و یەکێتی تاچەند بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسە سیاسییەکە گرنگە؟**

- ڕێککەوتنی ستراتیژی کە کاتی خۆی لەسەر دەستی مام جەلال و کاك مسعود بارزانی ئەنجامدرا بۆ ئەوە بوو لەسەر پێداویستییەکانی ئەو قۆناخە ڕێکبکەوین و هەنگاوی باشتر بۆ ئایندەی گەلەکەمان هەڵبگرین، دیارە بۆ ئێستای پارتی و یەکێتیش دیسان هاوپەیمانی، یان ڕێککەوتنێکی دیکە پێویستە، لەبەر ئەوەی پێداویستیی قۆناخەکە وادەخوازێت کە بە دیدێکی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ قۆناخی ئێستا بکرێت، قۆناخی ئێستا قۆناخێکی جێگیر نییەو لەگۆڕانکاریدایە، ئێستا شەڕی دژی داعش خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت، لەوانەیە دوای شەڕی داعش وڵاتانیش پێوەندییەکانیان لەگەڵ کوردستان وەك ئێستا نەمێنێتەوە، هەروەها لەوانەیە پێوەندی نێوان کوردستان و عێراق بچێتە قۆناخێکی دیکە، بۆیە لە ئێستاوە گرنگە خۆئامادەکردنێك هەبێت بۆ ئەم پێشهاتانەو تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە هەبێت بۆ ئەوەی بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی و بە بەهێزی لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان قسە بکەین. لەمەش زیاتر کاتی ئەوە هاتووە دوای ئەو هەموو شەڕ و قوربانییەی کە لەشەڕی دژی داعش داومانە، دڵی میللەتەکەمان خۆش بکەینەوەو ژیان و گوزەرانیان باشتر بکەین، ئەمەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی پارتی و یەکێتی.

*** ئێستا باس لەوە دەکرێت کە شاندێکی هاوبەشی کوردستانی بۆ وتووێژ لەسەر پرسی سەربەخۆیی سەردانی بەغدا دەکەن، ئایا تاچەند ئەم شاندە لەم ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت؟**

- گرنگە پێش ئەوەی ئەم شاندە بەرەو بەغدا بەڕێبکەوێت، خۆمان لەناو کوردستان یەکڕیزو یەکهەڵوێست بین. ئێمە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کاتێك تەباو یەکگرتوو بووین، توانیومانە ئامانجەکانمان بەدەست بهێنین، بۆیە کاتێك دەچین بۆ بەغدا تەنیا بەنوێنەرایەتی پارتی و یەکێتی ناچین، بەڵکو دەبێت هەموو لایەنەکان بەشداری بکەن بۆ ئەوەی بەیەك دەنگ لەگەڵ حکومەتی بەغدا قسەبکەین.

*** دیارە ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی یەکێتی لێکبترازێت، جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بوو، پێشتر پارتی و یەکێتی وەك دوو هێزی سەرەکی و بەهێز توانییان لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٩ دەستکەوتی گەورە بۆ گەلەکەمان بەدەست بهێنن، لەئێستادا تاچەند گەشبینی کە هاوپەیمانیی پارتی و یەکێتی هەمان زەمینە دروست بکاتەوە؟**

- من نامەوێت بچمە ناو وردەکارییەکانی پەیوەست بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە، ئەمە کێشەیەکە ڕەنگە گەیشتبێتە بنبەست و هیچ لایەکیش ئەمەی پێ خۆش نییە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێوەندی پارتی و یەکیتی، دیارە پارتی و یەکێتی وەك دوو هێزی سەرەکی لە کوردستاندا خاوەنی سەروەریی گەورەن، بۆ نموونە توانیمان پێکەوە ڕاپەڕین بکەین و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دابمەزرێنین و پێکەوە قۆناخ بە قۆناخ هاتووین و پاشان گۆڕان دروست بوو، دوای ئەویش گۆڕان بەشداری لە حکومەتی کابینەی هەشتەم کرد، ئێستاش ئەو کێشانە دروست بووە. من لێرەدا ئومێددەخوازم هێندەی هەوڵدەدەین لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵبدەینەوە، هەوڵبدەین کێشەکان چارەسەر بکەین، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کاك مسعود بارزانی پەیامێکی ڕاگەیاندووەو نەخشەڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دیاری کردووەو هەموو لایەنەکان بە کۆمەڵ و گۆڕان و یەکگرتووشەوە پشتیوانییان لێکردووە، بۆیە پێویستە هەموومان خاڵ بەخاڵ لەسەر ئەو بەرنامەیە کاربکەین و کێشەکان چارەسەر بکەین. بۆیە ڕاستە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی لە ڕابردوو کۆمەڵێك دەستکەوتی بۆ گەلەکەمان بەدیهێنا، بەڵام بێ کەموکورتیش نەبووین، بۆ ئێستاش دەبێت هەر بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، کێشە بەوە چارەسەر ناکرێت یەکتری ڕەتبکەینەوە، یان بیر لەوە بکەینەوە شەڕەتفەنگ بکەین، بەمانە کێشەی

**من وەک پێشمەرگەیەک و مرۆڤێک کە ناوم مستەفا چاوڕەشە دە هێندەی کاک مسعود بارزانی لە نوری مالیکی بێزارم، لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧ تا ئێستا کە دەکاتە نزیکەی ١٠ ساڵ باش ئەو ڕۆژانەم لەبیرە کە نوری مالیکی لەشکری هێنایە سەرمان و ویستی خانەقین داگیربکاتەوە**

**کاتی ئەوە هاتووە دوای ئەو هەموو شەڕ و قوربانییەی کە لەشەڕی دژی داعش داومانە، دڵی میللەتەکەمان خۆش بکەینەوەو ژیان و گوزەرانیان باشتر بکەین، ئەمەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی پارتی و یەکێتی**

**لەوانەیە دوای شەڕی داعش وڵاتانیش پێوەندییەکانیان لەگەڵ کوردستان وەک ئێستا نەمێنێتەوە، هەروەها لەوانەیە پێوەندی نێوان کوردستان و عێراق بچێتە قۆناخێکی دیکە، بۆیە لە ئێستاوە گرنگە خۆئامادەکردنێک هەبێت بۆ ئەم پێشهاتانەو تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە هەبێت بۆ ئەوەی بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی و بە بەهێزی لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان قسەبکەین**

**ڕێککەوتنی ستراتیژی کە کاتی خۆی لەسەر دەستی مام جەلال و کاک مسعود بارزانی ئەنجامدرا بۆ ئەوە بوو لەسەر پێداویستییەکانی ئەو قۆناخە ڕێکبکەوین و هەنگاوی باشتر بۆ ئایندەی گەلەکەمان هەڵبگرین**

**بارودۆخی ئێستای کوردستان فەرزی کردووە لەسەر پارتی و یەکێتی کە ئەو بەرپرسیارەتییە هەڵبگرن کە بەرژەوەندی گشتی لەسەرووی هەموو شتێکی دیکەوە سەیربکەن و خزمەتی خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی نەتەوەکەمان بکەن**

**ئەوەی شەڕوانی عێراقی هەڵگێشایەوە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لەبەرامبەر تیرۆریستانی داعشدا**

**ئەو خەڵکانەی کە ئێستا لەبەغدا لەدەسەڵاتدان و دژایەتی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دەکەن، چارەنووسیان لە چارەنووسی سەدام حوسێن و حزبی بەعس باشتر نابێت**

ناوخۆ چارەسەر نابێت و دەبێت هەمووومان لەئاستی پێداویستی ئەم قۆناخە نوێیەدا بین.

*** لەئێستاوە ئەو پێشبینییانەی باستکردن، هەندێکیان سەرەتاکەی دەرکەوتوون، ئەوەتا نوری مالیکی بەئاشکرا دەڵێت دەبێت هێزی پێشمەرگە لەو شوێنانە بکشێنەوە کە بە خوێنی پێشمەرگە ئازادکراون، ئایا ئێوە وەك فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە سەبارەت بەم قسانە چی دەڵێن؟ ئەمە لەکاتێکدا سەرۆك بارزانی دەڵێت: مالیکی بیێتەوە بە سەرۆك وەزیران ڕاستەوخۆ دەوڵەتی کوردستان ڕادەگەیەنم؟**

- پێش هەمــوو شت دەمەوێت ئـەوە بڵێم من وەك پێشمەرگەیەك و مرۆڤێك کە ناوم مستەفا چاوڕەشە دە هێندەی کاك مسعود بارزانی لە نوری مالیکی بێزارم، لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧ تا ئێستا کە دەکاتە نزیکـەی ١٠ سـاڵ بـاش ئـەو ڕۆژانـەم لەبیـرە کـە نوری مالیکی لەشکری هێنایە سەرمان و ویستی خانەقیـن داگیربکاتـەوە، ئەوکات بە پەلەپڕووسکێ فریاکەوتین و لەگەڵ مەلا بەختیار چووینە خانەقین و ماوەی سێ مانگ لەوێ ماینەوە، تا نەمانهێشت نـوری مالیکی خانەقیـن داگیربکات، هەروەها هەر ئەم نوری مالیکییە بوو هێزی دیجلەی دژی کورد دروست کرد و هات بەگژماندا، مالیکی کەسـێکی دژ بـە کـوردە و جێگـەی باوەڕ و متمانـە نییە، بەم دواییەش کە هات بۆ سلێمانی پڕ بەدڵ پێم ناخۆش بـوو، تەنانەت ئەگەر پێشیان بوتمایە من نەدەچووم پێشـوازی لـە مالیکی بکـەم، بۆیـە کاك مسـعود بارزانـی خـۆی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانەو پیاوێکـی بـە ئەزمـوون و شـارەزایە و دەزانێـت چی دەڵێـت. ئێمـە بڕوامان بـەوە هەیە لەگـەڵ عێراق بە ئاشـتی و دیالۆگ پرسـی سـەربەخۆیی بگەیەنینە ئاکام، ئەمەش پێویستی خۆی دەوێت و ئامادەباشی هەمـوو لایەنەکانی دەوێـت. مـن وای دەبینیم هێزو لایەنـە عێراقییـەکان جیـاوازن، بەڵام بۆ مەسـەلەی کوردو سـەربەخۆیی کوردستان هاوهەڵوێستن، ڕاستە ئێستا مالیکی سەرۆك وەزیران نییە، بەڵام مالیکی سـەرۆکی حزبی دەعوەیەو لە پشـتی پـەردەوە حوکم دەکات، بۆیـە مـن هیـچ دڵخـۆش نیـم بـە نـوری مالیکـی و کاك مسـعود بارزانـی بڕیـاری خـۆی داوە، سـەبارەت بە هەڕەشەکانی نوری مالیکیش بۆ کشـانەوەی هێزی پێشـمەرگە، ئێمە وەك پێشـمەرگە دەزانین چۆن ئەو خاکانە ئازادکراون، هاوسـەنگەری خۆمانمان بینیوە چۆن شەهیدبووەو پاشان پارچەکانی لەشـیمان کۆکردۆتـەوە، بۆیـە دەمێکـە مالیکی ئەو جۆرە هەڕەشانە دەکات، وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد هێشـتا داعش دروسـت نەبوو، کە مالیکی دژایەتی کوردسـتانی دەکـرد، ئـەم هەڕەشـانەی مالیکـی پێمـان دەڵێـت کـە جیاوازییەکـی ئەوتـۆ لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی عێراق نییە سـەبارەت بە دژایەتییان بـۆ کـوردو کوردسـتان، هەربۆیـە دوای ئـەوەی بودجـەو قووتـی خەڵکی کوردسـتانی بڕی، ئێسـتا هەڕەشەمان لێدەکات، بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە، دوای تەواوبوونی شەڕی داعش، هێزەکانی حەشدی شـەعبی دژی کوردسـتان دەجووڵێنێـت و دەکەونـە هەڕەشە و لەوانەیە تووشی شەڕێکی سەختی دیکە ببیـن، بۆیـە لـە پێشـبینی کردن بـۆ ئەم پێشـهاتانە گرنگـە پارتـی و یەکێتـی و تـەواوی لایەنەکان ئەم واقیعـە لەبەرچـاو بگرن و خۆیان بۆ ئەم پێشـهاتانە ئامادەبکـەن، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر خوانەخواسـتە هاتەپێشـمان بـە هێـزەوە ڕووبـەڕووی ببینـەوە. مـن ئومێد دەکەم شـەڕ نەبێت و جارێکی دیکە خوێن لە لووتی هیچ کەسێك نەیەت، بەڵام هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە ناکشێتەوە کە بە خوێن ئازادی کردووەو گـوێ لـە هەڕەشـە و گـوڕەشـەی خەڵکانـی وەك مالیکی ناگرین و قسەکانی هیچ بەهایەکی نییە.

*** ئـەوەی ئێسـتا لەسـایەی سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگە پێـی گەیشـتووین، ئەوەیـە ڕۆژانـە دەبینین کە سـەرۆکی دەوڵەتان و شاندی پایەبڵندی وڵاتـان دێنە کوردسـتان و سـەردانی سـەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکەن، ئایا چۆن سەیری ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییە دەکەیت؟**

- ئـەم دەسـتکەوتە بەرهەمـی خوێنـی پێشـمەرگەیەو دەبێـت هەمووومـان شـانازی پێـوە بکەیـن. لەسـەنگەرەکانی پێشـەوەی شـەڕی دژی داعـش هێزەکانی پێشـمەرگەی پارتـی و یەکێتـی و لایەنـەکان و خەڵکـی بێلایەنیـش خوێنیـان بۆ ئەم سەرکەوتنانە ڕشتووەو دەبێت هەمووومان شانازی پێوە بکەین، ئەو سـەرۆك و شـاندانەی دێنە کوردستان و سـەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکەن، جێگەی خۆشـحاڵییەو ئومێـد دەخوازیـن دوای تەواوبوونـی شـەڕی داعـش ئـەو دەوڵەتانـە زیاتـر پشـتگیریمان بکـەن و جێمـان نەهێڵـن، ئـەوەی تا ئێسـتا بەدەسـت هاتووە، کەم نییەو نابێت بەچاوی کەم سـەیربکرێت، هاتنی ئەو شـاندانەش بۆ کوردسـتان دەستکەوتێکی



نەتەوەییەو دەبێت سوودی لێوەربگرین و تەباو یەکڕیز بین بۆ ئەوەی ئەم دەستکەوتانە لەدەست نەدەین. لەلایەکی دیکەوە ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی یەکڕیزی و یەکسەنگەری هێزی پێشمەرگەیە، خوانەخواستە ئەگەر درزێك بکەوتایەتە ناو هێزەکانی پێشمەرگە، ئەوا گەلەکەمان دووچاری مەینەتییەکی گەورە دەبووەوە و ڕەنگە داعش ئێستا زۆربەی شارو ناوچەکانی ئێمەی داگیربکردایە، بۆیە ئێمە هەڵماندا بەهەموو لایەکمان کە کێشەو ململانێی حزبی کاریگەری لەسەر هێزی پێشمەرگە نەبێت، تەنانەت وەك هێزەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ بەیانێکمان دەرکردو رامانگەیاند کە ئێمە وەك هێزی پێشمەرگە نابینە لایەنگیری هیچ کێشەیەك و هەوڵی ئەوە دەدەین کێشە سیاسییەکان کاریگەری لەسەر پێشمەرگە نەبێت، سوپاس بۆ خوا وێڕای نەبوونی و کەموکورتی و پێداویستی و کەمی و دواکەوتنی مووچە، هێزی پێشمەرگە توانی خۆی لە کێشمەکێشی حزبی رزگاربکات و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی میللەتەکەمانی لەشەڕی دژی داعش پاراست.

*** بوونی هێزی پێشمەرگە بەیەك لەشکر وەك سوپای کوردستان زۆر گرنگە، دیارە پێشمەرگە خۆی لە کێشە سیاسییەکان دوورخستەوە، ئایا تاچەند ئێستا وەك یەك لەشکر و یەك سوپا یەکگرتووە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە دووبەشە، سەبارەت بە بەشی یەکەمیان، بەڵێ هێزی پێشمەرگە توانی یەکڕیز و تەبابێت و بەسەرکەوتوویی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، بەڵام زۆر کاری دیکەش ماوە کە پێویستە بکرێن بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە ببێتە ئەو لەشکر و سوپایەی کوردستان کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد. راستە یەکەی ٧٠ و ٨٠ سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، بەڵام چەندین لیوای دیکەشمان هەن کە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە نین، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت هەنگاوەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی هێزی پێشمەرگە بەتەواوەتی دابین بکرێت و ئەو لیوایانەشی هەتا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوەو ئەوانەش لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا یەکبگرنەوە.

**کاک مسعود بارزانی پەیامێکی راگەیاندووەو نەخشەڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دیاری کردووەو هەموو لایەنەکان بە کۆمەڵ و گۆڕان و یەکگرتووشەوە پشتیوانییان لێکردووە، بۆیە پێویستە هەموومان خاڵ بەخاڵ لەسەر ئەو بەرنامەیە کاربکەین**

# قەیرانی دیموکراسی.. چۆنیەتی چارەسەرکردنی



د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

زۆر لە توێژەرانی پرسی دیموکراسی لەوانەش لاری دایمۆند Diamond باس لە پاشەکشەی دیموکراسی دەکەن و لەئێستاشدا جیهان لە سەردەمی داکشانی دیموکراسیدا democratic roll-back دەژی و گەڕانەوەی حوکمڕانیی خۆسەپێن autocracy لە ئارادایە، هەر ئەوەندەش بەسە کە ببینین کێ لە هەنگاریاو بیلارووسیا و چین حوکم دەکات، چاوەڕوانیش دەکرێت کە ئەم جۆرە حوکمڕانییە گەیشتنی حزبە راسترەوەکانی بۆ دەسەڵات لێبکەوێتەوە، وەك فەرەنسا و هۆڵەنداو نەمساو سویسرا. ئەمانە ئاماژەن بۆ بوونی بەڵگەی هەبوونی دیاردەیەکی مەترسیدار کە جیهانی گرتۆتەوە ئەویش بریتییە لە قەیرانی دیموکراسی.

زۆر لە فەیلەسووف و زانایانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەدەی بیستەمدا لەم دیاردەیان کۆڵیوەتەوە لەوانە (هابرماز-Haber-mas، هنتکتن Huntington، ئوفە Offe، کروزیر Crozier)، ئەم ئاراستەو بۆچوونەش لە سەدەی بیست و یەکەمیش هەر بەردەوام بوو لەلایەن کروش و رانسییەو ولن، کە باس لە قۆناغی دوای دیموکراسی دەکەن Post-democracy، هەروەها هەر یەك لە مانین Manin و ستریك Streek، باسیان لە دیموکراسیی تەماشاکاران و دیموکراسیی کۆتدار کردووە، هەروەها هەر یەك لە میرکل و کۆلیکان باسیان لە دیموکراسیی بێتوانا یان کەموکورت کردووە، لەکاتێکدا هەریەك لە میشلسین Michelsen، فالتر Wal-ter باسیان لە دیموکراسیی ناسیاسی کردووە، بەڵام بلوهورن Bluhdorn باسی لە دیموکراسیی لاساییکراوە یان لاساییکردنەوەی دیموکراسی کردووە.

ئەم هەموو بۆچوونانە لە کاتی جیاوازدا ئاماژەی گرنگن بۆ ئەو کێشە گرنگانەی کە دیموکراسی وەك( چەمك و پیادەکردن) پێوەیان دەناڵێت، ئەم بۆچوونانە لەگەڵ وردەکاریی بەشەکانی قەیرانی دیموکراسی دەستیان پێکرد، بەڵام بە شرۆڤەکردنی سەرتاپاگیریی کێشەکان و قەیرانەکانی دەوروبەری دیموکراسی کۆتاییان هات، لەبەر رۆشنایی ئەم بۆچوونانەدا

پرسیارێکی سەرەکی هاتە ئاراوە: ئایا ئەم دیاردانە گوزارشت لە تەحەددای جیددی دیموکراسی دەکەن یان لە قەیرانێك کە دەوری دابێت؟

لە رووی مێژووییەوە خۆخەریککردن بە بابەتی دیموکراسی کۆنەو فیکری سیاسی هێناویەتە پێش، فیکری سیاسیی گریك لە سەردەمی گەشەسەندنی (سەدەی سێیەمی پێش زایین) دیموکراسیی داهێنا وەك رێگایەك بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی و دەسەڵات، پێش ئەویش پیادەکردنەکە هەبوو، بەڵام بەشێوەی بەرایی لە وڵاتی میسۆپۆتامیادا، لەلایەن پرۆفیسۆری ئەمریکی لە زانکۆی شیکاگۆ (جاکوبسن-Jacobson) ئەو ناوەی لێنرا بەوەی کە گوزارشت لە دیموکراسیی بەرایی primitive democracy دەکات.

بیرۆکەی دیموکراسی لە (دیموکراسیی راستەوخۆ)وە بۆ ( دیموکراسیی نوێنەرایەتی ) پەرەی سەند، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو پەرەسەندنانە بێ کێشەو قەیران بوون؟

دیموکراسی رەمەك و خولیایەکی سەختە کە خولیای حوکمڕانیی و دەسەڵاتە، بۆیە دەبینین کە توێژەری فەرەنسی ((ۋاسافي Christian Save`s)لە تێزە سەرنجراکێشەکەیدا Se` pattare de la democrarie: Thănatos et politique 2008 (ژێرخاککردنی دیموکراسی: خولیای مردن و سیاسەت) دووپاتی دەکاتەوە کە دیموکراسی قوربانیی خولیایە بکوژەکەیەتی، بەواتای ئەوەی کە خولیای مردن لە دیموکراسییەتدا لە خولیای مردن دەچێت لای مرۆڤ (بەپێی دیدگای فرۆید). بۆیە لەبەر بوونی ئەو خولیایە لە سایکۆلۆژییەتی دیموکراسیدا، دەبینین کە رووبەڕووی قەیرانگەلێکی سەخت بۆتەوە، یەکەمینی ئەو قەیرانانەش لە فەرەنسا لەساڵی ١٨٨٠ سەری هەڵدا، دواتر لەگەڵ قەیرانە سیاسییەکاندا لە ١٩٠٠ زیاتر بەدەرکەوت، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهان و لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن نوێنەرانی ئایدیۆلۆژییەتی دەسەڵاتخوازیی و تۆتالیتارییەوە زیاتر تەقییەوە، بەڵام لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا کەڵەکەی کرد و ئەمەش بووە هۆی شکستهێنانی سیستەمە پەرلەمانییەکان کە گوزارشتیان لە دیموکراسیی نوێنەرایەتیی دەکرد، ئەم شکستەش یەکێك بوو لە هۆیەکانی جەنگی دووەمی جیهان، کە ئەنجامەکەی لەناوچوونی ئەو ئاراستە خۆسەپێنانە بوو، هەروەها سەرهەڵدانی دیموکراسیی لیبرالی وەك سیستمی حوکمڕانیی.

بەڵام توێژەر (موفی Chantal Mouffe)، سەرنج لەوە دەدات کە نەریتە دیموکراسییەکان حوکمی یاسا و بەرگریی لە مافی مرۆڤ و رێزگرتنی ئازادیی تاك لەخۆدەگرن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەرنج دەدات کە نەریتە دیموکراسییەکان ئەو بیرۆکانەیان تێدایە کە پەیوەستن بە یەکسانی و ناسنامەی حوکمڕان و حوکمدراوان و سەروەریی میللی، مۆفی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پێویست ناکات پەیوەندیی پێویست لە نێوان هەردوو دیوی دیموکراسی و لیبرالیدا هەبێت، بەڵکو ئەم پەیوەندییە وەك گوزارشتێکی مێژوویی مەرجدارە، هەروەها بەبێ رەچاوکردنی ئەو جیاوازییە ئەستەمە لە قەیرانی سەردەمیانەی دیموکراسیی بگەین کە بریتییە لە قەیرانی رێکخستنەوە، زیاتر ئاماژەش بەوە دەکات کە دیموکراسی و لیبرالی یەك رەچەڵەك نین ، بەڵکو لە زۆر لایەنی گرنگدا دوو فیکری دژبەیەکن، بە شێوەیەك کە دەکرێ دیموکراسیگەلێکی نا لیبرال هەبن وەك دیموکراسیی راستەوخۆی پەتی، هەروەها شێوەو جۆرەکانی حکومەتی لیبرالی دەکرێ بە وردی حکومەتی دیموکراسی نەبێت، بۆیە بیرمەندی نەمساوی و هەڵگری خەڵاتی نۆبل لە ئابووری فریدریك فون هایك Friedrich von Hayek (١٨٨٩-١٩٩٢) لە کتێبە ناودارەکەی: دەستووری ئازادی The Constitution of Lieberty,١٩٦٠دا جیاوازیی لەنێوان دیموکراسی و لیبرالیدا دەکات، کاتێ وەسفی لیبرالی دەکات کە ئەو مەزهەبیە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە یاسای لەسەر جێگیردەبێت، بە نیسبەت ئەویشەوە دیموکراسی لە رووی گرنگییەوە بە پلەی دووەم دێت، چونکە مەبەستی باڵای سیاسەت بریتییە لە ئازادی کە نایەتەدی مەگەر کۆتی توند بخرێتە سەر چالاکیی حکومەت، لەم سۆنگەوە دەکرێ ئەوە بێنینەوە یاد کە بیرمەندی ئەڵمانی (کارل شمیت Karl Schmitt، ١٨٨٨-١٩٨٥)

**لە رووی مێژووییەوە خۆخەریککردن بە بابەتی دیموکراسی کۆنەو فیکری سیاسی هێناویەتە پێش، فیکری سیاسیی گریک لە سەردەمی گەشەسەندنی (سەدەی سێیەمی پێش زایین) دیموکراسیی داهێنا وەک رێگایەک بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی و دەسەڵات، پێش ئەویش پیادەکردنەکە هەبوو، بەڵام بەشێوەی بەرایی لە وڵاتی میسۆپۆتامیادا**

**بیرمەندی نەمساوی فریدریک فون هایک لە کتێبە ناودارەکەی: (دەستووری ئازادی)دا جیاوازیی لەنێوان دیموکراسی و لیبرالیدا دەکات، کاتێ وەسفی لیبرالی دەکات کە ئەو مەزهەبەیە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە یاسای لەسەر جێگیردەبێت، بە نیسبەت ئەویشەوە دیموکراسی لە رووی گرنگییەوە بە پلەی دووەم دێت**

**دیموکراسی سیستەمێکی دینامیکییە لەمیانی دامەزراوەو رێکارو رێکخستنەوە، بە کارلێکی هاووڵاتیان لەگەڵیدا (دەژی و بەردەوام دەبێت)، ئەم هەموو توخمانەی دیموکراسی یەکانگیرن و بە پێی کات دەگۆڕێن، ئەم گۆڕانکارییانەش لە رێی هەیکەلبەندی و داخوازییەکان و فشارەکانی سەر دیموکراسی روودەدەن**

جەختی لێدەکاتەوە کە کاتێ دیموکراسی زیاتر لیرالییەتی فراوانی تێدا بێت، ئەوا ئەو دیموکراسییە کەمتر دیموکراسی دەبێت.

بەم شێوەیە هەندێ کەس باس لە تێپەڕاندنی (دیموکراسیی نەریتی) دەکات بۆ قۆناغێکی دیکە کە ناویان ناوە (قۆناخی دوای دیموکراسی)، بەڵام نەك لەسەر بنەمای ئەوەی کە دیموکراسی گەیشتۆتە کۆتاییەکەی، بەڵکو بۆ پێشنیاری تازەکردنەوەی شێوەی دیموکراسی، بەڵام ئەم بۆچوونە رووبەڕووی کێشە بۆتەوە لەبەر ئەوەی کە زیاتر بە ئایندەی دەوڵەتەوە خەریك بوو وەك تەنیا قەوارەیەك زیاتر لەوەی خەریك بێت بە ئایندەی دیموکراسی.

کەواتە، ئایا ئێمە لەئێستادا لە رووبەڕووبوونەوەی فیکری و پیادەکردنی قەیرانی دیموکراسیداین؟

دیموکراسی سیستەمێکی دینامیکییە لەمیانی دامەزراوەو رێکارو رێکخستنەوە، بە کارلێکی هاووڵاتیان لەگەڵیدا (دەژی و بەردەوام دەبێت)، ئەم هەموو توخمانەی دیموکراسی یەکانگیرن و بەپێی کات دەگۆڕێن، ئەم گۆڕانکارییانەش لە رێی هەیکەلبەندی و داخوازییەکان و فشارەکانی سەر دیموکراسی روودەدەن، کاتێ لە ژینگەی دەرەوە یان لە میانی گۆڕانکارییە ستراتیژییەکانەوە دێن بەو ناوەی گوزارشت لە بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەویش بە هۆی گەمەکارە سیاسییەکان لەنێو سیستەمی دیموکراسیدا دەبێت، لێرەدا حکومەت و حزبە سیاسییەکان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن، لە هەمان کاتدا پەرلەمان و دادگا رۆڵی کەمتریان دەبێت، کاتێکیش دامەزراوەو رێکارەکان بێ ئاگا دەبن لەم فشارو داخوازییانە، ئەوا مەترسیی گۆڕینی لێ دەکرێت بۆ دۆخێك کە نەتوانرێت تێیدا ئەرکەکان ئەدا بکرێن، دواتر ئەدای حکومەت و سیستەمی سیاسی و دامەزراوە دیموکراسییەکان دادەبەزێت و شەرعییەتی سیستمی سیاسی دەکەوێتە ژێر هەڕەشە لەمیانی دابەزینی ئاستی بڕوا و متمانەبوونی گەل بەم شەرعییەتە.

کەواتە ئەو تەحەدییانەی روبەڕووی دیموکراسی دەبنەوە جیاوازو هەمەجۆرن، تەحەدییەکانی دەرەکی بریتین لەوانەی کە دیاردەی گلۆباڵیزم و بۆچوونە پارێزگارە تازەکان و بڕیارگەلی سیاسی دامەزراوەکانی سەرووی نیشتمانیی-supra-national institutions، و بەرزبوونەوەی ئاستی نایەکسانیی ئابووری- کۆمەڵایەتی درووستیان کردوون، بەڵام تەحەددیاتەکانی ناوخۆیی بریتین لە مەیلداری بۆ حزبە راستڕەوەکان، یان لەدەستدانی دەسەڵات و چالاکیی پەرلەمان، ئەم هەموو تەحەددیانە هۆکاری سەرەکیی ئەو قەیرانەن کە رووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە، ئەم قەیرانە بەردەوام دەبێت، ئەگەر سیستەمە سیاسییە دیموکراسییەکە هاوسەنگیی وردی بەهاداریی و وەزیفی دانەهێنێت و پەرەی پێ نەدات، کە حاڵەتی بێتوانایی وەزیفی و بەهاداریی سیستەمی دیموکراسی قەرەبوو دەکاتەوە، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە دوو مەرج بدەین بۆ سەرهەڵدانی قەیران لە سیستەمی دیموکراسیدا کە بریتین لە:

* کاتێ رێکارە دیموکراسییەکان دەگۆڕێن و چالاکی و ناوەڕۆکە بەهادارەکانیان وەك ئازادی و یەکسانی و چاودێریکردنی دەسەڵات لەدەست دەدەن.

* کاتێ هاووڵاتیان هەست بە حاڵەتی سەرەوە دەکەن و قایل نابن کە شەرعییەت بە حکومەت و سەرجەم سیستەمە دیموکراسییەکەی بدەن.

بەم شێوەیە هاووڵاتیان رەخنە لە حکومەت دەگرن و دەنگی پێ نادەن( واتا بە حزبێك یان بەو حزبانەی لە حکومەتدان)، ئەمەش ئەو چرکەساتەیە کە حوکمڕانە هەڵبژێردراوەکان بەرەو دەسەڵاتخوازی دەچن، ئەگەر لەو حاڵەتەدا نەبن کە حوکمڕانیی گەلیان لا قبوڵ بێت، ئەمەش دوای ساڵی ٢٠٠٠ لە فەنزوێلا و ئیکوادۆرو پۆلیفیاو هەنگاریا روویدا.

بەم شێوەیە دیموکراسی دەکەوێتە نێو قەیرانێکی قووڵەوە کە بەسەر دوو جۆری قەیراندا دابەش دەبێت: قەیرانی رووکەشیی قووڵ و قەیرانی داپۆشراو یان شاردراوە، قەیرانی توند لەمیانی بێتوانایی و بێ کارامەیی حکومەت لە ئەدای ئەرکەکانیدا سەرهەڵدەدات، کە دواتر دەبێتە هۆی هاتنەئارای دیاردەگەلێکی مەترسیدار و سیستەمی سیاسیی رادەماڵێت، وەك خۆپیشاندان و نارەزاییەکان کە دژی سیستەمی سیاسی ئەنجام دەدرێن، هەندێ جاریش گوزارشت لە خۆی دەکات بە رێگەی نا ئاشتییانە. دەرئەنجامی

ئەو قەیرانە قووڵانە جیاوازن، هەندێ جار دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی سیستەمی دیموکراسی، یان دامەزراندنی حوکمڕانیی دەسەڵاتخوازی، وەك ئەو قەیرانانەی لە ئیتاڵیا(١٩١٩-١٩٢٢)،لە ئەڵمانیا (١٩٣٠-١٩٣٣)، و لە ئیسپانیا(١٩٣٦-١٩٣٩)، لە یۆنان (١٩٦٥-١٩٦٧)، لە چیلی(١٩٧٠-١٩٧٣) سەریانهەڵدا، بەڵام ئەو جۆرە قەیرانانە هەندێ جار پەلدەکێشن بۆ چاکسازیی ریشەیی کە هاوسەنگیی بۆ سیستەمە دیموکراسییەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام نموونەمان بۆ ئەمە کەمە، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە سلۆفاکیا بکەین، کاتێ دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٨ توانیان (مجیار Vladimir Meciar)ی سەرۆکی سلۆڤاکیا لە حوکم لابەرن دوای ئەوەی کە دەنگیان پێ نەدایەوە، بەڵام هەندێ جار دەگەڕێنەوە بۆ سیستەمی دیموکراسی بە هەموو کەموکورییەکانیشیەوە، لێرەدا ئاماژە بۆ دۆخی ئەرجەنتین دەکەین(١٩٩٨-٢٠٠٢)، کاتێ رووبەڕووی قەیرانی ئابووری و دراو بووەوە، هەرچەندە سیستەمی دیموکراسیشی بۆ گەڕایەوە، هەمان شتیش راستە بۆ دۆخی هەر یەك لە ئۆکرانیا و کرواتیا دوای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم.

لەبەر ئەوە، هۆکارەکانی ئەم قەیرانە توندە یان ئابوورین، یان لاوازیی دامەزراوە دیموکراسییەکانە، یاخود سەرهەڵدانی پێکدادانی چەکدارییە، بەڵام دەرچوون لەم قەیرانە زۆرجار لای گەمەکارە سیاسییەکانە.

لە حاڵەتی قەیرانی شاردراوە یان داپۆشراودا، ئەنجامەکانی لەوەدان کە نابنە هۆکاری هەرەسهێنانی سیستەمی دیموکراسی، بەڵام کاریگەرییان بۆ سەر توانا و لێهاتوویی دەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی بچێتە قۆناخی دوای دیموکراسییەوە، هەروەك هەردوو توێژەر (کروش Crouch و رانسییر Rancie`re) جەختی لێدەکەنەوە، تەنیا رووگەی دامەزراوەیی لە سیستەمی دیموکراسیدا دەمێنێتەوە، هەروەها توێژەر (ستریك Streeck) ئاماژەی پێ دەکات، یانیش تەنیا دیموکراسی لەگەڵ بوونی کەموکوریی هەروەك پرۆفیسۆری ئەڵمانی ئۆفە Offe باسی دەکات، ئەم بۆچوون و رەخنانە لەلایەن راسترەوو چەپەکانەوە بە ناونیشانی جیاواز خرانەڕوو، بۆ نموونە : فەیلەسووف هابرماز بە قەیرانی شەرعییەت ناوی دەبات، پرۆفیسۆر ئۆفە بە قەیرانی هەیکەل Structure، بەڵام توێژەر ئۆکونەر ناوی قەیرانی دارایی لێناوە، کەچی کرۆزەر بە قەیرانی بێتوانایی حوکمڕانیی ناوی دەهێنێت.

جا بۆ ئەوەی دەستنیشانکردنێکی وردی قەیرانی دیموکراسی بخەینەڕوو، پێویستە سێ ئاست شی بکەینەوە:

* ئاستی یەکەم: پەیوەستە بە گەل و ئەوەی کە لە دیموکراسیی دەوێت و لێی تێدەگات، ئایا بەم بارودۆخی ئەو دیموکراسییە پیادەکراوە رازییە یان نا؟

* ئاستی دووەم: پەیوەستە بە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی شارەزایان کە پێوانەو نۆرمی جۆری دیموکراسییەکە پێشکەش دەکەن، هەروەها چاودێریی نەبوونی لێهاتوویی و کارامەیی دیموکراسی دەکەن کە سەرەتاکانی قەیران لە دیموکراسی پێکدەهێنێت.

* ئاستی سێیەم: پەیوەستە بە پێویستبوونی ئەنجامدانی شیکردنەوەی وردیی دیموکراسی. کەواتە ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، دەکرێ چەند دەرئەنجامێك دەربارەی قەیرانی دیموکراسیی سەردەم بخەینە روو:

* کێشەکانی دیموکراسی کە کێشەی بەردەوامن و ناکرێ وێنای هیچ دیموکراسییەك بەبێ کێشە بکرێت.

* ئەو کێشانە دەبنە هۆی دروستبوونی قەیران یان قەیرانی زۆر بۆ دیموکراسی.

* مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانە و دوای ئەوانیش، ئەو کێشانەی کە دەبنە هۆی گۆڕانکاریی لە سرووشتی دیموکراسی و دانانی رێگەچارەی گونجاو.

* کەڵەکەبوونی قەیران و کێشەکان لە دیموکراسیدا و مانەوەیان بێ چارەسەر یان پێشکەشکردنی نیوە چارەسەر، یان چارەسەری ناتەواو ئەنجامی مەترسیداری بەدوادا دێت، ئەویش سەرهەڵدانی بۆچوونی حوکمڕانی دەسەڵاتخوازی یان بواردان بۆ گەشەسەندنی پۆپۆلیستی Populism.

* دیموکراسیی باش یان سەقامگیر پشت بە هێز و خۆڕاگریی هێزە دیموکراسیخوازەکان دەبەستێت لە پڕکردەوەی گۆڕەپانی سیاسی بە پرەنسیب و بەها دیموکراسییەکان.

**دیموکراسی دەکەوێتە نێو قەیرانێکی قووڵەوە کە بەسەر دوو جۆری قەیراندا دابەش دەبێت: قەیرانی رووکەشیی قووڵ و قەیرانی داپۆشراو یان شاردراوە، قەیرانی توند لەمیانی بێتوانایی و بێ کارامەیی حکومەت لە ئەدای ئەرکەکانیدا سەرهەڵدەدات**

**هاووڵاتیان رەخنە لە حکومەت دەگرن و دەنگی پێ نادەن (واتا بە حزبێک یان بەو حزبانەی لە حکومەتدان)، ئەمەش ئەو چرکەساتەیە کە حوکمڕانە هەڵبژێردراوەکان بەرەو دەسەڵاتخوازی دەچن، ئەگەر لەو حاڵەتەدا نەبن کە حوکمڕانیی گەلیان لا قبوڵ بێت**



*** ئایا پێتوایە بە بەراورد بە ئیدارەی باراك ئۆباما ئیدارەی ترەمپ سیاسەتێکی تەواو جیاواز دەگرێتەبەر؟**

- بەڵێ، من چاوەڕوانی هاتنەدی هەندێ گۆڕانکاریی گەورە دەکەم، ئەویش هەم لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ لەناو ئەمەریکاو هەم لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی. لە پێوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چین، کە چاوەڕوان دەکرێت ئیدارەی ترەمپ زیاتر لەنزیکەوە کار لەگەڵ رووسیا بکات و هێزی زیاتر بۆ شەڕکردن لە دژی داعش رەوانە بکات.

*** بەڵام ئایا ئەولەوییەتی جیاواز بەدی ناکەیت لە نێوان ئەمەریکا و رووسیادا لە پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە، یاخود بە چارەسەرکردنی دۆخی سووریاوە؟**

### جەیمس مەککان پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی هێزو فرەیی بۆ ناوچەکەو بەشێک لە چارەسەر بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی سەقامگیر

**جەیمس مەککان، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی پیردۆ، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسی لە زانکۆی کۆلۆرادۆ بەدەست هێناوە، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك رای گشتی و سایکۆلۆژیای سیاسی و پارتە سیاسییەکان، پێشتریش توێژەر بووە لە پرۆگرامی دیراساتی حوکمڕانی لە ئامۆژگای برۆکینگز. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە چەند پرسێکی گرنگ بوونە تەوەری پرسیارەکان، وەك سیاسەتی داهاتووی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رکابەریی ئیقلیمی نێوان چەند هێزێکی وەك ئێران و سعودیە و پرسی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لەتێڕوانینەکانی خۆی کرد.**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، لە راستیدا من پشێبینی دەکەم شەڕکردن لە دژی داعش وەك ئەولەوییەتێکی باڵا بمێنێتەوە، دواتر من لەو باوەڕەدام جیاوازییەکە پتر لەو ئامرازەدا بێت کە دەگیرێتەبەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکە، نەك لە خودی ئامانجەکە خۆیدا.

*** ئایا ئەمەریکا و رووسیا هەڵوێستی جیاوازیان نییە لە ئاست پرسی مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا؟**

- لە راستیدا پێموایە لە سایەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ئامادەییەکی زیاتر دروست دەبێت بۆ بواردان بە ئەسەد بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە لە سووریا.

*** بەڵام پێتوانییە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا مایەی نائارامی و نەهامەتی زیاتر بێت؟**

- بەڵێ، بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە مانەوەی ئەسەد مایەی ناسەقامگیری دەبێت، لەبەر ئەوەی لە زۆر رووەوە شەرعییەتی لە دەست داوە، لەگەڵ

ئەوەشدا، پێموایە ترەمپ پتر تەرکیز لەسەر شەڕی داعش دەکات، نەك لەسەر رژێمی ئەسەد. کەواتە ئەوە جیاوازییەکەیە بە بەراورد بە سەرۆك ئۆباما.

*** هەموو مەزەندەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە شەڕی داعش یەکێك بێت لە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا، بەڵام هەموو لایەکیش دەزانێت کە خودی نەخۆشییەکە داعش نییە، بەڵکو داعش دەرهاویشتەی سیاسەتی مەزهەبگەرایی نێوان شیعەو سوننەیە، ئەگەر کێشەی سوننە و شیعە چارەسەر نەکرێت، بە تێکشکاندنی داعش کێشەکە چارەسەر نابێت، ئایا تا چەند گرنگە ستراتیژیەتێکی هەمەلایەن بۆ شەڕی دژی داعش بگرێتەبەر، ئەمە واتە هاوشانی پلانە سەربازییەکە پلانێکی سیاسی هەبێت؟**

- ئێوە ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ دەکەن، کە پەیوەستە بە رەگ و ریشەی کێشەکانەوە، من نازانم ئیدارەی نوێ چۆن مامەڵە لەگەڵ رەگ و ریشەی گرفتەکاندا دەکات، کە پەیوەستن بە هەستی دژ بە ئەمەریکا بوون، یاخود نەبوونی دەرفەت، هەرچەندە پێموایە ئیدارەی نوێ بە هەمان ئەندازەی ئیدارەی ئۆباما بایەخ بە ریشەی کێشەکان نادات.

*** ئایا تا چەند ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە بنیادنانی نەتەوەو پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات؟**

- لە راستیدا بە پشتبەستن بەو لێدوانانەی تا ئێستا سەرۆك ترەمپ گوزارشتی لێکردوون، ئەوا ئەو پرسانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن نابنە ئەولەوییەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا، بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما. بەڵام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی تەقلیدی پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ ستوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بوون، ئەوا هیوادارام — بە چاوپۆشین لەوەی کێ سەرۆکە- ئەو بەهایانە بمێننەوە. بەڵام لەسەر بنەمای ئەوەی تا ئێستا ترەمپ گوزارشتی لێکردووە، ئەوا ئەم مەسەلانە نابنە ئامانجی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا.

*** ئایا پێتوایە هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا دەستتێوەردانەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا دەرئەنجامی خوازراویان لێنەکەوتۆتەوە؟**

- لە راستیدا ئەوە وەسفکردنی دروستە بۆ دۆخەکە.

*** شەڕی دژی داعش سەلماندی کە تەنیا هێزێك لە دەرەوەی ململانێی سوننە و شیعە بە جددی شەڕی داعش بکات، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئێستا لە عێراقدا کوردستان بۆتە دەوڵەتێکی ئەمری واقیعی سەربەخۆ و داعشی تیا نەماوە، ئایا تا چەند گرنگە بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا کە پشتگیری کوردستان بکات بۆ ئەوەی ببێتە نەوایەکی ئارام بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە ناوچەکەدا؟**

- لە راستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە ئایا هەڵوێست و تێڕوانینی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا چی دەبێت؟ دەبێت ببینین ئایا کابینەکەی حکومەتەکەی چۆن دەبێت و چ کێشەگەلێك لەنێو ئەجێنداکەیدا دەستنیشان دەکرێت؟ بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت ئامادەییەکی بەهێزی هەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوا پێویستە هاوکاری لەگەڵ کورددا بکات، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەقامگیرییەی لە کوردستاندا هەیە، هەروەها ئەو ژێرخانەی لەوێدا بنیادنراوە. لەبەر ئەوە ئەگەری هەیە هاوکارییەکی بەردەوام هەبێت لەگەڵ ئەو هەرێمەدا، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم ئەوە نەبۆتە بەشێکی گرنگ لە گوتاری سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکا.

*** بۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە، ئایا پێتانوایە کورد شایستەی ئەوەیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی هاوکاری و پشتیوانی زیاتر بکرێت؟**

- بەشێوەیەکی گشتی پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەو هەرێمەدا، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە، نەك تەنیا ئەمەریکا، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەگەڵ ئەو هەرێمەدا بکەن، هەروەها باوەڕم وایە ئەگەر ئێوە بتانەوێت سەرکەوتووانە داعش تێکبشکێنن و سەقامگیرییەکی راستەقینە بەدی بێنن، ئەوا پێویستە ئەم کارە هاوکات بێت بە بنیادنانی دامەزراوەکان کە هاوشان بێت بە ئەندازەیەکی گەورە لە هاوکاری و چاودێری نێودەوڵەتی.

*** حاڵی حازر لە کوردستاندا خواستی سەربەخۆیی لەئارادایە، ئایا بیروبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە لە عێراقدا هێشتا کارو کۆششی زۆر ماوە

**باشترین دۆخێک کە بێتەئاراوە ئەوەیە دووبارە ئیسرائیل خۆی پابەند بکاتەوە بەو چارەسەری ئاشتییانەی کە بوونی دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت**

**لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا پێشبینی ئەوە دەکرا تورکیا پتر ئاوێتەی رۆژئاوا بکرێت، بەڵام پێموایە لە سایەی ئیدارەی ترەمپ کەمتر بایەخ بەم پرسە دەدرێت**

کە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی دۆخە سیاسییەکەو هەروەها دۆخە ئابوورییەکەش. ئەوەی پێوەندی بە کوردستانەوە هەبێت، ئەوا ئەم هەرێمە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی هێز و فرەیی بۆ ناوچەکەو دەکرێت ببێتە بەشێك لە چارەسەر بۆ بنیادنانی دەوڵەتێکی سەقامگیر.

*** هەژموون و باڵادەستیی ئێران لە ناوچەکە وایکردووە، عەرەبستانی سعودیە هاوپەیمانییەکی عەرەبی دژی هەژموونی ئێرانی رابگەیەنێت و بە ئاشکراش لەیەمەن شەڕی حوسییەکان دەکات، بەڵام هێشتا سعودیە نەیتوانیوە ببێتە پارسەنگی هێز بۆ ئێران، ئایا بۆ دروستکردنی باڵانسی هێز لەگەڵ ئێراندا تا چەند مەزەندە دەکرێت دەوڵەتانی عەرەبی ببنە هاوپەیمانی ئیسرائیل دژی ئێران؟**

- پێدەچێت لە مەودای نزیکدا ئەوەی ئێوە پێشنیاری دەکەن رێی تێبچێت، بەڵام لە مەودای دووردا هاوپەیمانێتیەکی درێژخایەن دروست نابێت، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە هاوپەیمانێتییەکی لەو چەشنەی ئێوە باسی دەکەن درێژەبکێشێت و بەردەوام بێت.

*** بەڵام پێتوایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا رێکاری توندتر بگرێتەبەر دژی ئێران، بەتایبەتی کە ترەمپ رایگەیاندووە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی کە لەگەڵ ئێراندا واژووکراوە رێککەوتنێکی زۆر خراپەو پێویستە هەڵبوەشێندرێتەوە؟**

- رەوایە ئەو پێشبینییە بکرێت، بەتایبەتی کە دۆناڵد ترەمپ و کەسانی دەوروبەری رەخنەی توندیان لە ئۆباما گرتووە لەبارەی رێککەوتنی لەگەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوە بۆی هەیە پێچەوانەبوونەوەی سیاسەتەکان بەدی بکەین لەو رووەوە.

*** ئایا ئەگەر ئەوە هەیە ئەم رێککەوتنە هەڵبوەشێندرێتەوە؟**

- لە راستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین، بەڵام کەسانێك هەن لەنێو ئیدارەی ترەمپدا کە بەم ئاراستەیە کاردەکەن.

*** بەڵام لە رووی یاساییەوە ئەمەریکا دەتوانێت تاکلایەنە ئەم رێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە؟**

- ئەوە راستە کە ئەمە رێککەوتنێکی چەند لایەنەیە، بەڵام ئەمەریکا دەتوانێت لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە و پێوەی پابەند نەبێت.

*** تورکیا یەکێکە لە هاوپەیمانە گرنگەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، زۆر لە چاودێران پێیانوایە پێویستە ئەمەریکا سیاسەتێکی تازە بەرامبەر تورکیا پیادە بکات، لەبەر ئەوەی ئێستا هەستێکی توندی دژی ئەمەریکا لەناو رای گشتی تورکیا هەیە، بۆیە ئەگەر تورکیا نەگێڕدرێتەوە بازنەی سیاسەتی خۆی، ئەوا تورکیا زیاتر بەرەو رووسیا ملدەنێت و پاشانیش بە بەرژەوەندی باڵادەستیی ئێران لە ناوچەکە دەکشێتەوە، ئایا تا چەند گرنگە تورکیا بەهێز بێت بۆ ئەوەی ببێتە پارسەنگی هێز بەرامبەر ئێران و ئایا پێویستە ئەمەریکا لەم رووەوە چی بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. لە راستیدا پرسیارەکە هەر ئەوە نییە ئەمەریکا چی پێدەکرێت، بەڵکو دەبێت پرسیاری ئەوەش بکەین ئایا ئەورووپاش دەتوانێت چی بکات، بەڵام ئەمە ساتەوەختێکی تایبەتیە، لەبەر ئەوەی یەکێتی ئەورووپا کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە و سیاسەتی ئەمەریکاش گۆڕاوە، ئەوا پێموایە تورکیا سەقامگیرییەکی کەمتر بەخۆوە دەبینێت. لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا پێشبینی ئەوە دەکرا تورکیا پتر ئاوێتەی رۆژئاوا بکرێت، بەڵام پێموایە لە سایەی ئیدارەی ترەمپ کەمتر بایەخ بەم پرسە دەدرێت.

*** ئایا پێشبینیەکانت بۆ داهاتووی ئەم ناوچەیە چین؟**

- من پێموایە باشترین دۆخێك کە بێتە ئاراوە ئەوەیە دووبارە ئیسرائیل خۆی پابەند بکاتەوە بە چارەسەری ئاشتییانەی کە بوونی دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت. لەگەڵ پاراستنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا لەلایەن ترەمپەوە، هاوکات بە هاتنەئارای هەندێ سەقامگیری لە عێراقدا، هاوشان بە ئیحتیواکردنی ئەسەد و راگرتنی پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە. بەڵام ئایا ئەم سیناریۆ گەشبینە ئەگەری روودانی هەیە، ئەوا ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە. دۆناڵد ترەمپ خوازیاری چەسپاندنەوەی هێزی ئەمەریکایەو خوازیاری هاوکاری زیاترە لەگەڵ رووسیادا، ئەو خۆی پەیوەست کردووەتەوە بە باڵی راستڕەوی ئیسرائیل، ئەمانەش دەبنە فاکتەری ناسەقامگیری نەك سەقامگیری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، هەرچەند پێموایە کە حکومەتەکە و ئاراستەی سیاسەتی دەرەوە زۆر جیاواز دەبن لە ماوەی چەند ساڵی کەمی داهاتوودا.

**دۆناڵد ترەمپ و کەسانی دەوروبەری رەخنەی توندیان لە ئۆباما گرتووە لەبارەی رێککەوتنی لەگەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوە بۆی هەیە پێچەوانەبوونەوەی سیاسەتەکان بەدی بکەین**

**ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت ئامادەییەکی بەهێزی هەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوا پێویستە هاوکاری لەگەڵ کورددا بکات، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سەقامگیرییەی لە کوردستاندا هەیە، هەروەها ئەو ژێرخانەی لەوێدا بنیادنراوە**



# چاککردنی ژینگەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دوای قۆناغی داعش



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و لەبنەما گشتییەکانی ژینگەپارێزی ئەوەیە کە یەکەم: ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەت و بێ زیاندا مافێکی دەستووری هەر مرۆڤێکە.

دووەم: ئاشتی پارێزەری ژینگەیەو جەنگ و شەڕیش دوژمنی ژینگە و پێکهاتەکانیەتی.

سێیەم: ئاسایشی ژینگەیی بەشێکە لەئاسایشی نیشتمانی.

چوارەم: ژینگە موڵکی نەوەکانی داهاتووشە، پێویستە بەخاوێنی ڕادەستیان بکەین.

بۆیە لەم ڕووانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وێرای زیانە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و دەروونییەکان، زیانێکی گەورەشی بە ژینگەی ئەو ناوچانە گەیاند کە کردیە مەیدانی شەڕی خۆی، لەو ناوچانەش ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمە.

بۆیە لەپێناوی چاککردنی ژینگەی ئەو ناوچانە لەقۆناغی دوای داعشدا پێویستیمان بە داڕشتنی ستراتیژیەتێکی درێژخایەن هەیە بۆ:

١- پاراستن و چاککردنی ئەو ژینگەیەو گەشەپێدان بە کوالێتی ژیانی دانیشتووان.

٢- کارکردن بە چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام.

٣- نەخشەکێشان بۆدانانی سیاسەت و پلانێکی ژینگەیی بە هاریکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی نێودەوڵەتی.

٤- بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی خاوێن و نوێبووەوە.

٥- پشتبەستن بەچەمکی ئابووریی سەوز و تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگە.

٦- کارکردن بە سیستمی ریسایکلینگ بۆ رزگاربوون لە پاشەڕۆ و خاشاك و دووبارە بەکارهێنانەوەیان.

٧- ئەنجامدانی (هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی EIA) بۆ گشت پڕۆژەکان.

٨- ئەنجامدانی ڕووپێوێکی ژینگەیی بۆدامەزراندنی بنکەیەکی زانیاریی ژینگەیی و دیارکردنی نەخشەی شوێنە پیسبووەکان و پاشماوە مەترسیدارەکان.

٩- بایەخدان بە بەرنامەی هەڵگرتنەوەی مین و پاشماوەی تەقەمەنییەکانی جەنگ و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کەلەو ژینگەیە کەوتوون.

١٠- پاراستنی زیندە جۆرەکان (بایۆدایڤێرسیتی)و دامەزراندنی ناوچە پارێزراوەکان و پاوانە سروشتییەکان.

١١- هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە ژینگەییە جیهانی و هەرێمایەتییەکان.

١٢- هەوڵدان بۆ پاراستنی ناوچە سروشتییەکان و شوێنەوارە کەلتوورییەکان لەچوارچێوەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاساو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

لەم پێناوەشدا پێویستیمان بەزۆر میکانیزم دەبێت لەوانە:

یەکەم: لە قوتابخانەو خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکان



١- بایەخدان بە چەمکی پەروەردەی ژینگەیی و وەك وانە لە باخچەی ساوایان و ناوەندکانی خوێندن و خوێندنی باڵادا بخوێنرێت.

٢- داهێنانی پێشبڕکێی ژینگەیی و کردنەوەی یانەی ژینگەیی لە قوتابخانەکاندا و پەیڕەوکردنی سیستەمی خەڵاتکردن بۆ قوتابیان لە بواری ژینگەپارێزیدا.

٣- ئامادەکردنی باس و توێژینەوەی تایبەت بە ژینگە لەلایەن زانکۆ و پەیمانگاکان و بایەخدانی زیاتر بە ماستەرنامە و دکتۆرانامەی بەدەستهێنراو لە بواری ژینگەدا.

دووەم: میدیاو هۆکارەکانی راگەیاندن

١- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی زیاتری بەرنامە ژینگەییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ژینگەیی.

٢- بایەخدان بە دەستخستن و دەرخستنی زیاتری زانیاری لەبارەی ژینگەوە.

٣- هاوکاریکردن لەگەڵ زانایانی ئایینیدا بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتی ژینگەپارێزی لەگەڵ وتارە ئایینییەکاندا.

سێیەم: رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە ژینگە

١- کۆکردنەوەی تواناکانی گشت رێکخراو و کەسایەتییەکانی بواری ژینگە لەو ناوچانەدا.

٢- چەسپاندنی چەمکی کاری خۆبەخشی لەبواری ژینگەپارێزیدا.

٣- رێکخستنی کەمپینی ژینگەیی بۆ بیرخستنەوە بە کێشەکانی ژینگە.

٤- هەوڵدان بۆ بەخۆماڵیکردنی ئەزموونە جیها نییە کا ن .

٥- کردنەوەو کاراکردنی پەیج و سایتی ئەلکترۆنی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە.

چوارەم : کەرتی تایبەت

١- بەخشینی ئارەزوومەندانەی بەشێك لە یارمەتییە داراییەکانیان وەك سپۆنسەر بە رێکخراوە ژ ینگە ییە کا ن.

٢- هەوڵدان بۆدامەزراندنی کارگەی تایبەت بە ریسایکلینگ و پڕۆژەکانی دۆست بە ژینگە.

پێنجەم: پەرلەمانتاران

١- پشتگیریکردنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە لە بەرژەوەندی پاراستن و چاککردنی ژینگەی ئەو ناوچانەدان.

٢- چاودێریکردنی وردی چالاکییەکانی هەردوو کەرتی گشتیی و تایبەت لە ڕووی ژینگەوە.

٣- هەوڵدان بۆ تەرخانکردنی بڕێکی باش لە بودجەی ساڵانە بۆ بواری ژینگەپارێزی.

شەشەم: حکومەت

١- باشترجێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە پاراستن و چاککردنی ژینگە.

٢- تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بەچاککردنی پێکهاتەکانی ژینگەی ئەو ناوچانە.

٣- داواکردنی تواناو هاوکاری لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگە.



جۆناسان کاڤرلەی

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ڕووداوەکان سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاراستە دەکەن، نەک فەلسەفەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کاندیدەکان

**جۆناسان کاڤرلەی، پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی و دیراساتی ئەمنی لە ئامۆژگای تەقەنی ماساشوتس، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسی لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەست هێناوە، پێشتریش لە چەند زانکۆیەك وانەبێژ بووە، وەك زانکۆی نۆرسوێستێرن و ئیڤانستۆن. بۆ شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەددییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئەگەر لەو کەسایەتییانەوە هەڵسەنگاندنێك بکەین کە دۆناڵد ترەمپ دەستنیشانی کردوون بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئیدارەکەیدا هەڵبگرن، ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چین کە پێشبینی دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی نوێی ئەمەریکادا بەدی بێن؟**

- یەکێك لە جیاوازییە زەقەکان ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییانەی پاڵێوراون بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوە بەڕێوە ببەن، خاوەنی ئەزموونێکی گرنگن لە حکومەتدا. بۆ نموونە پاڵێوراوی وەزیری دەرەوە زۆربەی ژیانی پیشەگەرییانەی خۆی لە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلدا بەسەر بردووە. یان ژەنەراڵن و بەم دواییە خانەنشین کراون. دەکرێت ئەمەش ئاماژەگەلێکمان پێبدەن لەبارەی ئەو ڕێچکەیەی کە ئیدارەی نوێ لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە دەیگرێتەبەر.

*** کەواتە پێتوایە کام یەکێك لەو پاڵێوراوانە لە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکادا پتر کاریگەر دەبێت؟**

- لەبەر ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن، ئەوا مەزەندەی ئەوە دەکەم کە وەزیری بەرگری ژەنەڕاڵ ماتیس، زۆر دەستڕۆیشتوو دەبێت لە حکومەتەدا بە بەراورد بە دەزگای هەواڵگری و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و وەزارەتی دەرەوە.

*** بەم دواییە بینیمان کە ئیدارەی باراك ئۆباما ڕێگری نەکرد لەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش کە ئیدانەی ئیسرائیلی کرد لەسەر مستەوتەناتەکان، هەروەها وەك سزایەك لەسەر دەستتێوەردانی ڕووسیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا کۆمەڵێك دیپلۆماتکاری ئەو وڵاتەی دەرکرد، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم هەنگاوانەی ئیدارەی ئۆباما چییە؟**

- سیاسەتی ئەمەریکا بۆ ئیدانەکردنی مستەوتەنە ئیسرائیلییەکان لە خاکە داگیرکراوەکاندا تەواو گونجاوە لەگەڵ سیاسەتی چەندین ئیدارەی دیکەی ئەمەریکادا. بەدڵنیاییەوە، گۆڕانکارییەکی گەورە دەبێت ئەگەر بێتو ئیدارەی ترەمپ دان بە یاساییبوون و شەرعیبوونی مستەوتەناتەکاندا بنێت.

*** بەپەلەترین و سەختترین تەحەددی کە ڕووبەڕووی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا ببێتەوە، بریتیە لە دۆخی دژواری سووریاو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش، ئایا تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەحەددییانە زەمینەیەکی هاوبەش لەنێوان ئەمەریکا و ڕووسیا دروست بێت؟**

- ئەگەر تێکشکاندنی داعش لە سووریا تەنیا ئەولەوییەتی ئیدارەکە بێت، ئەوا هاوکاری نێوان ڕووسیاو ئەمەریکا مانای دەبێت. بەڵام داعش سنووری لەعێراق و سووریادا بڵاوبۆتەوە، منیش گومانم هەیە لەوەی کە هێنانەئارای هاوکاری لەنێوان ئەمەریکا و ڕووسیادا (ئەمە ئەگەر هیچ شتێك نەڵێین لەبارەی عێراقەوە) کارێکی ئاسان بێت.

*** بەڵام کێشەی ئەم ناوچەیە دەوڵەتی شکستخواردووە، ئایا تاچەند ترامپ لەپرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور دەکەوێتەوە؟**

- جۆرج ئێچ بۆش-یش لێدوانی هاشێوەی دا، پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتەدەست، بەڵام ئێمە دەزانین ئەوە ڕووداوەکانن کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاڕاستە دەکەن. نەك فەلسەفەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کاندیدێك.